# رۆژنامەگەری

## مێژووی سەرهەڵدانی

## رۆژنامەگەری لە جیهاندا

و:فاتیح سەلام

چاپی یەکەم
٢٠١٠

**ناوی کتێب: رۆژنامەگەری**

**پەیدابوونی رۆژنامەگەری و پەرەسەندنی لە چەرخە کۆنەکاندا**

**وەرگێر: فاتیح سەلام**

**دیزاینی بەرگ: ئارام لوقمان**

**دیزاینی ناوەوە: زانیار هەڵەبجەیی**

**چاپخانە: چوار چرا – سلێمانی**

**نۆبەت و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم – ٢٠١٠**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی** (١١٠٢) ی ساڵی ٢٠١٠

---

**لەبڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ**

**سەرنوسەر (حەبیب محەممەد دەروێش)**

## مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری لە جیهاندا

لەگـەڵ دروسـتبوونی مرۆڤـدا, خـوای گـەورە و بەخـشندە هـەوڵی خۆشەویستی و پەیپێبردنی گەڕان و گەڕانی بە دوای زانیارییەکاندا پێبەخشیوە لەپێناوی دڵنیابوونەوەی لەو دەوروبەرەی ناوخۆدا کە تیادەژێت. مرۆڤ و زانیاری و زمان و ئاخاوتن لە کاتێکی پێویستدا سەریانهەڵدا, چونکە مـرۆڤ دەزانێت چۆن کاربکات و بیری لێبکاتـەوە. سروشـتی دروسـتبوونی کۆمەڵایـەتی مـرۆڤ وایلێـدەکات کـە گرنگـی بـە دەوروبەرەکـەی بـدات, بۆیـە پێویـستە ئامرازێـك بدۆزێتەوە بۆ گوزارشتکردن لە بیرورا و بۆچوون و خواستەکانی. بـە واتـا دنیـای گەیاندنی هەواڵ دنیای پێشخست نەك هەڵکۆڵینە بەردینەکانی میـسر و چین و لای عـەرەب و ئـەوانیتر لـە گـەلانی کـۆن کـە تـەنها جۆرێکـە لـە جۆرەکـانی رۆژنامەگەری لە چەرخە کۆنەکاندا بە درێژایی (٤٠٠٠) چوار هـەزار سـاڵ کـە جۆرێك بووە لە بلاوکردنەوە و راگەیانـدن یـان رۆژنامەگـەری کـۆن, لـە چـەرخە کۆنەکانی یەکەمدا تێکەڵی ئاوێنەیەکی گەورە بووە لە خـەیاڵ و بـوون بـە پێـی ئارەزووی بیسەران بۆ حەوانەوە و پشوودان, سەرگوزەشتەی لـەو بابەتانـەش زۆر لە ناو خەڵکیدا دەماودەمی دەکرد ودەمایەوە, ئەوە بۆ ئەوە دەبوونـە چیرۆك و فۆلکلۆر, ئەوەی کە مێژوونووسێکی وەك (یوسف فیلافوس) وتوویـەتی راسـتە, کە مێژوونووسان راسپێردراون کە رووداو وکارەساتەکان تۆماربکەن, ئەوەی کـە (نیروز) لە سەدەی سێیەمی زایینـدا پـشتی پێبەسـتوو لـەو کتێبەیـدا بـە نـاوی (دانیین)کە روونیدەکاتەوە رۆژنامەگەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر کۆنە و لە چەرخە پێشێلکراوەکاندا زانراوە. رۆژنامەگەری بە وێنەی فـەرمان دەسـتیپێکرد

کە حکومەت و فەرمانڕەواکانی کۆن نێردراوەکانی خۆیان بە نووسراوی سەر گەلای قامیش و ژاژ دەنارده ئەو شوێنانەی وەك وێستگە وخاڵی یەکگرتنەوەی نێردراوەکان دەستنیشان کرابوو تا ئەو پەیام و فەرمانانە لەوێوە بلاوبکات و بگاتە دەستی پادشا و فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمەی هەرێمەکان. بە گەیشتنی بۆ دانیشتوانەکان روونده‌کرایەوە و زۆر جاریش جارچی جاڕی بۆدەدا. جگە لەوەش دەسەلاتدار وحکومەتەکانی کۆن, هەڵکۆڵینی سەربەردیشیان هەبووە کە چەندین جۆرە بەردیان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. بۆ هەر مەبەستێکیش جۆرە بەرد و نەقش و نیگارێکیان بەکارهێناوە, بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی ئەو بەردانە دەنێردرانە پەرستگاکان کە خەڵکێکی زۆر روویانتێدەکرد. یەکێك لەو بەردانە کە ئامرازێك بووە بۆ وەستانی بەردی کۆن میسره کە دیار و بەرچاو بووە کە لە ناوەراستی سەدەی بیستەمدا دوو دانەی لێدۆزراونەتەوە کە یەکێکیان لە کاتی هێرشەکانی ناپلیۆندا بۆ سەر ولاتە ئینگلیزەکان بردیان و لە بەریتانیا دایاننا, ئەویتریشیان پاشتر دۆزرایەوە کە ئێستا لە ولاتی میسره. نووسراوی سەر ئەو بەردانەش بە سێ هێڵ دیاریکراون کە هێڵی نووسینی (یۆنانی) و(دیموتیکی) و(هیرۆکلیفین)یە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (بەتلیموس) کە نزیکەی (١٩٦) ساڵی پ. ز.

کە مەبەستیش لەو نووسینە بلاوکردنەوەی ئەو بڕیارە بووە کە کۆمەڵەی ئایینی لەو شارە دەریکرد. هێڵی یۆنانیش هێن یۆنانییەکان خۆیان بووە و هێڵی (دیموتیکی)ش بۆ هەموو میللەت بووە و هێڵی (هیرۆکلیفین)یش سەر بە

(کەهینەکان) بووە. ئەو بەردەش کە پێی دەگوترا بەردی (رەشید) رۆژنامەیەکی بەربلاو بووە. ئەمەیان لە ولاتی میسر ساڵی (١٩٢٨) پارچە بەردێکی نەقش و نیگار لەسەرنەخشێنراو لە کۆلۆنیای ئەڵمانیا و لە دوورگەی (کریت) دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پ . ز و بە یۆنانیش لەسەری نووسراوە. هەمان پارچە تەختەدارێکی هاوشێوەی ئەو هێل و نیگارەش لە ولاتی (ئوستراليا)دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دوو هەزار ساڵ کە لە شێوەی بلاوکردنەوەی ژنهێنان و بانگهێشتکردنەکانی رۆژنامەکانی ئەم سەردەمەیە. لە شارستانیەتی رۆژهەلاتی کۆنیشەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵی پ. ز. فیرعەونەکان لەسەر گەلا و پەلکی قامیش و ژاژ کاری رۆژنامەگەرییان کردووە کە لە لاپەڕە سەرەتاییەکانیدا هەواڵی سەرنجڕاکێش و بابەتی هەستیاریان تیا پیشاندراوە، هەروەها لە پەرستگای (هیبس) نیگارێکی هەڵکۆڵدراو هەیە کە بڕگەی یاسایی نێوان دەسەلات و بەندکراوانی لەسەر کێشراوە. بۆ مسۆگەرکردنی راستی و یەکسانی و کۆکردنەوەی باج و هوشیاریدان بە سزای تاوانی تەشەنەکردوو کە گرنگترینیان (بەرتیل)ە و هەواڵی درۆ و..تاد.(یوسف فیلافوس) کە مێژوونووسێکی جوولەکەیە پێیوایە کە (بابلییەکان) مێژوونووسێکی وایان هەبووە کە تۆمارکردنی رووداوەکانیان پێسپێردراوە کە شکۆمەندییان وەك رۆژنامەنووسانی ئەمرۆی دنیایە. بابلییەکان لە کۆندا ناوبانگییەکی رێك و پوختەیان هەبووە, لە میسریش و لە سەردەمی(مەلیك حەمورابی)دا ساڵی

(٢١٠٠)پ . ز لوتکەی نەمریی خۆی بە دەرچواندنی یەکەم رۆنامە تۆمارکرد کە (کۆمەڵەی حەمورابی بۆ یاسا) مامۆستایانی مێژووی یاسا ئامادەیان کردبوو کە یەکەمین رۆژنامەی دەستاودەست بوو لە نێو خەڵکیدا وەك ئەلوەقائیع ئەلمیسرییە(الوقائع المصریە) و رۆژنامە فەرمییەکانیتر کە یاسا و گەلاڵەنامەکانی تیا بلاّوەکرێنەوە. تێکرای شارستانییەتە کۆنەکانی وەك شارستانیەتی چین و رۆمان هەواڵی نەخشەکێشراویان هەبووە, ساڵی (٥٩)پ. ز.کە (یولیوس) فەرمانڕەوایی کەوتەدەست, رۆژنامەیەکی نەخشەکێشراوی بلاّوکردەوە بە ناوی (ئەکتادیورنا-actaclurna) یانی رووداوەکان کە هەواڵی دانیشتنی پیران و هەڵمەتە جەنگییەکان و هەندێ هەواڵی کۆمەلاّیەتی و لەدایکبوون و ریسوایی و تاوان و سەرپێچی تیا بلاّوەکردەوە. رۆژنامەکەش پەیامنێری لە زۆربەی شارەکانی ئەو ولاّتە هەبووە کە زیاتریان فەرمانبەرانی دەوڵەت بوون.

## سەرەتاکانی رۆژنامەگەری لە ئەوروپا

لە چەرخەکانی ناوەراستدا پاپا رووداوەکانی ساڵی لەسەر تەختەیەکی سپی تۆمارکرد و لەماڵەکەیدا هەڵیدەواسی بۆ ئەوەی هاولاّتیان لە دەوری کۆببنەوە, کاتێك بینی رۆژانە ئەو ژمارەیە لە زیادبووندایە, بیری لە فراوانکردنەوەی کارەکەی کرد هەستا بە دەرچواندنی بلاّوکراوەیەکی بەربلاّوی گشتی کە جۆرە لاپەڕەیەکی باو بوو وەك رۆژنامەکانی ئەمڕۆ, پاشان کردی بە بلاّوکراوەیەکی خولی(دەوری) کە شوێنی ئەوانەی پێشوتری گرتەوە بە درێژایی

ئەو ماوەیە هەواڵی بۆ کاروبارە بازرگانییەکان بلاّودەکردەوە لە ولاّتانی ئەوروپا بە جۆرێك کە"ڤیەننا"ی پایتەخت بووە ناوەندی ئەم جۆرە بانگەشانە کە لە هەموو شار و شارە گەورەکاندا نووسەران کاریان بووە نووسینەوەی ئەم جۆرە هەوالأنە بەتایبەتیش لە ئینگلتەرا لەسەر لاپەڕەی هەواڵ (news sheets) لەکاتی جەنگی سیدا(١٦١٨-١٦٤٨) بەم جۆرە نامەهەواڵی دەستنووسی بووە بە دیاردەترین رووی رۆژنامەگەری لە سەدەی چوارەمدا و لە ئەوروپا بەتایبەتیش ئیتالّیا و ئینگلتەرا و ئەڵمانیا کە بازرگانەکانی هەواڵ و نووسین, لەسەر خواست و داوای کەسایەتییە دەوڵەمەندەکان دەیاننوسی بەتایبەت ئەو دەوڵەمەند و کەسایەتییانەش بنکەیەکی جەماوەری فراوانیان هەبوو و خەڵکێکی زۆریان لە دەور کۆببووەوە. ئەم نووسەرانەش نووسینگەی هەواڵی چوست و چالاکییان هەبوو لە شێوەی رێکخراودا بۆ داهاتی خۆیان تینووی هەواڵ بوون و بەردەوامیش لەکاردابوون. لە ماوەی سەدەی پانزەهەم و بەشێك لە سەدەی شانزەهەم, لەم جۆرە نووسینگانە لە شاری (بندقیە) زۆربوون, جگە لە هەندێ ولاّتی ئەوروپیتر. بۆ ئەم مەبەستە ئەو هەواڵ و نووسینە بازرگانانە, کۆیلەیان دەکڕی یان بەکرێیاندەگرت بەتایبەت ئەو کۆیلانەی خوێندەوار بوون, بۆ راپەڕاندن و راییکرنی کاری رۆژانەیان. پاشان بە دەستگیری بەسەر بەشداربوواندا دابەشیاندەکرد بەتایبەت هەواڵنامە گشتییەکان کە جیاواز بوو لەو هەواڵنامانەی کە زانیاری تایبەتی بۆ گەورە سیاسەتمەداران و پیاوانی دەوڵەمەندی تیابوون. لەم سەروبەندەشدا برایانی (فوجرز) بەناوبانگترین

بازرگانی هەواڵ بوون کە شاری (ئوجربرج)یان کردبووە بارەگای خۆیان, لەپاڵ بوونی چەندین نووسینگەیتریان لە شارەکانی وەك (لەندەن) و (پاریس) و (شوێنەکانیترکە پایتەختە ئەوروپیەکانە). برایانی (فوجرز) لە کاری بانکەکاندا پسپۆر بوون. لەگەڵ نووسین و بلاۆکردنەوەی هەواڵی سیاسی,هەواڵی پارە و داهات و دارایی بازرگانی پڕ بەها و نرخیشیان بۆ پیاوانی دەوڵەمەند و بازرگانەکان بلاۆدەکردەوە. پاش قۆناغی نووسین لەسەر گەڵا و پەلکی قامیش و قەڕەم, جۆرێکیتر لە نووسین هاتە ئاراوە ئەویش نووسین بوو لەسەر رووی تەختەودار تا گەیشتنە ئەوەی قاڵبی دارین یان چاپی قاڵبی دارین بەکاربێنن, لەمەشدا(فینقییەکان) داهێنەری کاغەز بوون کە توانیان بۆ جارێکیتر چاپی قاڵبی, پاش نەخش و نیگار لەسەر پارچە تەختە بهێننە ئاراوە کە دواتر ئەوەی لە دەوری نووسینەکە بوو بەتاڵیاندەکردەوە وئەویتر بە زەقی و قۆقزی دەمایەوە و مەرەکەبیان پیادادەکرد تا ژمارە و تیراژی پێویستی لێچاپبکەن.

لە ولاّتی چینیش ئەم پرۆسەیە پیادەکرا و بەکارهێنرا کە (بی شینگی یەکەم) بە پارە کڕی و لە داهێنانێکی تازەترا و لە سەردەمی (شینگ لی) لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەمدا کە ئەوروپا ئۆرستوکراتی بوو, ئەم جۆرە چاپەی پێشکەش بە دنیای ئەو سەردەمە کرد کە چەندین کتێبی بەنرخ و نایابیان پێ لەچاپدا و بلاۆدەکردەوە. لە سەدەی پانزەهەمی زایینیدا ولاّتانی رۆژئاوا بەو دیارییە شادبوونەوە کە (شینگ لی) بە پیتی جۆراوجۆر دایهێنا, بە مەش بیرۆکەکە گەشەی زیاتری سەند, تا داهێنەرێکی ئەڵمانی لە ناوەراستی

سەدەی پانزەهەمدا توانی پیتی لە کان دروستکراوی لە یەکتر جیاواز دروستبکات کە ئەویش زانای بەناوبانگ (یوحنا گۆتنبرگ)بوو کە لەدایکبووی ساڵی (١٤٠٠)ی شاری (مینز) ی وڵاتی ئەڵمانیا بوو.

(گۆتنبرگ) درکی بەوەکرد کە خوێندنەوە و نووسین تەنها بڕاوەتە باڵای خواپێداو و دەوڵەمەندەکان و هەژارەکانیشی لێ بێبەشە کە ئەویش بە هۆی سیستەمی لەبەرگرتنەوەوەبوو, ئەوانەی کە نووسینەکانیان لەبەرگرتنەوەی بۆ دەکرد لە بەرانبەر پاداشتێکی زۆردا کە کەس نەیدەتوانی تەنها دەوڵەمەندەکان نەبێت. بۆیە (گۆتنبرگ) دووبارە بیری لە لەبەرگرتنەوەی نووسینەکان دەکردەوە, ئەویش بە داهێنانی پیتی کانزایی چاپ کە لە یەکتر جیاکرابوونەوە. ئەمەش کودەتایەکی فیکری لێکەوتەوە کە پێشتر هیچ شوێنێك بە خۆوەی نەدیبوو. بەم داهێنانەش توانرا کەلتووری نەوەکانی پێشوو بپارێزرێو, نەوەکانی داهاتوویش بتوانن فێری زانست و زانیاری پەرەپێدانی چاپەمەنی بن بۆخزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی رۆژانەدا. لێرەشەوە گێڕانەوەیەکیتریش هەیە کە دەڵێت: داهێنەری راستەقینەی چاپ پیاوێکی بە رەگەز هۆڵەندی بوو, بە ناوی (لۆران کوستر)کە توانیویەتی بۆ یەکەمجار لەسەر توێکڵی دار چاپکردن بەدەستبێنێ کە چەند دروشمێکیشی لەسەر چاپکردوون کە پاشتر پیتی لەیەکتر دابڕاوی داهێناوە کە لە ساڵی (١٤٢٣)دا ئەو پیتانەی بە قورقۆشم و جغجغە دروستکردووە. هەر ئەوکاتەش کەسێك بە ناوی (فاوست)ەوە کە لەلای ئیشیکردووە هەموو کەرەستە و تفاقەکانی چاپەکانی لێدزیووە و

بەرەو(ئەمستردام) هەڵهاتووە و لەوێشەوە خۆی گەیاندووەتە شاری (مینز)ی ئەڵمانی و هەرلەوێش (گۆتنبرگ)ی ناسیووە و هاوکاریکردووە لە بلاۆکردنەوەی ئەمجۆرە هونەرە کە دواتر (گۆتنبرگ) دەبێتە داهێنەری راستە قینەی ئەم زانستە پڕ بەهایە کە زۆربەی نووسەران ئەو هەواڵە پشتراستدەکەنەوە کە پێشتر چەندین هەوڵی (لۆران کوستر)ی هۆڵەندی بۆ بەدیهێنانی ئەو زانستە لەئارادا بووە. ئەوەش سەلمێندراوە کە یەکەم کتێبێك بە پیتی لەیەکتر جیاواز چاپکرابێت (ئینجیل )بووە کە بەرزمانی لاتینی لە نێوان سالأنی (١٤٥٢-١٤٥٥)ی زایینیدا لە شاری (مینز) چاپکراوە کە ناوی (گۆتنبرگ)ی لەسەرە. پاش ئەو ئەزموونە سەرکەوتووە داواکاری لەسەر زۆربوو, لەوێشەوە بلاۆبوونەوەی پیتی لەیەکتری جیاواز لە ئەڵمانیاوە سەرچاوەی گرت بە جۆرێك لە ماوەی کەمتر لە (٥٠) ساڵێکدا, لە ئەڵمانیا (٤٠) هەزار چاپکرا و بلاۆکرایەوە کە تیراژیان خۆی لە نزیکەی (٢٠) ملیۆن دانە بوو. پاش سەرکەوتنی بیرۆکەی تازەی چاپ, کە لە ئەڵمانیاوە بەرەو ولأتانی ئەوروپا لە سالأنی (١٤٥٦-١٤٨٧)ی زایینی تەشەنەیکرد, ئیتالیاش دوای ئەڵمانیا لەم بوارەدا هاتەپێش. پاشان وردەوردە بۆ ولأتانی دەوروبەری تا گەیشتە (تورکیا)و ساڵی (١٥٥٣)ش رووسیا بەم زانستە گەیشت، بەلأم ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی (١٨٣٦) فێری ئەم زانستە بوون و شارەزاییان لێی پەیداکرد. پاشان بەردەوام چاپەمەنی لە پەرەسەندندا بووە, بە رێژەیەك دەتوانرا زۆرتر لەو ژمارە کتێب و نووسراوانەی لەبەربگرنەوە کە دەگەیشتە زۆربەی ولأتانی دنیا و

بە تیراژێکی فراوان و زۆرتر. سەرەرای پێشکەوتنی چاپ و چاپەمەنی, بەلاّم هێشتا هەواڵنامەی دەستنووس و لەبەرگیراوە تا سەدەی هەشتەم هەر مابووەوە یانی پاش سێ سەدە لە داهێنانی چاپیش کە ئەو هەواڵنامانە کەلێنێکی باشی پڕدەکردەوە کە رۆژنامەگەری نەیدەتوانی لەو کاتەدا بە ئاسانی پڕیبکاتەوە، چونکە سانسۆر و چاودێریکردنی حکومەت بەردەوام لەسەر رۆژنامەگەری توند شەتەکدرابوو, درفەتێکی ئەوتۆی نوزەندانی بۆ نەهێشتبوونەوە. ئەمەش گرنگی و بایەخێکی زۆری بەخشیبووە هەواڵنامەی دەستنووس.

لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا بلاّوکراوەی دەستنووسی بۆنەکان (مناسبات) پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی, کە شانبەشانی هەواڵی رۆژنامەکاندا رۆڵێکی باشیان هەبوو بۆ مسۆگەرکردن و بلاّوکردنەوەی هەواڵ تا لە ساڵی (١٧٨٩) تۆڕێکی هەواڵیان بۆ تۆڕی رۆژنامەگەری چاپکراو دروستکرد. رۆژنامەی دەستنوسیش بە وێنە و رۆژمێرەکانییەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم مایەوە کە ئەدەبی میللی چین و توێژە جیاجیاکانی گرتبووەخۆ و کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر هەواڵی چاپکراو هەبوو، بەلاّم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کە چاپخانەکان زۆر بوون و بلاّوبونەوە, رەواجی رۆژنامە میللییەکان کەمبووەوە تا بە تەواوی کۆتایی هات و نەما.

لەگەڵ بلاّوبوونەوەی رۆژنامەی چاپکراودا کە هەواڵنامەی چاپکراویشیان بلاّودەکردەوە, خەڵك زیاتر گرنگی دایە خوێندنەوەی هەواڵی داگیرکارییەکان. ئەمەش پاش دۆزینەوەی جوگرافیا و روودانی جەنگی نێوان(تورکیا و ئیتاڵیا)

کە زۆربەی ولاتانی ئەوروپا تیابەشداربوون. هەروەها دەرکەوتنی بزوتنەوەی ئایینی (مارتن لوسەر )و پەرەسەندنی چەرخی راپەڕین و دواتریش دەسەڵاتی بۆرژوازییەکان بۆ سەر ئازادی و ژیانی گەلانی ئەوروپا. پاش سەرهەڵدان و پەیدابوونی هەواڵی چاپکراو, هەندی دەزگای هەواڵ پەخشنامەی چاپکراویان بڵاودەکردەوە بە ژمارە و تیراژ بەڵام بە شێوەیەکی نەسووڕاو, دوای ئەوە دیاریدەی بڵاوکردنەوەی هەواڵنامەی چاپکراو لە شێوەی رووداوی ساڵانە و بە رێکوپێکی بڵاوەیکرد بە ناو خەڵکیدا کە هەندێجار هەواڵی گەردووںناسیشی لەخۆدەگرت و تا ساڵی (١٤٧٠) بەردەوامبوو. لە ساڵی (١٥٨٨) و لە شاری (فرانکفۆرت) جۆرە پەخشنامەیەکیتر هاتە چاپ و بڵاوکردنەوە کە شەش مانگی بوو کە پاشان بوو بە مانگانە و وردەوردە کرا بە هەفتەنامەیەکی رێك و شیاو. ئەم پەخشنامە هەفتانەیەش بەپێی پێویستی ئەو شوێن و شارانە کە یارمەتی و ئیمتیازیان پێدەبەخشی لە بەرانبەر سەپاندنی چاودێریکرن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی دەرەوە بیٚ توانج, بە تایبەت سیاسەتی سەربازی کە بڵاوکردنەوەیان قەدەغە بوو, یارمەتیدەدران. ولاتی فەرەنسا بە یەکەم وڵات دێتە ژماردن کە رۆژنامەی فەرمی دەرچواند. کاتێك کە (ریشلیو) جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەدەست هەستی بە گرنگی رۆژنامەگەری و کاریگەرێتی بۆ سەر رای گشتی کرد. ئەوە بوو لە (تیوفراست) پیاوێکی دۆزییەوە کە ئەم کارەی پێبسپێرێت, ئەو پیاوەش (رینودو) بوو کە لە ساڵی(١٦٣١)دا بڵاوکراوەی (جازیت فرانس)ی بڵاوکردەوە کە بابەتی نەبوو بەڵکو هەواڵی

ڕەنگاورەنگی تیابوو, لە ناوەکی و دەرەکی بە شێوەیەکی ڕێك لە شێوەی ئەمڕۆ کە ڕۆژنامەکان بلاّویدەکەنەوە. بەمەش سەرانسەری ئەوروپا چاویانبڕییە فەرەنسا کە سەرکەوتوو بوو لە دەرچواندنی ڕۆژنامەیەکی فەرمیدا.

لە هۆڵەندا و ئینگلتەرا و ئەوروپا تا دوو سەدە بەسەرنەچوو ڕۆژنامەگەری ئازاد سەریهەڵنەدا، بۆ نموونە لە ئینگلتەرا بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٦٤١-١٦٤٣) سەریهەڵدا تەمەنی کورت بوو کە پەرلەمان هاتەئاراوە سیستەمێکی بۆ دانا, بەلاّم (کرومویل) و خێزانی (ستبیورات) جارێکیتر ئیمتیاز و سانسۆریان زیندووکردەوە. هۆڵەنداش بوو بە نیشتمانی ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ، جگەلە (جازیتاتی هۆڵەندا) هەموو ڕۆژنامەکان رامی چاودێری بوون, بەویست و ئارەزووی پادشا و فەرمانڕەواکان، بەلاّم ڕۆژنامەکانی بەریتانیا سوودمەندبوون و بە ئازادی مانەوە و چاودێریکردنیان لەسەر لاچوو. ئەم بە ئازادی مانەوەش تا ساڵی (١٦٩٥) درێژەیکێشا. بەم پێیەش شەقڵێکی تایبەتی وەرگرت و ڕۆژانە کاریگەری زیاتری دەبوو.

لە ساڵی (١٧٠٢) یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە بەریتانیا بلاّوکرایەوە کە خاوەنەکەی ناوی لێنا(دیلی کوراند)، بەلاّم لە فەرەنسا ساڵی (١٧٧٧) یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە ناوی (جورنال دی باریس) بلاّوکرایەوە. لە ئەمریکایش لە ساڵی (١٦٩٠) یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە ناوی (زە پابلیك ئۆرکۆرنس) ( the public occurrence) لە شاری (بۆستن ) بلاّوکرایەوە. ساڵی (١٧٠٤)یش

رۆژنامـەی(زە بۆسـتن نیـوز لەیتـەر)(the news letter) چـووە شـان پابلیـك ئۆرکۆرنس لە بۆستنی ئەمریکا.

لە سـاڵی (١٧٢٨)یـشدا رۆژنامـەی (بنـسلفاتیا جازیـت) لـە لایـەن ( بنیـامین فرانکلین)ەوە لە فیلادیلفیا بڵاوبـووەوە. لـە سـەرەتاوە رۆژنامـەکانی ئەمـەریکا زۆربەی هەواڵ و بابەتەکانی لـە رۆژنەمـەکانی بـەریتانیاوە دەگواسـتەوە، بـەڵام شـەڕی سـەربەخۆیی ئەمـەریکا ئـەمکارە بـەرەو کەمبوونـەوە چـوو, پێویـستە بوترێت کە رۆژنامەکانی ئەمەریکا رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبوو لە شەڕی سەربەخۆیی وڵاتەکەیاندا دژ بە بەریتانیا تا ساڵی (١٧٧٦). هـەر لـە سـەرتاوە رۆژنامەکانی ئەمەریکا سوودمەندبوون لـە بەشـێکی ئـازادی رۆژنامەگـەری تـا سـاڵی (١٧٩١) دەسـتوور بـوو بـە پاڵپـشتی ئـەو ئازادییـە کـە ئەمـەش بازاڕگەرمییەکی بۆ خزمەتگوزاری پۆسـتەی لـە بـەرگیراوە خولقانـد. پاشـانیش رۆژنامەی چاپکراوە کە مەبەستیش لەو خزمـەتگوزاری پۆسـتەیە کۆکردنـەوەی ئەو پەخشنامە و هەواڵ و وێنانە بوو لە شوێنێکی دیـاریکراودا و گواسـتنەوەی بە ڕێکـی بـۆ شـوێنی نێـردراو. سیـستەمی خزمـەتگوزاری پۆسـتە هۆکـارێکی پڕبایەخ و گرنگ بوو بۆ گەشەسەندنی رۆژنامەگەری بەربڵاو کە کاتی دەرچوانی رۆژنامەکان بەپێی ڕێکەوتنێك بوو لەگەڵ کاتی دابەشکردنی پۆسـتەکان. ئـەوی تێبینیدەکرێت کە دەرچونی رۆژنامە لە هەفتەی سێ جاردا جوت بـوو لـە گـەڵ دابەشکردنی پۆستەکەدا کە ئەویش هەر هەفتەی سێ جار بوو.

دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانە ئاسان نەبوو, ئەگەر خزمەتگوزاری پۆستە پێشکەوتنی بە خۆوە نەدیبایە. ئەوەی دەبینرا زۆربەی رۆژنامەکان ناوی پۆستەکانی پێوە بوو وەك: (flying post) پۆستی بارهەڵگرتوو, ( weekly messenger ) پۆستی هەفتانە, (even post) پۆستی ئێواران, ( nighit post) پۆستی شەوان و.. تاد.

لەگەڵ ئەوەی کە خزمەتگوزاری و دروستبوونی پۆستە چێژێك بوو بۆ رۆژنامەی هەواڵ, بەڵام بەرپرسەکانی پۆستە ئەو هەلەیان دەقۆستەوە بۆ قۆرخکردن و شاردنەوەی هەواڵەکانی دەرەوە و شاردنەویان و دەستکاریکردنیان بە ئارەزووی خۆیان, ئەمە لە کاتێکدا خاوەن رۆژنامەکان هاوبەشی سالانەیان دەدایە بەڕێوبەری پۆستەکان بۆ وەدەستهێنانی پوختەی رۆژنامە وەرگێڕاوەکان کە لە دەرەوە دەهێنران, کە هەندێ بەڕێوبەری پۆستە فێری بەرتیل خوارن بوو بوو, لە بەرامبەر لایەنگری و هاوسۆزکرنی بۆ هەندێ رۆژنامەیتر لە پێبەخشینی هەندێ هەواڵ و زانیاری پێشوەخت بە رۆژنامەیەکیتر. ئەمەش وای لە (جون والتر) سەرنوسەری رۆژنامەی (تایمز )ی لەندەنی کرد کە پەنا بۆ دامەزراندنی پەیامنێرانی رۆژنامەکەی لە دەرەوە ببات تا پیلانەکانی پیاوانی پۆستە پووچەڵبنەوە, بەڵام پیاوانی پۆستەیش دەستیان بەسەر ئەو پەیامانەدا دەگرت کە بە مەبەستی ناردنیان بۆ رۆژنامەی (تایمز) لە پەیامنێرانەوە دەکەوتە بەردەستیان و دەیانخوێندەوە, زۆر جاریش بە ئەنقەست دوایاندەخست لە گەیشتنی بە ناوەندی رۆژنامەکە. کاتێك رۆژنامەکە بەو فرتوفێڵ و پیلانەی

پیاوانی پۆستەی زانی و بۆی ئاشکرا بوو, ساڵی (١٨٠٧) پەنایبردە بەر دادگا. بەڵام پێچەوانە کەوت و بە (٢٠٠) جونییە قەرەبوو لەگەڵ داوای لێبوردنیش لە پۆستە داواکەرەکە شکایەوە. پاش سێ هەفتە جارێکیتر رۆژنامەکە دەستیکردەوە بە هێرشکردن وکێشەکەی خستە پێش جێگری گشتی, ئەویش فەرمانی دا بە پاراستنی لێکۆڵینەوەکە و راگرتنی تا کاتی رووبەڕووبوونەوەیان لە دادگا.

لە ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرچواندنی رۆژنامە پەیوەست بوو بە بەڕێوەبەری پۆستەوە (جۆن کامبڵ ) کە بەڕێوەبەری پۆستەی بۆستن بوو رۆژنامەی (بۆستن نیوز لەیتەر)یشی بلأودەکردەوە. پاش ئەویش(ویلیام برۆکەر) رۆژنامەی (بۆستن جازیت)ی بلآوکردەوە, بەردەوام پێنج بەڕێوبەری پۆستەی یەك لە دوای یەك جێگای یەکترییان گرتەوە بۆ نەوەستانی ئەو رۆژنامەیەی کە لە سەرەتاوە (ویلیام برۆکەر) دەریکرد.

## رۆژنامەگەری لە سەدەی هەژدەیەمدا

لە سەدەی هەژدەیەمدا لە ژیاننەوەی رۆژنامەگەری ئینگلتەرا لە دەوڵەتە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیابوو کە ساڵی (١٧٠٢) یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی رێك وگونجاوی تیا بلأوبۆوە. ئەویش رۆژنامەی (دێلی کورانت) بوو.
لە ئەمریکاش بە هۆی پاڵپشتی بازرگاکانەوە کە پارەیان دەدا بە نرخی بلأوکردنەوەی ئاگادارییەکان رۆژنامەگەری تیا گەشەیەکی جۆریی سەند. لە

ساڵی (١٧٤٦)دا (فیلد نج) رۆژنامەی (کوفنت جاردن جۆرنال)ی دامەزراند کە بەشێکی تایبەت و تازەی بریتیبوو لە رووداوەکانی دادگا کە تا ئەمڕۆش رۆژنامەکانی لەندەن درێژەپێدەرین و بلاۆیدەکەنەوە. لە فەرەنسا و شوێنەکانیتر زیاتر, دوای ئەوەش بە (١٥) ساڵ یەکەم وتار کە باسی لە شانۆ دەکرد بلاۆکرایەوە, کە ئاگادارییەکی سادەی دەربارەی شانۆ نووسیبوو لە هەندێ لێکدانەوەی تایبەت بە کاری شانۆگەری، بەلاّم رووداوی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی (١٧٢٨-١٧٢٩) کەوتە سەر رووپەڕی رۆژنامەکان و بە درێژی بلاۆکرانەوە کە رۆژنامەی (بابلیك ئەدفێر تیزر public adver tor-) خۆی بۆ تەرخانکردبوو, بەلاّم رەخنە و رەخنەگرتن تا ساڵی( ١٧٨٠) دەرنەکەوت و نەبوو. لە ساڵی (١٧٨٥)دا (جۆن والتەر)ی دووەم رۆژنامە بەناوبانگەکەی (تایز)ی دامەزراند کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە دەرچوون لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، بەلاّم حکومەت کێشە و تەگەرەی بۆ دروستکرد وخستیەپێش, تا خاوەنەکەی ناچار بوو کەشتییە تایبەتییەکەی خۆی بەکاربێنێ بۆگواستنەوەی پۆستە و رۆژنامەکە و پەیامنێرانی, بەمەش یەکەم کەس بوو کە هەوڵی لەپێناوی بلاۆکراوەدا بەکارهێنا.

## کەلێنی گەورە لە ئازادی رۆژنامەگەریدا

لە کاتێکدا رۆژنامەگەری ئینگلیز لە سەدەی هەژدەیەمدا سوودمەند بوو لە ئازادی رۆژنامەگەری و پەرلەمان بریاری لەسەردا و سەرۆکی

پارتــەکانیش لەســەری رەزامەنــدبوون کــە کــەلێنێکی گــەورە هــەبوو لــە نێــو رۆژنامەگەری ئینگلیزدا، بۆیە لە ساڵی (١٦٩٥)دا لە سانسۆر و چاودێریکردن قورتار بوون بـە رۆژنامــەکانی کیشوەری ئەوروپاشـەوە، بـەلاّم پـاش هـەولێکی بێوچان رۆژنامەکانی بەریتانیا توانیـان پالّپـشتی سـەربەخۆیی وئازادییـەکانیان بکـەن، بـەلاّم هەنـدێ رۆژنامــەی ئـەوروپا لـە بلاّوکردنـەوەی جۆرە هەوالّێکـدا ملکەچی سانسۆر بوون. ئیتر لەوێوە وردەوردە رۆژنامەکانی فەرەنسا بـە گـشتی و رۆژنامەکانی پاریس بەتایبەت کەوتنە خۆرزگارکردن لە راسپاردەکانی رۆژانی دەسەلاّتی (لویـسی چـواردەیەم ) سـەرەرای مانـەوە و کـارپێکردنی دەسـتوور و رێسا کارپێکراوەکانی,

بەلاّم دابونەریتەکان بەردەوام لـە گـۆران و پەرەسـەندنداوبوون. فەرەنـسیەکان بـە دوای زانیاری تازە و رەخنەی بوێرانەدا دەگەڕان, بۆیە رۆژنامەکان جێی متمانە و رەزامەندییان نەبوو. لەوێوە هەندێ وردەکاری بۆ راستکردنەوەی دەستێوەردان و قۆرخکارییـەکان هاتـەپێش. دەسـەلاّت چاوپۆشـی لـە هەنـدێ راگەیـەنراو و دامەزراندنی رۆژنامەی تازە کرد, ئەویش بە پێدانی بڕەپارەیەك لەلایـەن خـاوەن ئیمتیازەوە بـە دەسـەلاّت لـە بەرامبـەر ئـەو چاوپۆشـیکردن و دەسـتێوەرنەدانە ,بەلاّم ئەو رۆژنامانەی کە لە دەرەوە دەردەچوون ئەو بڕەپارەیە نەیانیدەگرتـەوە, بەمــەش بـەخت یـاوەری هەنـدێکیان بـوو کـە دواتـر هاتنـەوە فەرەنـسا، بـەلاّم رۆژنامەنووسـەکان بـە فێلّێکـی زیرەکانـەوە کەوتنـە قۆسـتنەوەی ئـەو یاسـای قۆرخکردنە تا ئەو بڕەپارەیـە نـەدەن کـە دەچـووە گەنجینـەی وەزارەتـی دەرەوە.

ئەمەیان بە هەل زانی و حکومەتیش کارئاسانی بۆ کردن بۆ دەرچواندنی ڕۆژنامەکانیان لە پاریس, بەو مەرجەی بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەکانیان ببەنە شوێنێکیتر لە دەرەوەی فەرەنسا. لەگەڵ ئومێدی تێکشکان و قۆرخکارییەکان بەم ڕێگایە سانسۆر و چاودێریکردن وەك خۆی مایەوە. بە هەمان توندوتیژییەوە کە لە سەدەی هەژدەیەمدا چەند ساڵ و مانگێك درێژەیکێشا. نووسەرە بوێرەکان بەردەوام لە زیادبووندا بوون, حکومەتیش لاوازی و خاوبوونەوەی زیاتری دەبوو گەرچی ڕۆژنامەکانی فەرەنسا باروودۆخێکی گونجاویان بۆ ڕەخسابوو, بەلام نەیانتوانی سوود لەو هەلە وەربگرن وەکو پێویست بیقۆزنەوە و ڕۆڵی خۆیان لە گۆڕانکارییەکاندا ببینن. یەکێکیش لەو هۆکارانە دوورەپەرێزی فەیلەسوف و بیرمەندەکان بوو کە دەیانتوانی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە بنبڕکردنی ناتەواوییەکانی سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسا.

مێژوونووسەکان وایدەبینن کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاقە ولات بووە لەو سەردەمەدا کە توندوتیژی لە ئاستی ڕۆژنامەگەرییدا نەبووە, زیاتر لە هەموو ولاتان تازەگەری تیا گەشەکردووە و ڕوویداوە کە یەکەم ڕۆژنامەی تێدابێت و یەکەم کەسیش کە چاپخانەی هێنایە ئەمەریکاوە (تۆماس جرین ) بوو لە ساڵی (١٧٠٤) هەفتەنامەی (بۆستن نیوزلیتەر )کە (جۆن کامبڵ ) دایمەزراند لە قەبارەیەکی مامناوەندییا بە سەرەتای ئاراستەیەکی تازەی ڕۆژنامەگەری داگیرکار ی دەژمێردرێت کە پێشتر ڕۆژنامەی ئارەزوو بوو, گۆڕا بە ڕۆژنامەی پیشە, لەوە بە دواوە هەموو ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا بە ڕێکی و

مانگانـــە و بێگرفـــت و کێـــشە دەردەچـــوون و بلاّودەبوونـــەوە. (بۆســـتن ) لـــە دەستپێـــشخەری و داهێنـــانێکی تازەیـــدا هەفتانـــە دەردەچـــوو و لـــە هـــەموو ئەمەریکاشدا بلاّودەبوەوە.

رۆژنامەی(بۆستن) رۆڵی یەکەمی لە مێژووی رۆژنامەگەری ئەمەریکادا گێڕا, چالاکییە رۆژنامەگەرییەکانی بەردەوام لـە پێـشکەوتن و پەرەسـەندندابوو تا هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەمـەریکا. لـەپاڵ ئەمەشـدا دیـاردەی رۆژنامەگـەری داگیرکاری لـە ناوەراسـت و خواروویـشدا سـەریهەڵدا. رۆژنامـەکانی ئەمـەریکا بەشـدارییەکی چـالاکی شۆڕشـی ولاّتەکـەیان کـرد تـا گەیـشتە سـەربەخۆیی و بەمەش یەکیانگرت و ئالاّی ئەمەریکایان لە ساڵی(١٧٧٦)دا لەسـەر واشـنتۆن بەرزکردەوە.

## رۆژنامەگەری لە سەدەی نۆزدەیەمدا

خزمـەتگوزاری رۆژنامەگـەری لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا پەرەیـسەند. ژمارەیەکی زۆر لە تەکنەلۆژیای تازە بـۆ بەرهـەمهێنان و نـاردنی زانیارییـەکان هاتـەئاراوە لـە نیـوەی یەکـەمی ئـەو سـەدەیەدا, خزمـەتگوزاری رۆژنامـەوانی سەرکەوتنێکی باشـی وەدەسـتهێنا لەچـاو خزمەتگوزارییـە حکومییەکانـدا بـۆ نموونە: ئاژانسی (رۆیتـەرز)ی ئیتـالی پـێش حکومـەت هـەواڵ و زانیارییـەکانی دەستدەکەوت. رۆژنامەی(جورنال ئۆف کومـورس–journal of commerce)ی ئەمریکیش پێش حکومەت دەکەوت لە زانینی هەواڵ و دەنگوباسەکاندا کە بـە

دووری (٢٢٧) میلی نێوان بۆستن و نیویۆرك دەیگواستەوە كە ئەوكاتە پێویستی بە بیست كاتژمێر هەبوو بۆ گەیاندن. بۆ زاڵبوون بەسەر كۆسپەكانی دووری و گەیاندن رۆژنامە زرنگ و چاپووكەكان بیریان لە زۆر فێڵی چارەسەركردنیتر كردەوە. لە ساڵی (١٨٣٧) رۆژنامەنووسی ئەمەریكی (د.ئاش .كرایچ) پۆلێك كۆتری كۆكردەوە كە ژمارەیان (٥٠٠) كۆتر زیاتر بوو بۆ گواستنەوەی نامەكانی نیویۆرك بۆ شارەكانی (فیلادلیفیا) و (واشنتۆن) و (نیویۆرك) و (بۆستن). ئەوەی تازە بوو ئەم كابرایە شوێنێكی فراوانی لە سەربانی باڵەخانەی رۆژنامەكە بۆ دروستكردن. ئەوەش رۆژنامەكانی ئەم سەردەمە پیادەی دەكەن, بەتایبەت لە ئەمریكا و ئەوروپا كە لە سەربانی باڵەخانەی رۆژنامەكان شوێنێكی تایبەت بۆ نیشتنەوەی كۆپتەرەكان دروستدەكەن كە نوێنەرەكانیان بۆ كاری رۆژنامەگەری بەكاریدێنن و لێی سوودمەندن, بەمەش ئاژانسی هەواڵ یەكەم دەستپێشخەر بوو لە بەكارهێنانی كۆتری نامەبەر (حمام زاجل)دا بۆ گواستنەوەی هەواڵەكان تا لە ساڵی (١٨٣٧)دا لەسەر دەستی (ف.ی.مۆرس) تەلەگراف داهێنرا كە وەك شۆڕشێك بوو لە دنیای پەیوەندییەكاندا و رووی هونەری رۆژنامەگەری گۆڕی و بە راستی ئاژانسەكانی هەواڵ پێشكەوتن. زۆری نەخایاند گەورە رۆژنامەنووسەكان دركیان بە مەترسی و ترسناكی گەیاندنی هەواڵ لە رێگەی تەلەگرافەوە كرد. (جیمس جۆردون بنیت) لە وتارێكیدا كە لە ساڵی (١٨٤٤)دا لە رۆژنامەی (نیویۆرك هیرالید)دا بلاْویكردووەتەوە دەڵێ: گواستنەوەی هەواڵ لە رێگای تەلەگرافەوە

خەڵکی وەئاگادێنێ و وایلێدەکات کە گرنگی زیاتر بە کاری رۆژانەی گشتی بدات کە دواتر هەرچی زانا و بیرمەند و فەیلەسوف هەیە دەبنە زۆرینەی ئەو خەڵکە. ئەو کاتەش توندترین ورووژاندن و قوولترین هوشیاری و بیرکرنەوە دێتەئاراوە. زۆری نەخایاند و لە ساڵی (١٨٤٥)دا تەلەگراف لە ئینگلتەراش بەکارهێنرا. بە رێژەیەك هێڵی گەیاندن لە نێوان زۆربەی شارەکاندا بەدیدەکرا و لە ساڵی (١٨٥١)دا فەرەنسا و ئینگلتەرا بە هۆی تەلەگرافەوە پێکەوەبەستران کە کێبڵی لە دەریاوە بۆ راکێشرا و هەر دوو شاری (کیپ جرینیە) و (ودفر ) سەرەتای ئەم پەیوەندییە بوون و لە ساڵی (١٨٥٢)دا تێکڕای هێڵە تەلەفۆنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەیشتە (١٦٧٣٥) میل. لە ساڵی (١٨٦٠)دا گەیشتە (٥٠) هەزار میل و لە ساڵی(١٨٨٠)دا گەیشتە (١١٠٧٢٧) میل تا لە ساڵی (١٨٥٨)دا ئەمریکا و ئەوروپا بە هۆی هێڵ درێژکراوەی بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی تێپەڕیودا پێکەوە گرێدران, بەڵام پاش نامەی ژمارە(٢٦٩) ئەو پرۆسەیە لە کار وەستا. ئەوەی دەگمەن و نایاب بوو ئەو نامەی پیرۆزباییەی بۆ یەکەمجار لەسەر ئەم هێڵە خوێندرایەوە, نامەکەی شاژن (فیکتۆریا) بوو کە بۆ سەرۆکی ئەمەریکا (بوکنان)ی ناردبوو کە سەرۆك باوەڕی پێنەکرد و بە فێڵی زانی. پاش ئەوەی کە بەرپرسەکان دڵنیایان کردەوە لە بوونی ئەو راستییە, ئەمجا وەڵامی شاژن (فیکتۆریا)ی دایەوە.

لە (٢٨) یۆلیۆی ساڵی(١٨٦٦)دا هەمان هێڵەکان دووبارە خرانەوەکار کە رۆژنامەگەریش لێی سودمەندبوون و بە شێوەیەکی فراوان بەکاریانهێنا. لە

گرێی حەوتەمی سەدەی رابردووشدا لە رێگای وشکایی و دەریاوە بەریتانیا و ژاپۆن وهیند پێکەوەبەسترانەوە تا پەرەیان پێدا و ئەمەریکای خواروویشیان پێوەبەستەوە. هەرچەندە تێچوونی ئاوا کارێکی قەبە و بەربلاّو پارە و خەرجییەکی زۆری بۆ تەرخانکرا و تێچوو، بەلاّم پێویست بوو بۆ بنیاتنانی یەکێتی و ئاژانسەکان کە دەتوانن ئەو خەرج و تێچووانە پەیدابکەنەوە, لە ساڵی(١٨٧٥)دا (ئەلسکەندەر گرام بیل) تەلەفۆنی داهێنا کە پاڵپێوەنەرێکی بەهێز و قەڵەمبازێکی جۆرایەتی بوو بە گشتی و بۆ هونەری رۆژنامەگەری و گواستنەوەی هەواڵ لە ڕێگای ئاژانسەکانەوە بەتایبەتی. لە ساڵی (١٩٢٧)دا هێڵی تەلەفۆن بووە هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی گواستنەوەی هەواڵ لە شوێنە دوورەکانەوە. بە جۆرێ لە چەند خولەکێکدا شارە دوورەکان پەیوەندییان بەیەکەوە دەکرد. پاش ئەوەی لە رابردوودا چەند ساڵ و مانگێکی پێدەچوو. بەتایبەت کاتێك هێڵەکانی تەلەفۆن بە ئوقیانووسی ئارامدا تێپەڕی, پاش داهێنانی رادیۆ لە مێژووی گەیاندنەکاندا, شۆڕشەکە مەترسیدارتر بوو لە نێوان کیشوەرەکاندا کە ئەمەش بە تەواوی لەسەر ئاژانسەکان رەنگیدایەوە.

زانای بەناوبانگ (مارکۆنی) لە ساڵی(١٨٩٦) ئەم داهێنانەی پێشکەش بە دنیا کرد, بۆ یەکەمجاریش بۆ گەیاندن بەکارهێنرا. دوای ئەویش کەسانیتری وەك (فیسبندن) پەرەیان بەو کارەی مارکۆنی دا کە لە ساڵی(١٩٠٦)دا توانی کورتەنامەی بێتەل بۆ پاپۆڕەکانی ناو دەریا بنێرێت کە چەند پارچە ئاوازێکی تێکەڵکردبوو, بە بۆنەی چەژنی لەدایکبوونەوە تەلەفۆنی بێتەلیش لە یەکەم

هەوڵی سەرەتاییدا بەکارهێنرا و وردەوردە پەرەپێدرا تا بوو بە ڕاستییەکی زانستی لەگەڵ سەرەتای ساڵی( ١٩٠٠)دا, کاتێك ئامێری تەلەفۆنی بێتەل دروستکرا, یەکەم ڕادیۆش لە نزیك( نیویورك) لە شەوی چەژنی لەدایکبووندا دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

ساڵی(١٩٠٦) خەڵکیکی زۆر بە هۆی ئامێری وەرگرەوە گوێبیست بوون کە ئەم هەوڵەش گرنگی خۆیی هەبوو, سەرەڕای تێنەگەیشتنی بیسەران لە ئاوازەکان کە بە شێوەیەك بوو نەدەتوانرا بە ئاسانی جۆری ئاوازی ئامێرە مۆسیقییەکان لە یەکتری جیابکرینەوە یان دەنگی گۆرانیبێژەکە و ئاوازەکەی.

بەکارهێنانی دەمەوانە(صمام) هەنگاوێکیتری گرنگ بوو لە پەرەپێدانی ناردنی ئامێری بێتەل تا ساڵی(١٩٠٨) لە بورجی(ئیڤڵ)ەوە (دی.فورست) هەستا بە ناردنی پەخشی ئیسگەیی. ئەم هەوڵانە جەماوەری بۆ لای خۆی ڕاکیشا تا لە ساڵی(١٩١٧)دا کە ئەمریکا بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمی کرد. (دی.فورست) و کەسانیتر هەستان بە پەرەپێدان و چاککردنی ئێستگەی دەنگیی. لەوانە ئەمیری(مۆناکۆ) کە لە (یخته)ەوە ئێسگەکەی دەستی بە پەخشی خۆی کرد. لە سەرەتای ساڵی(١٩١٣)ەوە ئەو چەند ئێستگەیەی کە هەبوون پەخشەکانیان لاواز بوو.

هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم هۆکارێکی گرنگی پەککەوتن و بەرەو پێشەوەنەچوونی ئێستگەکان بوو. بە ڕادەیەکی زۆر حکومەتەکان زاڵبوون

بەسەر ئێسگەکانی بێتەلدا و ئێستگەی هەوایی قەدەغەکرا و پەخشیش بۆ هەواڵە سەربازییەکان کورتکرایەوە.

ئازادی رۆژنامەگەری و پەیوەندی رۆژنامەگەری بە دەسەڵاتەوە

جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی (١٩٤٨) دەرچووە, ئەم مافە سیاسیانەی لەخۆگرتووە:-

- مافی ئازادی رادەربڕین و گوزارشت کردن ماددەی(١٩)
- مافی راگەیاندن ماددەی(١٩)
- مافی ئازادی کۆبوونەوە و دروستکردنی کۆمەڵە و گروپ ماددەی(٢١)
- مافی بەشداریکردن لە دەسەڵات و کاروبارە گشتییەکاندا ماددەی(٢١).

بەپێی رێکەوتنی نێودەوڵەتیش ئەوانەی پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤەوە و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٩٦) لەسەری رەزامەندبووە بۆ دەستەبەرکردنی لە ماددەی (٨)دا, ئەم خاڵانەی لەخۆگرتووە:

١/ هەموتاکێك مافی ئازادی رادەربڕینی هەیە.

٢/ هەموو تاکێك مافی ئازادی گوزارشتکردنی هەیە.

کە ئەم مافانەش بریتییە لە: ئازادی گەڕان بە دوای زانیارییەکاندا یان هزر و بیرەکاندا لە هەر جۆرێك بێت بۆ وەدەستهێنانیان, بە چاوپۆشیکردن لە سنوور, بە زارەکی بێت یان چاپکراوی یان نووسینەوە, لەسەر شێوازی هونەری یان هەر ئامرازێکیتر بۆ سوود لێوەرگرتنیان.

٣/ ئەو مافانەی کە لە دەقەکانی بڕگەی(٢)دا هاتوون لەم ماددەیەدا, بۆ ئەرك و لێپرسینەوەی تایبەت, ملکەچی کۆت و پەیوەندی دیاریکراو دەبن, بەلآم – تەنها- بە پشتبەستن بە دەقێکی یاسایی کە مەرجە پێویست بن.

ا/ لەپێناو رێزگرتن لە کەسانیتر و ناوبانگیان.

ب/ لەپێناوی پاراستنی خاکی نیشتمان یان رژێمی گشتی یان تەندروستی گشتی یان رەوشت.

لە دەستووری هەموو ولآتانی دونیادا ئازادی رادەربڕین و بلآوکردنەوەی (ئازادی رۆژنامەگەری) هاتووە و ئازادی رۆژنامەگەریش بەشێکە لە ئازادی گوزارشتکردن کە وێنەیەکی ئازادی رادەربڕینە, ئەمەش لە خۆیدا یەکێکە لە ئازادییە گشتییەکان وەك: ئازادی کۆبوونەوە, ئازادی دروستکردنی کۆمەڵە و..تاد کە پەیوەندی بەم بڕگەوە هەیە. لە رەفتاری تاك کە پەیوەندی بە کەسانیترەوە هەیە و ئازادی گوزارشتکردن ئازادی رۆژنامەگەری لەلایەنە فەلسەفییەکەوە دووشتە, ئەنجامی سروشتی بیروباوەڕی ئازادی کە مرۆڤ بۆی هەیە بە ئازادی بیربکاتەوە کە پێویستە کار لە دۆخی خۆیی و نێوان قەبارەی واتایی و گەشەسەندنە مرۆڤایەتییەکەی نەکات ئازادی بیروباوەڕ یەکەمینی هەموو ئازادییەکانی مرۆڤە, چونکە هەموو ئازادییەکانیتری مرۆڤ دەستنیشان دەکات.

ئازادی زانین: کە مافی وەدەستهێنانی زانیاری پێویستە تا لەمیانەیەوە بتوانین ژیانمان رێکبخەین و بەدەستهێنانی توانای بەشداربوون لە فەرمانڕەواییدا کە مافی کۆمەلآیەتی تێکڕایی جەماوەر.

ئازادی وتن: مافێکە بۆ گواستنەوەی هەواڵ بە ئازادی و بوونی ئازادی را لە هەر بابەتێکدا و گفتوگۆکردن لەسەری, ئەویش مەبەستە لە ئازادی رۆژنامەگەری, ئەوەشیان مافی کۆمەڵە و ئامرازەکانی گەیاندن رایدەپەڕێنێ.

ئازادی مافی گەڕان: مافێکە بۆ پەیوەندیکردن بە ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە بۆ سەرچاوەکانی زانیاری, ئەوا پێویستە بزانرێت و بلاۆکردنەوەیان کە ئەمەشیان مافی کۆمەڵە و ئامرازەکانی گەیاندن رایدەپەڕێنێ لەگەڵ ئەمانەشدا بەرپرسیارێتی بنەڕەتی و بەردەوامی رۆژنامەگەری بەرگریکردنە لەو سێ ئازادییانە, نەك تەنها دژی دەستێوەردانی حکومەتە, بەڵکو دژی هەموو دەستێوەردانێکە لە هەر کۆمەڵە و گروپ و دەستەیەك لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات یان هێزە کاریگەرەکانی ناو خودی ئامرازەکانی راگەیاندن خۆی و سێ هۆکاری بنەڕەتیش لە ئازادی رۆژنامەگەرییا سەرکەوتن لەلایەنی یاسایی و دەستوورییەوە سنوردار دەکەن لەوانە:

یەکەم/ ملکەچ نەبوونی چاپەمەنی سانسۆرەکانی پێشوو کە لەلایەن دەسەلاتەوە چاپ ەکرێن, چونکە سانسۆرەکانی پێشوو پەشیمانن لە ئازادییەکانت کە ئەمەش لای هەمووان بە کارێکی نارەوا لە قەڵەم دەدرێت لە هەموو کاتێکدا, تەنانەت لە بارودۆخی جیاواز و رووداني جەنگ و کارەساتی لەناکاو و کتوپڕیشدا, تەنها لە کاتی ئەو پەڕی تەسکبوونەوەی سنوردار نەبێت.

دووەم/ درێژکردنەوەی بوار کە پرۆژەی ئازادی رۆژنامەگەری کۆتدەکات یانی نەبوونی توانا بۆ درێژکردنەوەی پرۆژەکە, ئەویش بە دانانی یاسایەك کە بە تاوانی بزانرێت سوودی بە کۆمەڵ بگەیەنێت.

سێیەم/ مافی تاك وکۆمەڵە لە دەرچواندنی رۆژنامە بێ نارەزاییبوونی دەسەڵات.

ئەگەر ئازادی رۆژنامەگەری لە یاسا و دەستوردا زۆرکران, ئەوە مافی ئازادی رۆژنامەگەری تەواو نابەخشێت, بۆیە پێویستدەکات مسۆگەرکردنی زیاتر پاڵپشتی ئەم مافە بکات کە ئەوانەش بریتین لە:

یەکەم/ بڕوای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکاندا.

دووەم /چاودێری یاسایی.

سێیەم / بوونی سیستەمی نوێنەرایەتی کە بەسەر حیزبەکانەوە وەستا بێت و پشت بە رای گشتی بەهێز ببەستێت.

چوارەم / بوونی لێوەشاوەییەکی گونجاو و لەبار لە پیاوانی دەسەڵاتدا چ لەلایەنی ئاستی زانیاری و دەستپاکی و پسپۆری و چ لەلایەنی توانا و کارامەییەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی نیشتمان و تێڕوانینی یاسایی بۆ ئازادی رۆژنامەگەری دەستەبەر نابێت, تەنها بە بوونی سێگۆشەیەکی زێڕین نەبێت کە سێ پەلی هەیە و ئەوانەش ئەمانەن:

پەلی یەکەم/ پەیوەندی بە موڵك و موڵكدارییەتیەوە هەیە, موڵكدار پێویستە دان بەوەدا بنێت کە رۆژنامە مافی دەرچوونی هەیە بێ وەستان لەسەر مۆڵەتی پێشتر و بەرتەسککردنەوەی مانای هەڵەکردن تەنها لە راگەیاندندایە.
دەرچوونی رۆژنامە تەنها مەرجی یاسایی پێویستە بۆ هاولاتییەك بێ کۆتکردنی بە ۆتی موڵكدارییەوە یان بە واتایەکیتر رەهاکردنی ئازادی دەرچوونی رۆژنامە لەگەڵ جۆری موڵكداری رۆژنامە.
پەلی دووەم/ رەگەزی بەرهەم یان رەگەزی مرۆڤ یانی رۆژنامەنووسان کە ئازادی رۆژنامەگەری بێ بوونی دەقی دەستووری زۆر نابێت کە دەستەبەری مافی گوزارشتکردن و ئازادی رادەربڕین بێ سانسۆر وبێبەشکردن و پەکخستنی سەرپەرشتیکردنی رۆژنامە و تێڕوانینی بە سیستەمی لێپرسینەوەیەکی شیاو بۆ رۆژنامەنووسان کە لێپرسینەوەیەکی یاسایی بێت کە بە مەرجی یاسایی دەستەبەر کرابێت, ئەو ویستەش بە پاراستنی رێکخستنی سەندیکایی دەبێت کە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و ئازدانە هەڵبژێردرابن و پاراستنی سەربەخۆیی سەندیکایی و رێکخستن و دەستەبەرکردنی ئەم مافە دیموکراتییە لە دامەزراندن و جموجووڵ و چالاکیدا.
پەلی سێیەم/ دانان بە مافی خوێنەردا, لە خوێندنەوەی بابەت و هەواڵی بێلایەن یانی بتوانێت پەیوندیبکات, ئەمەش مافێکی تازەی مافەکانی مرڤە بێ جیاوازیکردن بە هۆی ئایین و رەگەز و زمان و توخم یان را و هەڵوێستی سیاسی و ئایدۆلۆژیای جیاواز, ئەوەش بە هاوبەشیکردنێکی باش دێتەدی.

ئەگینا ئەو زانیارییانە دەکەن لە سەرەوە بۆ خوارەوە, لە دەسەلاتەوە بۆ زیندانییەکان یان لە دەوڵەتێکی بەهێزەوە بۆدەوڵەتێکی لاواز یان لە ولاتێکی دەوڵەمەندی پیشەسازییەوە بۆ ولاتێکی پەککەوتە و هەژار کە لیژنەی نێودەوڵەتی بۆلێکۆڵینەوەی کێشەکانی پەیوەندی (لیژنەی ماکبراند) ئاماژەی داوەتێ.

هەر لە چوارچێوەی ئەوانەی پێشوودا, توێژەری لوبنانی(حازم عەبدولحەمید) وایدەبینێ کە ئازادی رۆژنامەگەری یانی مافی تاك و کۆمەڵە لە دەرچواندنی رۆژنامە و کارتێداکردن و گوزارشتکردن لە بیروڕاکانیان و بلاوکردنەوەیان تێیدا, جگەلە زانیاری و هەواڵ و بابەتی رۆشنبیریکردن. هاولاتیان بە هۆیەوە و قسەکردن لەسەر سیاسەت و رەخنەگرتنیان و بوونیان بە چاودێر بەسەر دامەزراوە گشتی و تایبەتییەکانەوە, ئەمەش لە میانەی زۆربوونی رۆژنامەکانەوە دێتەدی کە نوێنەرایەتی و رەنگدانەوەی هەموو ئاراستە باوەکان بن لە کۆمەڵدا, ئەوەش لە دەرەوەی هەموو فشار و پاڵەپەستۆ و کاریگەرییەك لەسەر تاك و کۆمەڵێکی حکومی و بەڕێوەبردن و سیاسی و ئابووری و دارایی و کۆمەلایەتی و پیشەییەوە کە ەخرێنە سەر رۆژنامە و رۆژنامەنووسەکە بە ئامانجی دوورخستنەوەی رۆژنامەگەری لە پەیام و ئەرکی پێسپێردراوی خۆی. هەموو ئەمانەش لە میانی پابەندبوون بە لێپرسینەوە بەرامبەر راست ۆیی و بابەتیانەی بەرژەوەندی بالای راستییکان بۆ کۆمەڵ و مرۆڤایەتی و بەرامبەر تایبەتمەندێتی تاك و ئابڕوویان لە چوارچێوەیەکی یاسایی

یەکسانی بێ ستەمی بە پرۆژەکراوی دیموکراتیدا و لە متمانەکانی شکۆمەندی پیشەیی و پابەندبوونی کۆمەڵ و دەزگاکانی بەڕێوەبردن بۆ کۆمەك و یارمەتیدانی رۆژنامەکان و چاکترکردنیان و مسۆگەرکردنی بەردەوامیان بۆ گەیاندن و جێبەجێکردنی پەیامەکانیان.

## رۆژنامە و دەسەڵات لە سەدەکاندا

لە سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەرییەوە جیاوازی لە نێوان یاخود ناکۆکی و نێوانداریێتی لە نێوان رۆژنامەگەری و دەسەڵاتدا هەبووە. ئەویش بە راکێشان و توندکردنی جڵەوی رۆژنامەگەری کە دید و بیردۆزی دیدەوانی و چاودێری ئەم پەیوەندییانەی دەکرد کە لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و رۆژنامەگەرییدا سنوردار کرابوو یان روونتر رۆڵی رۆژنامەگەری لە کۆمەڵگا و رێژەی ئەو ئازادییانەی کە پیادەی دەکات.

(**محەممەدحیلمی موراد**) لەسەر سێ کاری سەرەکی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و رۆژنامەگەری دەستنیشاندەکات کە ئەمانەن:

کاری یەکەم/ تێگەیشتنی دەسەڵات لە کاری رۆژنامەگەری و رۆڵی راستەقینەی و چۆنیەتی رەخساندنی بوار تا لە گەیاندنی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت کە ئەمە ئەرکی دەسەڵاتە کە رێزی رۆژنامەگەری بگرێ و کارئاسانی بۆ بکات لە گەیاندنی پەیامەکاندا, بە پێیەی کە هەستاوە بە خزمەتی گشتی جەماوەر و

لەسەر بناغەیەکی یەکسانی پیادەیدەکات لەگەڵ رەخساندنی هەلی گونجاو بۆ هاوتایی و بەرانبەری هەمووان.

کاری دووەم/ دانانی دەستەبەری زامن کە ئازادی رۆژنامەگەری پێشێلنەکرێت بە داخستنی ئەو دەرگایانەی کە گلەیی و رەخنە ئاراستەی دەسەڵات دەکەن و دژایەتی نەکردنیان و بوونی دڵنیایی و ئارامی لە ناخی رۆژنامەنووسیدا کە هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەیدا و وایلێدەکات چالاکتر بێت.

کاری سێیەم/ پەنابردنەبەر لایەنێکی سەربەخۆی بێلایەن لە کاتی سەرهەڵدانی هەر گرژی و ئاڵۆزییەکدا کە لە نێوان دەسەڵات و رۆژنامەگەریدا دروستدەبێت تا دەوڵەت یان نوێنەرەکەی لایەنگر نەبێت. چاکتر وایە ئەو لایەنەش دادگایەکی ئاسایی بێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو گرفت و کێشانە و بە رای (محەمەد موراد) سیفەتی بنەڕەتی لە کاری رۆژنامەگەرییدا کە پێویستە رەچاوبکرێت بۆ سەرکەوتن و رۆڵبینینی ئەمانەن:

١- رۆژنامە دەبێت میللی بێت و سەر بە دەسەڵات نەبێت تا بتوانێ گوزارشت لە بیروڕای گەل بکات و بە ئەرکی چاودێریکردنی گەل هەڵبسێت.

٢- رۆژنامە دەبێت ئازاد بێت یانی پیادەی گەیاندنی پەیامەکانی خۆی بکات دوور لە کاریگەری و فشاری دەسەڵاتەوە

تا گەل بڕوای پێببەخشێ و بە ئاوێنەی خواستەکانی خۆی بزانێت.

٣- پێویستە رۆژنامە لێپرسراو بێت یانی هەستی هەبێت و چاودێری بەرژەوەندی گشتی بکات لە کاتی کەوتن و لاربوونەوەیدا, نابێت پەنابباتەبەر

ورووژواندن و بشێوی و لە بەرژەوەندی گشتی لابدات. بە بۆچوونی (جەمال عوتەیف)یش ڕۆژنامەگەری چاوی ڕژێمی سیاسیە بۆ دۆزینەوەی هاولاتی لاواز و کەنەفت کە لایەنگری ڕژێمی و پارێزگاری لێدەکات, ڕەخنە لە هەموو کارێکی ناڕەوا و جموجوولێك دەگرێ و لەگەڵ پلان و ئامانجەکانی ڕژێمدا یەکناگرنەوە.

(محەمەد عەرەبی ئەلی ساری )یش ك ەنەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی مەغریبە لە کۆتایی حەفتاکاندا پێیوابووە ئەو چوارچێوەی کە کاری ڕاگەیاندن و سیاسی ڕێکدەخات و دەسەلاتیان بەسەریاندا هەیە لە بووندا دووکارن:

یەکەم/ ڕێبازی فەرمانڕەوایی باو

دووەم/ بوونی هەستێکی بەهێز لە پوختەیەك سیاسەتمەدار و لایەنگرییان بۆ ولات. هەروەها( عەواتف عەبدولڕەحمان) وای بۆ دەچێت کە دەولەت ئایدۆلۆژیایەکی نییە یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن, بەڵکو تاقە ئایدۆلۆژیایەك هەیە کە هێنانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دەولەت دەستنیشاندەکات و هەلویستی دەولەتیش لەمەڕ ڕاگەیاندن دەستنیشاندەکات, لەگەڵ ئەرك و کارەکانیا کە لەگەڵ هەموو دەزگاکانی کامڵدەبن بە ئامانجی بەدیهێنانی هاوسەنگییەك کە دەبێتە پاڵپشتێك بۆ بەجێهێنانی بەها و بەرژەوەندی چینێك یان چەند چینێك یان هێزە کۆمەلایەتییەکان کە زاڵن بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنەرە بنەڕەتییەکاندا لە کۆمەڵدا و بەسەریاندا فەرمانڕوان لە کەرەستەکان گوزارشتی سیاسی و سیتەمی پەروەردە و ڕۆشنبیردا.

تویـژەر(دیفیـد ساکـسمان)یـش کۆتـایی بـەو تۆیژینەوەیـەی هێنـا کـە بـاس و گێڕاننەوەی لەنیوان دەسەڵات و رۆژنامەگەریدا کردبوو, کە دوو جۆر پەیوەنـدین شێوازی دوژمنکاری یان شێوازی هاریکاری.

(ساکسمان) پێیوایە شێوازی پەیوەندی دوژمنکاری لـەنیوان دەسـەڵات و رۆژنامەگەریدا تەنها لەو ولاّتانەدا هەیە کە فەلـسەفەیەکی لیـبراڵ بەرنامـە و رێبازیانە و لەسەر بناغەی رادەربـڕینی رۆژنامەگـەری وەسـتاوە و مـافی داوەتـە خوێنەر لە زانینی کاروباری ولاّتا لـە گـشت بوارەکـانی ژیانـدا تـا هـەر تاکێـك بتوانێت گوزارەشت لـە رای خـۆی بکـات لـە بەرانبـەر ئـەو رووداو و کێـشانەی ولاّتی پێداتێپەردەبێت تا بەشـدارییەکی چالاکانە بکـات لـە ژیـانی سیاسـیدا, ئەمەش دەستەبەری تـاك نابێـت بـۆ دەسـتکەوتنی زانیـاری تـا برەوپێـدانیکی تـەواوی ئـازادی بـۆ دەزگاکـانی راگەیانـدن فەراهەمنـەکرێت بـۆ دەسـتکەوتنی زانیاری و بە پێشچاوخستنی بـە ئـازادی نـەك تـەنها ئەمـە بـەڵکو فەلـسەفەی لیبراڵ پیێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت کە دەزگاکانی راگەیانـدن مـافی پەیوەنـدی و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی حکومەت و رەخنەلێگرتیشان هەیە, ئەم دۆخەش پەیوەنـدی ململانـێ و دوژمنکـاری لێکەوتـەوە لـە نێـوان حکومـەت و رۆژنامەگەریدا و ناکۆکی سەریهەڵدا.

لە هەڵویستە ناکۆکەکانی نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و حکومەت, لە ولاّتانی رۆژئاوادا, بەتایبەت ولاّتە یەکگرتووەکان ئەمـەریکا, وشـە کاریگـەری خۆی هەیە, لە کۆتایی هێنانی هەڵویستدا, حکومەت ناتوانێ بگاتـە جـەماوەر

گەر بە هۆی ئەم دەزگایانەوە نەبێت, کە ئەم دەزگایەنەش هێزێکی گەورەن, لـە کاریگەرییان بۆ سەر رای گشتی و متمانەی جەماوەریش زیاترە بـە دەزگاکـانی راگەیانـدن وەك لـە حکومـەت. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا حکومـەت توانـایی داپۆشـین و شـاردنەوەی نهێنییـەکی زۆری هەیـە لـە کۆبوونـەوە گرنگەکانیـدا و زانیارییەکان بەرژەوەنـدی خۆیـدا بـشکێنێتەوە. ئەگـەر راگەیاندنـەکانیش لێـی نزیکبوونەوە بە چاوی خۆیان درك و هەستیانپێکرد, ئەوا بە یارمەتی مـاددی و شتی جۆراوجۆر کۆمەکدەکرین بە مەبەستی بەرگریکردن لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و دزەنەکردنی زانیارییەکان لە رۆژنامەگەری دەشـارنەوە, دەشـتوانێت بە ئامرازێکی تایبەت سیاسەتی خۆی بـۆ جـەماوەر روونبکاتـەوە و متمانـەیان بەدەستبێنێ بەتایبەت ئەوەشیان کە کۆکە لەگەڵ تێگەیشتنی زۆرایەتیـدا, بـەو جۆرە دەرکەوتن و دژایـەتیکردن رۆژنامـەکـە لەلایـەن حکومـەتـەوە والیـدەکرێت سەرچاوە فەرمییەکانی هەواڵ و زانیارییەکی زۆریش لەدەستبدات کە کێشە لـە ئاست چـالاکییەکانیدا دروسـتدەکات بـە شـێوەیەکی تـەواو لـە چـاودێریکردنی حکومـەت, لـە هۆکـاری دروسـتبوونی ئـەم دوژمنکـاری و ناکۆکییەکانـەوە, پێویستییەکی زۆر بۆ بوونی دەزگاکانی راگەیاندن لەسەر بناغـەی هەسـتکردنی بە لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات, کـە دەبێـت راگەیاندنـەکان بگەنـە زانیارییەکان و بڵاویبکەنەوە, لەگـەڵ مـافی رەخنـەگرتن لـە دیـاردە خراپـەکانی حکومەت و ئەرکی چاکسازیکردنیان و پابەنـدبوونی بـاڵای پیـشەیی لـەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بێتەدی.

جۆرێکیتری پەیوەندی کە لە نێوان حکومەت و رۆژنامەگەریدا هەیە (ساکسمان) باسی لێوەکردووە, سروشتی پەیوەندی هاوکاریکردن, کە وایدەبێنی ئەو جۆرە پەیوەندیانە لە وڵاتە هەژارەکان و تێکرای ئەو وڵاتانەدا هەیە کە دەزگاکانی راگەیاندن بە حکومەتەوە دەبەستێتەوە, کە وایدەبینین رۆڵی رۆژنامەگەری پاڵپیشتێکە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری تەواوی ئەوانەی حکومەت دەیانخاتەڕوو و رۆژنامەگەرییەکی رانەهێنراوە و میللەتێکی نەخوێندەوار و فێرنەبوو, هەرگیز نابێتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئاسوودە هەروەها دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا, وەك هەندێك پۆزی پێوە لێدەدەن و باس لە ئازادییەکان دەکەن, تەنها ئامرازێکە بۆ رەواجپێدانی ماددی و کیشەی بەکارهینانی و دواتر دەزگاکانی راگەیاندن بەشێکی دانەبڕاوی سیستەمی سیاسین, باوەڕیان بە هەموو وتنێکی حکومەت هەیە و بۆ هەرکارێك ئەنجامیبدات چەپڵەی بۆ لێدەدەن و ملکەچی هەموو پرۆپاگەندەکانی ئەو سیستەمەن لە بیروباوەڕدا کە ئەمەش سەرجەم کۆمەڵگا دەخاتەبەردەم هەڕەشە و مەترسی ئاییندەوە.

## رۆژنامەگەری دەسەڵاتی چوارەم

هەوڵدان بۆ بەدیهاتن و گەشەکردنی دیموکراتی نەوەستاوە لە سنووری رێکخستنی ئەو سێ دەسەڵاتە چاولێکەریە, جێبەجێکار, یاسادانان, دادوەری,

بەڵکو بەردەوام بە دوای دەسەڵاتی تازەدا گەڕاوە, کە خۆی لە هێزی دەزگاکانی پەیوەندی جەماوەریدا بنوێنێ, لە رۆژنامەگەری و ئیزگە و ئەوانیتردا..

لە دەستەیەکی هەڵبژێراو و بوونی کاریگەرییان لە سەر دەسەڵاتی چاولێکەری چونکە رای گشتی ئاراستەیکی فیکری کاریگەرە و کاریگەری دەبێت لەسەر باردۆخی سروشت و دەوروبەر و کەسێتی و حاڵەتی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری, بە رای رابردووەوە و رووداوەکانی ئێستا و هیوای ئاییندە, وەك دەرئەنجامێکی سەپاندن بۆ پەیوەندییەکان لە نێوان خەڵکیدا کە دەزگاکانی راگەیاندن هەڵدەستن بە رۆڵی کاریگەری خۆیان لە پەیوەندی بچووکی جەماوەری ناوخۆوە بە جەماوەری گەورە و بێسنوورەوە.

دواتر گرنگی دەزگاکانی پەیوەندی بە جەماوەرەوە پەیدابوو, بەتایبەتی رۆژنامەگەری, بە حوکمی کاریگەربوونی لەسەر رای گشتی, تا وایلێهات رۆژنامەگەری ناونرا(خاوەن شکۆ) تا دەسەڵاتی چوارەمیش وەك سێ دەسەلاتەکەیتریش ناوزەدبکرێت. لێرەشەوە رایەك هەیە کە دەڵێت: ئەوەی یەکەمجار نازناوی دەسەڵاتی چوارەمی لە رۆژنامەگەری دانا کابرایەکی ئینگلیزی بووە ( ئەدمۆندیوك) کە لەساڵی ( ١٧٩٨) مردووە. کاتێك بەرەو کورسییەکانی رۆژنامەنووسان دەچوو لە ئەنجوومی گشتی بەریتانیا, رووی تێکردن و پێیوتن ئێوە دەسەڵاتی چوارەمن یان دەیوت: دەسەڵات هەیە, کاتێك مرۆڤ دەڕوانێتە کورسی رۆژنامەنووسان دەسەلاتی چوارەم دەبینێت کە

گرنگییەکی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابووری هەیە و وایکردوە ببێتە بەشێك لە ژیانی دیموکراسی.

لە رایەکیتردا ناولێنانی رۆژنامەگەری بە دەسەلاتی چوارەم, دەگەرێتەوە بۆ مێژوونوس(تۆماس ماکۆلای) کە لە ساڵی(١٨٥٩) مردووە.. کاتێك بە کورتی وتی: ئەوەی رۆژنامەنووسان لەسەری دادەنیشن, بووە بە دەسەڵاتی چوارەم لەم ولاتە. تێگەیشتی دەسەڵاتی چوارەم بۆچوونی جۆراوجۆری لێکەوتەوە, بەتایبەت لە نێوان یاسادانان و پیاوانی دەستوردا, بۆ نموونە: یەکێك لە مامۆستایانی یاساناس دەڵێت: ئەگەر لە رابردوودا دەنگێك بە بلندی وتوویەتی رۆژنامەگەری خاوەن شکۆیە, لە ئێستادا رۆژنامەگەری و دەسەڵاتی چوارەم ئەو دەنگانە لە راستیدا گوزارشت لە واتای سیاسی دەکەن. زیاتر لە واتای دەستوری و یاسایی, ئەوانەش قسە لەسەر دەسەڵاتی رۆژنامەگەری وەك دەسەڵاتی چوارەم دەکەن, روونیدەکەنەوە لەسەر ئلرەزوویەکی پێداگری لە ناخی ملێونەها هاولاتیدا کە رۆژنامەگەری سەربەخۆییەکی تەواوی هەبێت دوور لە دەسەلاتی جێبەجێکاری کە مەبەستمان نییە بیکەینە دەزگایەك کە رێکخستنی خۆی هەبێت و بتوانێت بریاری پەیرەوکراو دەربکات, بەڵکو مەبەست لە پێبەخشینی زیاتر سەربەخۆیی بۆ رۆژنامەگەری رۆژنامەنووسان ئەوەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەهێزنەبێت بۆ دامرکاندنەوەی راوبووچوونەکان و کپکردنەوەی دەنگەکان.

مامۆستایەکیتر وایدەبینێت (رۆژنامەگەری ناتوانێت ببێتە دەسەلاتی چوارەم تا رەچاوی ئەوە نەکەین کە دەزگایەکە لە دەزگاکانی فەرمانڕەوایی)، لە تایبەتمەندییەکانی دەسەلاتیش دەرکردنی بڕیاری کۆتاییە و پێیوەیە پابەندە. بێگەڕانەوە یا ملکەچکردنی و باوەڕکردنی بۆ دەسەلاتێکیتر کە لە دوای ئەوە رۆژنامەگەری دەسەلاّت دەیکا بە دەزگایەك لە دەزگاکانی حکومەت و ولاّت. هەر ئەو مامۆستا ئەوە رەتدەکاتەوە کە بوونی ئازادی رۆژنامەگەری هەبێت، چونکە ئازادی رۆژنامەگەری یانی بیروڕا و لێکدانەوە و بۆچونی زۆر و ناکۆکی بیرکردنە و ئاراستە و لایەنەکان, بەلاّم دەسەلاّت لەسەر بناغەی یەکبوون و رێکەوتن دروستدەبێت, لەبەرئەوەی لێیدەبڕێت, لە کاتی زۆربوونی دەزگای زۆری پیادەکردنی دەسەلاّتدا کە بە رای زۆرینە بڕیاردەدرێت, هەموو کەس بەشداردەبێت لە دەرچوونی بڕیارێکدا ئەگەرچی لایەنگر یاخود بەرهەڵستکاریش بێت, مادام بڕیارەکە لەگەڵ رای زۆرینەدا دەگونگێت, کە ئەمەش لەگەڵ بیرۆکەی ئازادی رۆژنامەکەریدا ناگونگێت, بەوپێیە رەچاوکردنی رۆژنامەگەری چاودێرێکە بەسەر دەسەلاّتەوە و گوزارشت لە ئاراستە و لایەنەکانی رای گشتی دەکات.

هەروەها(محەمدسەیدمحەمەد) دەڵێت کە لە دەستوردا دەوترێت رۆژنامەکەری دەسەلاّتی چوارەمە, ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە رۆژنامەکەری هاوشانی پەرلەمان بێت لە یاسادانانددا یان وەکو یاسادانانبێت لە دەرکردنی بڕیارگەلێك کە پێویستە جێبەجێبکرێت, بەڵکو مانای وایە رێکخستنی رۆژنامەگەری تەواو

گونجاوبن تا قاوغێکی یەکسان دروستبێت کە گوزارشت لە هەموو ڕەهەندە پێویستەکانی پرۆسەی ڕۆژنامەگەری لە سەرەتای بیرکردنەوەیەوە بگاتەوە دەرچوواندنی ڕۆژنامە تا بگاتە دەستی خوێنەر, هەروەها پلاندان بۆ ڕۆژنامە و ڕێکخستنی کاروباری یاسایی بۆ دەرچوواندنی و بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری و بڵاوکردنەوەیان کە پێویستە کۆمەڵ بیزانن و بەپێی بنەما جیاوازەکان مافی هەر تاکێکیش کە ئابڕووی لەکەدار نەکرێت. بەمجۆر ڕۆژنامەگەریش وەکو دەزگاکانیتری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکاندا کاری خۆی لە نێوان هاوڵاتیاندا جێبەجێدەکات بیّ ئەوەی کەسێك هەست بە دەسەڵات بکات.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەزگایەکن کە کاری گرنگیان پێسپێدراوی خۆیان هەیە کە پەیوەندییەکی زۆر توندی بە کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە پلە و پایەی زۆر لە دەزگاکانیتر بڵندترە پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە بێڕەچاوکردنی جۆری حوکم و دەسەڵات, بەڵام ڕۆژنامەگەری پەیوەستە بە هەموودەزگا کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە و لە ڕژێمی دیموکراتیدا ڕۆژنامەگەری بە قەبارە و توانایەکی بەهێز و وەستاوەوە بەشداری حیزب و ڕێکخراو وحکومەتەکە دەکات و چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووری تایبەتی هەیە.

لە بەریتانیا زۆرجار حکومەتی حیزبی بە ئارەزووی ڕۆژنامەکان و ئیزگە و کەناڵە ئاسمانییەکان نابن و تووشی ڕووبەڕووبوونەوەدەبن کە مافی چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنیان هەیە تا لە چوارچێوەی حیزبییەکە دەرچن و سەربەخوییان دەرکەویّ. ئەویش لە میانەی جێبەجێنەکردنی داوای حیزبەکان بە

بڵاوکردنەوەی یان نەکردنەوەی بابەتێك کە خواستەکانی تیا رەنگ بداتەوە و بە دڵیان بێت. لەسەرئەم بنەمایە ناتوانین بڵێن رۆژنامەگەری بەرهەڵستکار هەیە، بە تێگەیشتنی حیزبی لەم رژێمەدا، رۆژنامەگەری بە گشتی نەك بە تەنها رۆژنامەگەری حیزبی بە تەنها کە رۆژنامەگەری چاودێری میللەتە ( public watch dog) یان چاودێریکردنی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی دەکات، بۆ بەرژەوەندی جەماوەر پشتبەست بەو بیروڕایەی کە حکومەت دامەزراوێکە یان رۆڵی بنەڕەتی رۆژنامەگەری کە بەسەر هەموو دامەزراوەکانیتردا باڵادەستە و سەردەکەوێت لە گرنگیدا. لەسەر ئەم بناغەیەی کە ئەمجۆرە دەستتێوەردانە کاریگەری بۆ سەر دامەزراوی چاودێریکردن دەبێت, رۆژنامەگەریش کە ملکەچی رێکخستنەوەیە, دەبێتە مەبەستێك بۆ باڵەپەستۆی سیاسی کە لە بوونی رۆژنامەگەری بەرهەڵستکار کەمدەکاتەوە.
لەو رژێمە لیبراڵییەدا ئەوەی گروپی بەرژەوەندیخواز دەریدەچێنێت یان وەك پێیاندەڵێن (حیزبی سێیەم) لە رۆژنامەدا رۆڵیان تەسکدەبێتەوە لە سەرخستنی هەندێ کێشەی دیاریکراودا یان بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتێکی دیاریکراو وەك دژایەتیکردنی جیاوازی رەگەزی, قەدەغەکردنی بادە و مەی, بەرەنگاربوونەوەی جەنگ, دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و هەندێکیتر، بەڵام لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە مێژ بوو خەسڵەتی رۆژنامەگەری نهێنی ( Under Ground Press) براوە باڵای ئەو رۆژنامانەی لە ساڵی شەستەکاندا دەردەچوون کە گوزارشتیان لە بەرهەڵستکارانی داگیرکاری و لیبراڵی و جیاوازی

رەگەزی و لایەنگرانی چەپ و ئاشتی و مافی رەشپێستەکان و بزوتنەوەی ژنان و دژایەتیکردنی جەنگیان دەکرد. بە گشتی ئەو رۆژنامانەش لاواز بوون کە پشتبەستبوون زیاتر بە شێوازی وروژاندنی سۆز, بە پارەیەکی کەم و رۆژنامەنووسانێکی کەم و توانا و چاپێکی خراپەوە دەردەچوون، بەڵام بە لای رژێمە سۆسیالیستەکانەوە کە کاری رۆژنامەگەری تیادادەکرا وەك ئامرازێکی پروپاگەندە و ئامادەکردنی بزاوتێکیان بوو. رۆژنامەگەری بەرهەڵستکار لە سایەی ئەو رژێمەدا نەما, بە جیاوازی ناوەکانیشیانەوە, چ سۆشیالیستی یان مارکسییەت و چەپ, ئەوەی لە ئاکامی قەدەغەکردنیانەوە بەپێی یاسایەك بە بیانووی ئەوەی کە بالۆرەی بەرهەڵستکار دەکەوێتە نێو تاوانەکانی شۆڕشەوە کە دژ بە زاڵبوونی چینی کرێکارە لە ئەزموونی سۆڤیەتدا- کە ئەزموونی دایك-ە دەستوری فیدراڵی کە لە ساڵی (١٩٣٦)دا دەرچووە بەرهەڵستکاری و رەخنەگرتنی لە وڵاتی سۆڤیەتی قەدەغەکرد و ئازادی رۆژنامەگەری لەسەر چینی کرێکار کەمکردەوە و کار و پەیامی رۆژنامەگەری سنوردارکرد, دواتر بەکارهێنانی رۆژنامەگەری لەلایەن شیوعییەکانەوە نەبێت, کارێکە لە دەرەوەی گفتوگۆکردن لەسەری, بەم بنەمایە تەماشای رۆژنامەگەری بەهەڵستکار دەکرا کە رۆژنامەگەرییەکە دژ بە شیوعییەت و چینی کرێکار و دەوڵەتی شیوعی، بەڵام لە وڵاتانی دنیای سێیەمدا ناتوانرێت کۆبڕیارێك لەسەر تێگەیشتنی رۆژنامەگەری و بەرهەڵستکار دەربکرێت, بە هۆی بوونی رێکخراوی راگەیاندنی جیاوازەوە لە دنیای سێیەمدا بە بوونی جیاوازی گەورە بە جۆرێك یاسای

راگەیاندنی جۆراوجۆری تیایە کە گیرێخواردووە لە نێوان ئازادی و کۆتی ئازادیدا و لە نێوان موڵکداری گشتی و موڵکداری تایبەتدا بەپێی سروشتی سیستەمی سیاسی کە دانان بە بەرهەڵستکارییدا سنورداردەکات بە قایلبوون بە رۆژنامەگەری بەرهەڵستکار و لەو دەوڵەتانەی کە تاقە حیزبێك دەگرێتەخۆ حیزب هەموو دەزگاکانی راگەیاندن دەبێتە هی خۆی و لەو دەوڵەتانەی کە ریگەیەکی سیاسی گرتووە، رێگا بە فرەسیاسەت دەدات لەگەڵ دروستکردنی پارتەکان, رێگەش بە رۆژنامەگەری بەرهەڵستکار دەدات شانبەشانی کاری رۆژنامە حکومییەکان و ئەگەر پارتی دەسەلاْدار مایەوە کە لە بنەڕەتدا تاقە پارتێکە یان بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازییە دەست بەسەر زۆربەی رۆژنامەکاندا دەگرێت.

## ئەو کێشە و ئاستەنگییانەی
## رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبنەوە

هەر لە سەرەتای دەستبەرکاربوونیەوە ناتوانین پێوەرێك بۆ داهێنانی رۆژنامەنووس دابنێین تا ئەوکاتەی بابەتەکەی لە شێوەی گۆڤار یان رۆژنامە یان هەر بلاْوکراوەیەکیتر چاپ و بلاْودەکاتەوە، لە رۆژانی دەستبەکاربووندا زۆربەی رۆژنامەنووسان لە کەشوهەوایەکی سەخت و دژواردا کارەکانیان رادەپەڕێنن کە رووبەرووی مەترسی دەبنەوە و توانایەکی رۆحپڕوکێن و هێز و وزەیەکی زۆری پڕ لە خۆشەویستی پێدەبەخشن تا دانپیانانێکی کۆمەلاْیەتی بە کاری

ڕۆژنامەوانیدا بنرێ و قەرەبوویەکی ڕاستەقینە بکرێتەوە لەگەڵ مسۆگەرکردنی حەوانەوەیەکی دەروونی بۆ ڕۆژنامەنووسان و بە شێوەیەکی گونجاو پاراستنی مافەکانی ڕۆژنامەنووس کە بەشێکە لە کێشەکان و هەموو ڕێکخراوە ڕۆژنامەوانییەکان هەوڵی بۆ دەدەن.

## کێشە پیشەییەکانی ڕۆژانەی باو:

ڕۆژانە ڕۆژنامەنووس تووش و ڕووبەڕووی دوو کێشەی باو دەبێتەوە کە لە سروشتی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە هەڵدەقوڵێن:

یەکەم/ ڕەگەزی کات کە هەواڵ بناغەی دروستکردنی کاری ڕۆژنامەگەرییە وەك کەرەستەیەکی خێرایی فەوتاندن کە ڕۆژنامەنووس هەوڵی دەستکەوتنی دەدات کە ڕووداوەکانی ئەمڕۆش بۆ خێرایی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانە لە پێشبڕکێیەکی ڕۆژانەدان کە سبەی بەهایەکی نامێنێ لەوێشەوە بۆ تازەتر دوای ئەوەش ڕۆژنامەنووس کاردەکات و کاتیش وەك شمشێرە (deadline) یان ڕەگەزی چەرخ و سات کە بە شێوەیەکی بەردەوام زاڵن بەسەریا.

دووەم/ بەرتەسکیی شوێنی تەرخانکراوی بڵاوکردنەوە (newshole) کە ڕۆژنامە ناتوانێت ئەو هەموو بابەتانەی پێیدەگەن بڵاویانبکاتەوە, بۆیە گوڵبژێریان دەکات و لە شوێنێکی گونجاودا بڵاویاندەکاتەوە لەگەڵ بابەت و هەواڵەکاندا. زۆرجاریش ڕۆژنامەنووس بابەت و هەواڵی گرنگی دەستدەکەوێت بەڵام لەبەر کاتی دیاریکراو ناتوانێت بڵاویانبکاتەوە یان لەبەر نەبوونی جێگای

پێویست و شیاو لە رووپەڕی رۆژنامەکەدا, چونکە زۆر جار هەواڵ و بابەتی گرنگ و بە بایەختر هەن کە پاش کورتکردنەوەیان بلاّودەکرێنەوە.

فشاری تووڕەیی و دەروونی:

ئەگەر رۆژنامەگەری وەك هەندێك بە کاری گەڕان بە دوای ماندووبووندا یان گەڕان بە دوای راستییەکاندا باسیدەکەن ,ئەو گەڕانەیە کە رۆژنامەنووس کون و قوشبنەکانی بۆ دەگەڕێ و هەمیشە لە دلّەڕاوکێ و چاودێریکردنیاندایە, بە مەش لە حالّەتێکی دەروونی ئالّۆزدا دەژی, وەك بێتاقەت بوون و لەشداهێزران و سەرکەوتن و نسکۆو..تاد.

کە ئەمەش زۆرجار رۆژنامەنووسان تووشی نەخۆشییەکانی دلّ دەکات و بە پلەی یەکەمیش لە نێو رۆژنامەنووساندا ئەم نەخۆشییە بلاّوە بۆ نموونەش لە سالّی (١٩٦٠)دا کۆمەلّە پزیشکێکی شاری(سان فرانسیسکۆ)ی ولاّتە یەکگرتووکانی ئەمریکا هەستان بە رووماڵکردنی (٣٥٢٤)کەس تا لە پەرەسەندنی رادەی تووشبوانی نەخۆشی دلّ بزانن لەو شارەدا کە تەمەنیان لە نێوان (٣٩-٥٩) سالّیدا بوو تەندروستیشان لە باشیدا بوو.

پاش شەش سالّ لەو رووماڵکردن و پشکنینانەی پزیشکەکان لای خۆیان وەك تێبینی تۆماریانکردبوو بۆیان دەرکەوت ئەو کەسانەی کە نەخۆشییەکانی دلّ هەڕەشەیانە بۆ سەر تەندروستییان, زۆربەیان ئەوکەسانەن کە رۆژنامەنووس و فڕۆکەوان و ئەندازیار و گەڕۆکەکانی بواری کەشتییە ئاسمانییەکانن لە پێشەوە.

لە ساڵی(١٩٩١)دا پزیشکێکی ئیسپانی کە ئەندامی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئیسپانیا بوو, لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەی ئەوەی پێشوتری بلاوکردەوە و دەرەنجامەکانی سەلماندیان کە کاری رۆژنامەگەری هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی پەشێوی دڵ و حاڵەتی نیگەرانی و تێکچوونی کۆئەندامی هەرس. هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە روونبووەتەوە کە گوێگرتن و بەدواداچوونی هەواڵ مرۆڤ تووشی خەمۆکی (کابە)دەکات لەگەڵ شەکەتبوونێکی بەردەوام و کێشەی هەناسەدان و تەنگەپشوویی و بەرزبوونەوەی رێژەی زیاتری وەستانی دڵ لە نێوان رۆژنامەنووسەکاندا.

هەروەها ئاماژەشی بەوەداوە کە لە پاش بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر ژمارەیەکی ترسناکتر لە نەخۆشی تازە لە نێو

رۆژنامەنووساندا سەریهەڵداوە, ئەویش نائارامی دەروونی و تەقینی مێشك برینی گەدەیە. بەردەوام لە نێوەندە رۆژنامەگەرییەکانی بەریتانیا و ئەمریکا رێژەی پەشێوی و نیگەرانی و شەکەتبوون لە بەرزبوونەوەدایە, هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان کە بەردەوام کاری لەسەر دەکەن و بە هۆیەوە تووشی نەخۆشییەکانی کزبوونی چاو و نەمانی دیققەت و لەدەستدانی بیرکردنەوە (rsi)(repetivive stran injury) دەبن. لە ناوەراستی ساڵی نەوەتەکانی سەدەی بیستەمیشدا هەندێ لە ولاتانی عەرەبی لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامدا لەسەر چەند رۆژنامەنووسێکی کەنداونشین کە سەر بە سێ دەزگای رۆژنامەوانی بوون, لەو لێکۆڵینەوەیەدا بۆیان دەرکەوت کە

رۆژنامەنووسان پێش هەموو فشارێك تووشی فشاری دەروونی دەبن, بەتایبەت ئەو رۆژنامەنووسە بیانیانەی دوور لە ولاّتی خۆیان کاری رۆژنامەوانی ئەنجامدەدەن, هۆکارەکانیشیان گەڕاندووەتەوە بۆ ناسەقامگیری خێزانی و شوێنی کارکردن, بەتایبەتیش کارکردن لە رۆژنامە لیبڕاڵەکاندا, ترسی هەڵەکردن و ناشارەزاییان لە بواری سروشتی کارکردندا بە هۆی ئەم ولاّت و ئەو ولاّتەوە لا دروستدەبێت.

لەگەڵ ترسی لەناکاو خانەنشینکردنیان و بێبەشکردنیان لە دەرماڵە و پاداشت و سەپاندنی سەفەرکردنیان بۆ دەرەوە

بە مەبەستی کاری رۆژنامەوانی, بەلاّم پاڵەپەستۆی دەروونی کە رۆژنامەنووسی هاولاّتی لە کەنداوا تووشیدەبێت,

نەبوونی متمانەبەخۆبوون و شارەزایی و سەرکەوتن لەو کارەیدا کە پێیدەسپێرن و کەمی کاتی لە پێشدا بوو بۆ سەلماندنی شارەزایی بوون لە بواری رۆژنامەگەرییدا و گومان دروستبوون لەو بەرپرسیارییەتییەی کەی دەیدرێتیّ و هەستکردنی بەردەوام و خەون و ئارەزووی پێشڕەوایەتیکردن و پلەپایەی بەرز و ئیمتیاز و پارەودەسەلاّت کە زۆربەی رۆژنامەنووسان لە دەوری کۆبوونەتەوە هۆکارێکیترن بۆ ئەو پاڵەپەستۆیانە.

بەگژاچوونی بابەتیی:

بابەتیبوون بە هایەکی بنەڕەتی هەیە لە کاری رۆژنامەگەرییدا کە بەردەوام و بەپێی توانا رۆژنامەنووس لە هەولّی بەدەستهێنانیدایە، بابەتییش

وادەخوازێت کە (را) لە (راستی) جیابکرێتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی پاك و یەکسان بەپێی بەخشینی لایەنە جیاوازەکان کاتێکی تەواو و بۆ دەستپێکردنی دیدوبۆچوونی خۆی تا بتوانێت هەوڵ و زانیاری پێویست بخاتە خزمەت هاولاتیانەوە لەو رووداو و کێشانەی کە لە سۆراخی زانینیاندان یانی بێلایەنی لە جیاتی لایەنگریکردن و خۆتێهەڵقولتاندن و هاوبەشی و دوو رای جیاوازیش لەسەر بابەتیبوونی بنەڕەتی هەیە وەك دوو ئاراستەی جیاواز:

ئاراستەی یەکەم/ وایدەبینێ کە بابەتیبوون ئەفسانەیە و کاتی ئەوەش هاتووە ئەوانەی کە باس لە بابەتیبوون دەکەن زیاتر واقیعبینتر بن و دان بەوەشدا بنێن کە بابەتیبوون شتێکە بوونی نییە, تەنها لە مێشکی خۆیاندا نەبێت کە پێویستە راپۆرتی بابەتی دەستپاکبێت و بە راستی بوترێت و وێنەیەکی باوەڕپێکراوی بوون بێت بەڵام ئەم راپۆرتانە لە کوێن.؟

پەیامنێرێکی رۆژنامەنووس هەموو راستییەکان بزانێت و لە توانایشیدا نەبێت راپۆرتێك بنووسێ و هەموو رەهەندەکانی بوون بگرێتەخۆ و پاڵپشتی رای خاوەن ئەم لایەن و توێژینەوە زانستییە بەڵگەدارانە و توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژییانە بکات. لە دەربڕین و وەسفکردنیا زانای ئەنسرۆپۆلۆژی بەناوبانگ (ئەدوار هۆك) باس لەوە دەکات چۆن رۆشنبیری کاریگەری دەبێت لە ناردنی نامەی پەیوەندی کەسێ بەو رێگایەدا و چۆنیش وەریدەگرێت بە وتەی ئەو (رۆشنبیری قاڵبێکە و تیایداین و بە رێگەگەلێکی جیاوازدا زاڵە بەسەر ژیانی رۆژانەماندا). (ولیۆر شرام)یش وایدەبینێ کە پرۆسەی رووبەڕووبوونەوەی دیاریکردن پرۆسەیەکی

نەخەملێو نییە بۆکۆمەڵ بۆ ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی ئەو ناوەڕۆکەی وەك پێویست دەیەوەێ بۆ لە قسەلەسەرکردن و هەروەها هەڵبژاردنی هەواڵ کە خۆیان دەستنیشانیدەکەن لەبەر روونـاکی پسپۆریاندا راڤەی دەکەن تا بەرەنگاری گۆڕانکارییە رۆشنبیرییەکان ببنەوە لەو چوارچێوەیەی بیریاندا.

ئاراستەی دووەم/ هاوەلاٚنی وایدەبینن کە بابەتیبوون ئامانجی رۆژنامەنووسە ودەکرێت جێبەجێبکرێت و دەکرێت رۆژنامەنووس بابەتیبێت گەر ویستی و هەوڵی بۆ دا, ئەگەر نەشگات بەو شێوازە بابەتییەی کە هاوەلاٚنی یەکەم قسەیان لەسەر بوو لە ئاراستەی یەکەما, هەر دەتوانێت بگاتە پلەیەکی بابەتیبوون و بیسەلمێنێت کە بابەتیبوون تێگەیشتنێکە واتادار نەك ئەفسانەیەکی رەها.

ئەو پرسیارە بنەڕەتییەی کە هاوەلاٚنی ئەم ئاراستەیە بابەتیبوونە لایەنگیری دەکەن ئەوەیە هەڵوێستی نوێنەر چییە.؟ راپۆرتە هەواڵ و ئاراستەی کۆمەڵی.. ئایادەیەوێت بێلایەن بێت یان دەیەوێت نایاب بێت.؟.. بابەتیبوون لە سایەی ئاراستەیەکی بێلایەندا لەوانەیە ببێتە تێگەیشتنێکی واقیعیانە لە دەستگاکانی راگەیاندندا, سەرەڕای هەموو کۆسپێك بابەتیبوون خوازیارە لە هەموو رۆژنامەکانی دونیا ناوەناوە هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی خۆی بکات.

چاودێریکردن:

دامەزراوەی چاودێریکردن کە بەسەر دەزگاکانی راگەیاندندا سەپێندراوە لە نێوانیاندا رۆژنامەگەری گرنگترین کێشەیە کە رووبەڕووی

رۆژنامەنووسان دەبێتەوە لەو وڵاتانەدا و دوو شێوازی پیادەکردنی جیاوازی چاودێریکردن لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا هەیە.

یەکەم/ چاودێریکردنی راستەوخۆ یان پێشکەوتوو ئەم جۆرانەن:

١/ چاودێریکردنی پێشوتر لەسەر بڵاوکردنەوە, بە واتای بوونی چاودێرییەکی بەردەوام لەسەر دەزگاکانی راگەیاندن کە پیادەی کاری خۆیان دەکەن لە وەزارەتی ناوخۆ یان وەزارەتی بەرگری یان وەزارەتی رۆشنبیری یان راگەیاندن کە هەموو بابەتێکی رۆژنامەگەری دەخوێندرێتەوە پێش بڵاوکردنەوەی کە دەشێت یان ناشێت بۆ بڵاوکردنەوە و زۆر برگەی لێدەقرتێندرێت یان بەشێکی ئەو بابەتە تا رێگا بە بڵاوکردنەوەی بدرێت.

٢/ چاودێریکردنی دوای بڵاوکردنەوە و پێش دابەشکردن, بە جۆرێك کە ناهێڵێت ئەو بابەتە رۆژنامەوانییانە دابەشبکرێن و بگەنە خوێنەران, ئەویش بە دەستبەسەراگرتنی ژمارەی ئەو رۆژنامەیە کە لە چاپخانەوە ئامادەکراوە بۆ دابەشکردن و قەدەغەکردنی دەستاودەستیشی.

٣/ چاودێریکردنی دوای دابەشکردن و بڵاوبوونەوە, ئەویش بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هەموو ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە لە بازاڕەکاندا و دەستبەسەراگرتنی بە فەرمانێکی کارگێڕی یاخود یاسایی.

دووەم/ چاودێریکردنی ناراستەخۆ کە ئەم شێوازانەیە:

١/ دەرچوونی لیستی رێنماییەکان یان راسپاردە و ئاراستەی حکومی دەربارەی هەندێ هەنگاوی تایبەت بە بڵاوکردنەوە کە وەك وتەیەکی باو دەوترێت کە بەرژەوەندی نەتەوەیی وادەخوازێت یان واپێویست دەکات.

٢/ خۆتێهەڵقورتاندن لە شێوازی چارەسەرکردنی ڕۆژنامە کە پەیوەندی بە ڕووداو و کێشە دیاریکراوەکانەوە هەیە.

٣/گیرۆدەبوونی کەسانی ڕاگەیاندن بە فشارخستنە سەریان وەك ماوەی زیندانی کردن – دەرکردنی لە ڕاژە – سزادان- یان فشاری مەعنەوی وەك (هەڵخەڵەتاندن و فریودان – تۆقاندن – قەدەغەکردن لە نووسین – گواستنەوەی بۆ تەمەنێکیتر ).

٤/ سەپاندنی چاودێری بە بەکارهێنانی هەندێ دەربڕین و ناولێنان وەك هەندێ دەیان بینی کە ئەم تەمومژ و لاستیکییە –وەك ڕای گشتی – یان بەرژەوەندی نەتەوەیی – پاراستنی یەکێتی نیشتمانی – ئاسایشی نەتەوەیی – بەرگرییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا – پاراستنی ڕژێمی گشتی, ئاوا درێژدەبوونەوە وەك پەرژینێك تا دەسەڵات خۆی پێ بپارێزێ لەگەڵ کەسانی کاربەدەست دوور لە ڕەخنە لێگرتنیان.

٥/ ئەو چاودێریکردنەی سەرنووسەر یان بەرپرسی لاپەڕە پیادەیدەکات.

٦/ کۆتکردنی ئازادی بەدەستهێنانی هەواڵ لە سەرچاوە و ئازادی گەڕانەوە بۆ چاوگی هەواڵەکان هەروەها لەکۆمەڵگا دوواکەوتووەکاندا هەندێ پاساو بۆ چاودێریکردن دەهێننەوە وەك:

١/ هەندێ بیرۆکە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەریدەبڕن, ترسناك و پووچەڵ و قەڵپن لە دیدی هەندێ لە بەرپرسانەوە.

٢/ بانگەشەی دەستەیەك یان گروپێك لە كۆمەڵ كە وەك هەڵبژاردە خۆیان حسابدەكەن, بەسەر بەشەكانیتری كۆمەڵدا, وایلێكدەدەنەوە كە لە هەموو كەس زیاتر بە ئاگا و تێگەیشتوون و دواتر چاودێری دەخەنە سەر هەندێ بیری پەیوەنددار كە ئامانج لەوەش پاراستنی رەوشی گشتی ئەو گروپ و دەستەیەیە كە خۆیان وەك هەڵبژێردراو دەزانن و دەسەلاتی بەسەر فەرمانڕەوایەتییدا دەمێنێتەوە.

٣/ سەپاندنی چاودێری بەسەر بیروورادا كە رێوڕەسمە گشتییەكان پێشێلدەكات یان ئابڕوو لەكەدار دەكات یان رەشی گشتی.

٤/ سەپاندنی چاودێری بەسەر هەواڵ و وێنە و بەیاننامەكاندا كە دەسەڵات وایدەبینێ نهێنیە و ئاشكراكردنیان زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی گشتی و سیستەمی كۆمەلایەتی دەگەیەنێت، بەلاّم لە ولاّتە پێشكەوتووەكاندا بەتایبەت لە ئەوروپا ولاّتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا جۆرێكیتر لە چاودێریكردنی واتایی هەیە تا دەزگاكانی راگەیاندن لە چوارچێوەی بەرپرسیارییەتی كۆمەلاّمەیتییدا ئەنجامیبدەن كە بریتین لە هەندێ دەزگا كە چاودێری هۆكارەكانی راگەیاندن دەكەن لە كۆمەڵدا بەپێی ئازادی بەرپرسیارییەتیبوون وەك ئەنجوومەنی رۆژنامەگەری,گەلاّڵەنامەكانی ئابڕووی راگەیاندن, كۆمەڵە و دەستەی رۆژنامەكان كە پێكهاتوون لە رێكخراوە راستەوخۆییەكان و رۆژنامەنووسان, رەخنەگرانی رۆژنامە,دەستەی فشار.

جۆرێکی تر لەچاودێری کردن وەك لێکۆڵەرەوە عەرەبەکان دەیبینن ,کەدوا شێوازی چاودێری کردنی ئێستای دەزگاکانی راگەیاندنە, ئەویش چاودێریکردنی خۆیەتییە (ذاتیە) کە سەرنووسەر و رۆژنامەنووسان و نووسەران پیادەیدەکەن ئەویش بە خۆتێهەڵقورتاندن بێ پێویست بوون بە چاودێرکردنی فەرمی لە خۆیانەوە. ئەمیشیان (د.سلیمان جازع شەمەری )دەیکات بە دوو بەشەوە کە جیاوازی لە پێناسە و ریزبەندکردنیاندا هەیە:

یەکەم/ چاودێری خۆیەتی خراپ کە ملکەچی بارودۆخی دەرەکییە, وەك فشاری راستەخۆ و ناراستەخۆی حکومەت خۆی.

دووەم/ چاودێری خۆیەتی چاك کە ملکەچی دارشتنەوە و پابەندبوون و ویژدانی رۆژنامەنووسان و نووسەرانە.

**بەرەنگاربوونەوەی تەکنەلۆژیا:**

پڕمەترسیترین بەرەنگاربوونەوەی ئێستای رۆژنامەنووسان کە شۆرشی تەکنۆلۆژیا لە بواری زانیاری و گواستنەوە و پەیوەندییە نوێکارییەکان و ئاکام و دەرەنجامی چاوەڕواننەکراوا بۆ ئاییندەی رۆژنامەگەری و پیشەسازی و کار دەبینێت،(ئیبراهیم نافیع ) لەمبارەیەوە هوشیاریداوە کە پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای پەخشی راستەوخۆی تەلەفزیۆن رەنگدانەوەی بەسەر راگەیەندراوی نووسراو و بیستراودا دەبێت کە ئاکامی چاوەڕوانکراوی بۆ دەستنیشانکردووە وەك:

١/ زاڵبوونی راگەیاندنی بینراو و زمانی وێنە لە مێشك و دیدی مرۆڤا بەتایبەت پاش بلاْوبوونەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان ئامێرەکانی پێشوازیلێکردن لەسەر زەوی و هەوایی پێشکەوتوو لە پاڵ تەلەفزیۆنی پڕتەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو.

٢/ دەسەلاْتداریێتی راگەیاندنی بینراو کە لە سۆنگەی باوەڕبوون بە ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانەوە بەرنامە و وێنە لە ئاسمانەوە پەخشی خۆی دەکات و لە توانای چاودێری سیاسی و یاسایی قوتدەدات بە پەخشی راستەوخۆ.

٣/ قوتدانی کۆت و پەیوەندی یاسایی و سیاسی و نەریتی باو کە دەسەلاْت بەسەر هۆکارەکانی راگەیاندنەوە لە هەندێ ولاْتدا هەیەتی و کێشە بۆ کار و جوولاْنەوەی ئازادی کارمەندانی دروستدەکات.

٤/ ئازادی دەبێتە هۆکارێکی بلاْوبوونەوە و دزەکردنی ئەو وێنە و زانیارییانەی کە لە ئاسمانەوەدێن تا راگەیاندنی بینراو کاتێکی تەرخانکراو بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەکان وکات بەسەربردن لە پێگە باوەکەی خوێنەرەوە کە دواتر کاریگەری بۆ سەر پیشە و جێگا و شوێنی کارمەندان دەبێت بۆ بەرژەوەندی کارمەندانی راگەیاندنی بینراو لە کەناڵە ئاسمانییە بیانی و عەرەبییەکان.

٥/ تەشەنەکردنی بەرفراوانی راگەیاندنی بینراو کە دەبێتە هۆی لێگرتنەوەوی بناغەی خوێنەر بەتایبەت لەو ولاْتانەدا کە رێژەی نەخوێندەواری تیا زۆرە..

یەکێك لە دیاریدەترین شۆرشی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان دیاردەی پاشکەوتن و پاشەکشێ پێکردنی دەزگاکانی راگەیاندنی چاپکراون لە ئاست

تەلەفزیۆندا بەو پێیەی کە سەرچاوەی زانیاری پەسەندە لای جەماوەر لە ماوەی ئەو چل ساڵەوە تائێستا هەموو خەڵك قەبارە و ئاستی ئەو دیاردەیە نازانن.

لە ساڵی(١٩٦٠)ەوە تا ساڵی (١٩٩٥) کۆی سەرجەم ڕۆژنامە دابەشکراوەکانی ئەمەریکا لە دەوروبەری (٥٩) ملیۆن ژمارەدا جێگیر بوو، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا لە (١٨٠) ملیۆن کەسەوە گەیشتە (٢٦٠) ملیۆن کەس لەو دەمەدا. ئەمەش مانای دابەزینی ئاستی خوێندنەوە لە تاکدا بە ڕێژەی سێیەکە. هەندێکیش وایدەبینن کە ئەو ڕێژەیە ڕوو لە زیادبوون بێت. بە ڕێژەبەك بگاتە نیوە لای ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ کەمترە. بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە تەمەنیان لە (٦٥) ساڵ زیاترە. ئەم گۆڕانەش لە چێژی کۆمەڵدا و هەڵواسینی بە وێنە بزوێنەر و ڕەنگامەکان کە تەلەفزیۆن پێشکەشیدەکات بە دەقی پیشاندراو دەناسرێت یان کەناڵەکانی زانیاری تەلەفزیۆنەوە یان ڕۆژنامەی چاپکراوی پەخشبووی سەر تۆڕی ئینتەرنێت کە جۆرێکە لە بەرەنگاربوونەوەی پیشەی ڕۆژنامە نووسی هاوچەرخ کە بە هەموو هۆکارێکی چاپکراو و پێداویستییەکانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ و پێشکەوتنی نووسین یان وێنەگرتن یان دەرهێنانی بابەتێکی ڕۆژنامەوانی کە لە ڕۆژنامەیەکی چاپکراودا دەخوازێت کۆششی دووبارەبکرێتەوە بۆ ئامادەکردنەوەی ڕۆژنامەنووسان و ڕاهێنانەوەیان بۆ پیشەکانیان و ئامادەکردنی ڕۆژنامەنووس بۆ ئایندە بەپێی بنەما تازەکانی گونجاندن لەو گۆڕانکارییانەی لە دروستکردنی ڕاگەیاندندا دەبێت.

**بەرەنگاربوونەوی تیرۆر و تۆقین:**

ساڵی نەوەتەکانی سەدەی بیستەمی رابردوو کردەوەگەلێکی زۆری توندوتیژی دژ بە خاوەن قەڵەم و بیرمەندان و رۆژنامەنووسان و نووسەران بەخۆوەبینی، بەپێی ئەو ئاماژانە کە هەندێ پسپۆڕی یۆنسکۆ رایانگەیاندووە (١٥٠٠)حاڵەت لە ساڵێکدا روویداوە کە دەستدرێژی تیاکراوەتە سەر ئازادی رۆژنامەنووسان هەروەها ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە ساڵانە لەناودەچن لە سەرووی (٦٠) کەسەوەن.

لە راپۆرتێکی (رۆبیرت رۆزینبلات)دا ساڵی (١٩٩٨) ئەوەی ئاشکراکردووە کە لە نێوان (١٩٨٦-١٩٩٧) نزیکەی (٤٧٤) رۆژنامەنووس کوژراون، ئەمەش لە میانەی راپەڕاندنی ئەرکە رۆژنامەوانییەکانیاندا بەمجۆرە: کیشوەری ئەمریکا(١٢٠)، ئەوروپا(١٢٨)، رۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا(٩٥)، لە نێوانیاندا (٦٠) لە جەزائیر،(٧٨) لە ئاسیا،(٥٣) لە ئەفریقا، ژمارەکان دەڵێن تەنها لە ساڵی(١٩٩٥)دا(١٨٢) رۆژنامەنووس لە (٢٢) ولاتدا زیندانیکراون کە(٤٦) کەسیان لە پێنج شوێنی جەنگدا کوژراون کە(٢٤) یان لە جەزائیر بووە.

لە ئاستی ولاتانیشدا، لە هەندێ ولات لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا رفاندن، کوشتنی رۆژنامەنووسان و نووسەرانی بەخۆوەبینیووە کە لەلایەن باندە تیرۆریستەکانەوە ئەنجامدراون بۆ نموونە تەنها لە مانگی نۆفەمبەری (١٩٩٥)دا گەلێك رووداوی تیرۆریستانە دژ بە رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە لە مانديلا پێنج

چەکدار وتەبێژی فەرمی بە ناوی سەرۆکی پێشوو(کورازون ئەکینۆ) لە پیتەختی ئەو ولاتەدا دەسگیرکرا و دواتر لە بەرانبەر(٤٠) هەزار دۆلاردا ئازادکرا، ئەو وتەبێژە پاش ئازادکردنی وتی ئامانج لەو کارەی تیرۆریستان ترساندن و تۆڵەسەندنەوە بووە لە ناخمدا، بە هۆی ئەو نووسینە بوێرانەمەوە کە لە رۆژنامەی (فلبین ستار)دا بلاۆمکردووەتەوە.

لە (کۆلۆمبیا)ش سیاسەتمەداری بەناوبانگ (ئەلفاروجوبیز هورناردو) لە پێش یەکێك لە زانکۆکانی (یوگوتا)دا تیرۆرکرا. پاش ئەوەی تازە لە وتنەوەی وانەیەکی ببووەوە، هورناردۆی تەمەن (٧٦) ساڵ پێش تیرۆرکردنی چەندین بابەتی بە پێزی لە رۆژنامە بەرهەڵستکارەکاندا بلاۆکردبووەوە کە تیایاندا داوای وازهێنان و دەست لەکار کشانەوەی سەرۆکی کۆلۆمبیا (ئەرنستۆ سامبیر)ی دەکرد. پاش ئەوەی بەوە تاوانبارکرابوو کە بە پاڵپشتی و کۆمەکی باندە تلیاکفرۆشەکان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی (١٩٩٥)دا دەرچووە. لە ئاستی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش دواچارەکی سەدەی بیستەم گەلێك توندوتیژی لەلایەن گروپە تیرۆریستەکانەوە دژ بە رۆژنامەنووسان ئەنجامدران کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عەرەب ئەم پێشێلکارییانەی بە هەند وەرگرت و لە بەیاننامەیەکدا لیژنەی هەمیشەیی ئازادی رۆژنامەنووسان بلاۆیکردەوە لە میانەی کۆنگرەیەکدا کە لە رۆژانی ٧و٨ی مانگی ئازاری ١٩٨٢ لە پایتەختی تونس بەسترا ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسە عەرەبانەی کە لە نێوان سالانی (١٩٧٩-١٩٨٥) کوژراون لە ژمارەی هەموو

رۆژنامەنووسە کوژراوەکانی دونیا زۆرتر بووە, هەر لەو راپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە رۆژنامەنووسانی عەرەب بە لای کەمەوە لە دوو مانگدا رۆژنامەنووسێکیان لێدەکوژرێت, جگە لە رفاندن و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوەیان لە پیشەکانیان و دەستبەسەرکردنی زۆرەملێیان. بەمجۆرە رۆژنامەنووسی عەرەب تووشی راونان و دژایەتیکردن و بێبەریکردنیان لە پیشەکانیان دەکرێن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتی سەرکوتکردنەی کە دەزگا ئەمنییەکانی عەرەب دژ بە رۆژنامەنووسان و پیشەکانیان لە ئازادی رۆژنامەگەریدا لە وڵاتانی عەرەبیدا بەردەوام پیادەیدەکەن.

لە ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠)شدا رۆژنامەنووسانی لوبنان زیاتر لە هەموو وڵاتێکی عەرەبی ئەو پشکەیان بەرکەوتووە لە دزین و راونان و هەڕەشە و توندوتیژی نواندن و رکەبەرایەتیکردن و کێشە بۆ دروستکردنیان کە تەنها لەو ماوەیەدا (٤٠) رۆژنامەنووس گیانیان لەدەستداوە, لە ناویاندا نەقیبی رۆژنامەنووسان (ریاز تەها).. هەر لەو راپۆرتەدا ناوی چەندین رۆژنامەنووسی کوژراو هاتووە, لەوانە رۆژنامەنووسی عێراقی (عادل وەسفی) کە لە ١٩٧٩/٥/٢٠ لە بەیروت کوژرا و رۆژنامەنووسی لیبی(محەمەد موستەفا رەمەزان) کە لە ١٩٨٠/٤/١٥ لە لەندەن کوژرا و رۆژنامەنووسی سوری(فایەق محەمەد ) کە لە ١٩٨٠/٩/٣٠ لە حمس کوژرا و رۆژنامەنووسی لوبنانی (سەلیم لوزی) کە ١٩٨٠/٢/٢٤ رفێندرا و دواتر لە ١٩٨٠/٣/٤ لاشەکەی دۆزرایەوە و رۆژنامەنووسی سوری (سەلاحەدین بیتار ) کە لە١٩٨٠/٩/٢١ لە پاریس کوژرا

و رۆژنامەنووسی سعودی (ناسر سەید) کە١٩٨٠/١٢/١٧ رفێندرا و رۆژنامەنووسی لوبنانی (عەباس بەدرەدین) کە ١٩٨٧/٨/٣١ کەس نەیزانی چی لێ بەسەرهات و چەندانیتریش.. هەروەها تەقاندنەوەی چاپخانەی شەعب لە بەیروت و چاپخانەی رۆژنامەی (ئەلڕەئی ئەلعام)ی کوەیتی و چاپخانەی گۆڤاری (ئەلکیفاح ئەلعەرەبی)یش هەر لە بەیروت چەند جارێ دەستدرێژی کرایەسەر. لە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٦٦دا لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنووسان لە یونسکۆ لە بەیاننامەیەکدا بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئازادی رۆژنامەنووسانەوە لیستێکی بە ناوی (دوژمنانی رۆژنامەگەری )ییەوە لە جیهاندا بلاوکردەوە کە لە دە پسپۆری یونسکۆ پێکهاتبوون, باسیان لە ترسناکی رەوشی رۆژنامەنووسان کردبوو کە چۆن تووشی توندوتیژی و تۆقاندن و کوشتن دەبنەوە. لە سەرووی ئەو تاوانبارانەوە توندڕەوی جەزائیری کە ناوی(عەنتەر ئەلزەوایری) هاتووە کە کوشتنی (٥٨) رۆژنامەنووسی لە ولاتەکەیدا خستە ئەستۆی خۆی کە لە نێوان سالانی (١٩٩٣-١٩٩٤-١٩٩٥)دا ئەنجامیداون و هەڕەشەشی لە هەموو رۆژنامەنووسان کردبوو. دووەمین ناویتری ئەو لیستەیە ولاتی (چین)ە کە لەو راپۆرتەدا ئاماژەی دراوەتێ کە سەرۆکی ئەو ولاتە (دینج هیسیاو بنج ) رۆژنامەگەری تیا کوت و پەیوەند کردبوو..

لە ولاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی پێنج بە قەدەر ژمارەی دانیشتوانی دنیایە و دەسەلاتداری سەربازی نەیجیری (ئەباتشا) بە پلەی

سێیەمی ئەو ڕاپۆرتە هاتووە کە بە نهێنی دادگایی ڕۆژنامەنووسانی دەکرد و زۆریشیانی بە نهێنی بەنددەکرد, هەر لەو ڕاپۆرتەدا ناوی چەندین سەرۆك وڵات و لایەنی جیاجیای دنیا خراوەتەڕوو لە هەمووشیان دیاریتر سەرۆکی کوبا(فیدڵ کاسترۆ) و(دانیاڵ ئاراپ سۆی)ی کینی و(ئیمام عەلی رەحمانۆف)ی تاجیکی و(فلادیمیر مسیار)ی سلۆڤاکی، هەروەها کۆمەڵەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە کە ناوی ئەو (١٠) دوژمنە سەرەکییەی ڕۆژنامەنووسانی لەخۆگرتووە کە لە ساڵی (١٩٧٧)دا توندوتیژیان نواندووە کە سەرکردەی ئەو دوژمنانەش بە پلەی یەکەم جەنڕاڵی نەیجیری (سانی ئەباتشا)یە و دوای ئەویش جەنڕاڵ (بورما سان شوی) و سەرۆك (نەلیلا رووسی ئەکساندەر لۆکا شینکۆ) و سەرۆکی کوبا(کاسترۆ) و سەرۆکی پێشووی ئەندەنووسیا (سۆهارتۆ) و سەرۆکی تورکمانستان (سبارمورادنیازۆف) و سەرۆکی ئەسیوبی(میلیس زیناوی)هاتووە.

لە مانگی ئازاری (١٩٧٧)یشدا ڕۆژنامەی (ئەلحەیات) ڕووبەڕووی چەندین کردەوەی تیرۆریستی بووە و کە ئامانجیان لەناوبردنی کارمەندان و ڕۆژنامەنووسانی ئەو ڕۆژنامەیە بوو، ئەویش لە میانەی نامەی بەمینچێنراوەوە و لە نووسینگەی ڕۆژنامەکە لە باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەك دۆزرایەوە, ڕۆژانیتریش سێ نامەیتریش بە هەمان مەبەست دۆزرانەوە, لە لەندەنیش نامەیەکی بەمینچێنراو بە دوو پاسەوانی باڵەخانەی ڕۆژنامەکەدا تەقییەوە, هەربۆیە ڕۆژنامەکە لە سەروتارێکیدا باسی ئەوەی کردبوو کە

هەڕەشەی نامەی بەمینچێنراو و هاوشێوەکانی شتێك لە رۆژنامەکە ناگۆڕێ و رۆژنامەکەش بەردەوامە لەسەر گەیاندنی بیروباوڕ و پەیامی خۆی و تێکۆشانی بە شێوەیەکی پیشەیی و بابەتیانە و هەستکردن بە لێپرسراویەتی بە بێ دەمارگیری و هەڵچوون.

نووسەری رۆژنامەکەش (ئەمیرخالیدی کوڕی سولّتان عەبدولعەزیز) لە سەروتارێکیدا دەنووسێت: ئایا ئەمە سەرەتایە یان کۆتاییی.؟ ئەمە تیرۆری هزر و بیرە یان قەدەغەکردنی راوبۆچوون.؟ بە ئەوەیش روویدا لە رۆژنامەکەدا دەڵێت: ئەو رەفتارەش بەسەرچووە و ئێمە واین لە نزیکبوونەوە لە سەدەی بیست و یەکەم, ئەمجۆرە رەفتارانەش بە ئامانج ناگەن, بەپێچەوانەوە بە ئامانجکرا و گورِوتینێکیتر دەبەخشێت, لە درێژەی ئەو سەروتارەیدا هاتووە: ئەوەی ئێمە لە رۆژنامەی (ئەلحەیات)دەیلێن و بلاّویدەکەینەوە رۆژنامەکانیتریش باسیدەکەن کە بەڵگە و بوونی رووداوەکان بابەتیانە و بە ئامانەتەوە دەگوازینەوە, رۆژنامەکەشمان کراوەیە بۆ رای لایەنگران و پێشوازیش لە دژە راکان دەکەین.

## تەکنۆلۆژیای رۆژنامەگەری:

شیکردنەوەی قووڵی ئەو گۆڕانکارییانەی لەد امەزراندنی رۆژنامەگەرییدا لە ولاّتانی دنیادا دەکرێت ئەم شەقلاّنەمان بۆ دیاریدەکەن لە هەموو قۆناغەکانی کاری رۆژنامەگەری و دەرچواندن و بەرهەم و بەڕێوەبردن لە پۆپەی سەردەمی زانیارییەکاندا.

**رۆژنامەی ئەلیکترۆنی**(Electronic Journalism):

به رۆژنامەگەری ساڵی نەوەتەکان دەوترێت رۆژنامەی ئەلیکترۆنی یان رۆژنامەگەری پشتبەستوو بە کۆمپیوتەر(computer assisted journalism) هاوکات کۆمپیوتەر لەگەڵ تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکاندا وەك تیلیکس و فاکسمیل و مانگی دەستکرد لە هەموو بوارەکانی کادرا یەکیانگرتەوە بە جۆرێك رۆژنامەنووسی بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان پشتیان پێدەبەستێت تا گەلاڵەیانبکات و بیگەیەنێتە رۆژنامەکەی, هەروەها لە میانەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە رۆژنامەنووس خێراتر کارەکانی بۆ مەیسەردەبێت وەك هۆکارێکی ئاسانکاری لە بواری رۆژنامەگەریدا. ئەمەش هاوبەشییەکی باشی کردووە بۆ ئاسانکردنی کاری رۆژنامەگەری و خێرایی لە دەرچوواندن و بڵاوبوونەوە بەمەش رۆژنامەنووس دەتوانێت لە دوورترین شوێنەوە هەواڵ و زانیارییەکان بە هۆی کۆمپیتەر و فاکس و پرۆگرامەکانی راگەیاندن و مانگەدەستکردەکانەوە پەیوەندی بە ناوەندی هەواڵەوە بکات، هەروەها لە گەیاندنی وێنە و شریتی ڤیدیۆی و.. تاد.

رۆژنامەگەری سوودێکی چاکی لە پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی زانیارییەکانی( communication technology) وەرگرتووە, تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەش کە بواری پێشکەوتن و پەرەپێدانی و دروستکردنی پەیوەندییەکاندا باڵادەستن, بەو کۆمەڵگای زانیاری لەو کۆمەڵگاکانیتر جیادەکرێتەوە بە سیمای هاوچەرخی و دیاردەیەکی پێشکەوتن ناوی دەبەن بە

گشتی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی کۆمەڵێك زانیاری و پسپۆری و لێزانی کەڵەکەبوون بەردەستی هۆکارەکانی ماددی و بەڕێوەبردنی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تاقیکردنەوەیان بۆ بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و چارەسەرکردن و ئاڵوگۆڕکردن و بلاوکردنەوەیان یان گەیاندیان بە تاکی کۆمەڵ کە پراکتیزەکردنی ئەو کارانەش بەکردەوە رەهەندێکی کۆمەلایەتی فرەلایەنی تەکنۆلۆژیای ئابووری و زانستی و دەروونی هەیە کە زۆر بە توندی پەیوەندی بە پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگاوە هەیە, بۆ نموونە تەلەفزیون یەکێکە لە ئامرازە پەیوەندییە باوەکان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا, بەلام تەکنۆلۆژیای پەیوەندییە تازەکان ئەم شتانە دەگرێتەوە:

١. مانگە دەستکردەکان
٢. تۆڕی تەلەفزیۆنی سلکی
٣. مانگە پەیوەندییەکان کە بە تۆڕی کێڵبەوە بەستراونەتەوە
٤. رێکخستن و دابەشکردنی فرەلایەنی
٥. تۆڕی بینینی چاو
٦. تەلەفزیۆنی توانای لە رابەدەر
٧. رێکخستنی پەخشی ئێستگەی لە رادەبەر.

وردەکاری زانیارییە پێشکەوتووەکان کە ئەمەش لە میانەی تێهەڵکیش بوونی سیانی, ئەلیکترۆنی وردیلە, کۆمپیوتەر, ئامرازە تازەکانی پەیوەندیکردن, کە ئەمەش هەموو ئامێرەکان دەگرێتەوە وەك ریکخستنی پرۆگرامەکان کە

پەیوەندییان بە ئاڵوگۆڕکردنی ئامێرەکانی زانیارییەوە هەیە, لە ناردن و وەرگرتن و چارەسەرکردن و ریکخستن و پیادەکردن و شیکارکردنەوەیی و هەڵگرتنی و پاراستنی یان کۆپیکردن و ناردنی بە شێوەیەکی گونجاو بۆ شوێنە دوورەکان لە شێوەی بینین و بیستن و دنیاش بە هۆی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییە تازەکانەوە لە قۆناغێکیتری پێشکەوتنی پەیوەندییەکاندا دەژی, ئەم قۆناغەش لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستیپێکرد و هاتەکایەوە و تائێستایش بەردەوامە کە ئاوێتەبوونی زیاتر لە تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان و زیاتر لە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی. ئەویش گەیاندنی نامەی پەیوەندی بەوە پێی دەڵێن تەکنۆلۆژیای کارلێکردن (interactive technology) یان تەکنۆلۆژیای فرە میدیا(muitimedia technology) ئەم قۆناغەش بە ئامرازی بڵاوبوونەوەی نوسینگەیی ( desktop publishing) دەستیپێکرد کە کۆمپیوتەر دەگرێتەوە بۆ بەکارهێنانی هەر کەسێك بۆ راپەڕاندنی کارەکانی لە دەقی سەرەتا و ئەسڵی ئەو نووسینە کە نووسیویەتی تا قۆناغی کۆتایی نووسینەکەی کە ئەو کۆمپیتەرەش لە چەند پارچەیەك پێکهاتووە کە دەیزانین.

دوای ئەویش ئامرازی بڵاوبوونەوەی نووسینگەی ئەلیکترۆنی وەك سیستەمی دەقی پێشاندراو(televised texts) و فیوداتا و سیتەمی پۆستەی ئەلیکترۆنی (electonic maill) و رۆژنامە و گۆڤار کە لەسەر سیدی تۆماردەکرێن یان (دیسك) کە دەتوانرێت هەڵبگرێت و بخوینرێتەوە و ببنرێت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەریان تەلەفزیۆن یان گوێ ی لێبگرێت بە هۆی ریکۆردەرەوە (لواکمان).

لــە چوارچــێوەی ئەوانــەی پێــشوودا مــاڵ و نووســینگەکان بوونەتــە ناوەنــدێکی تــەواوی زانیــاری پەیوەندییــەکان کــە هــەموو ئامرازەکــانیتری پەیوەنــدیکردنیان پێوەدەبەســترێتە وە وەك فــاکس و تەلــەفزیۆن و ڤیــدیۆ و رۆژمێری ئەلکترۆنی و تەلەفۆن بە سیستەمێکی تەواوەوە.

## رۆژنامەگەری و قەیرانی متمانە

پەیــدابوونی قــەیرانی متمانــەی پەیوەنــدی(rediddlity crisis) یــان دەلاقەی قەیرانی متمانەی راگەیاندن وەك بەرپەرچدانەوەیەك بوو بۆ ئـەو ژمـارە زۆرەی نامەکانی راگەیاندن کە دەزگاکانی راگەیاندن پەخشیدەکەن و زۆری ئـەو کەرەســتە داتەپیوانــەی راگەیانــدن (سیاســی و کۆمەڵایــەتی) و ئاکارییانــە کــە هەوڵدەدات بۆ سەرنجراکێشانی زۆرتری لایەنگران و قەیرانی متمانەی پەیوەنـدی لە کۆتایی پەنجاکانەوە لەم پرسانەدا پوختەکراوەتەوە بـە چـی بڕوابکـەین.؟ کـام لەو دیدوبۆچوونانە راستن.؟ ئایا لێشاوی بلاوبوونەوەی ئـەو هـەموو زانیارییانـە یارمەتیماندەدەن کە ژیانێکی باشتر بژین و بە شێوەیەکی کاریگەرییانەی چاکتر بەرامبەر کەسانیتر و بە شێوەیەکی باشتریش بایەخ بە جیهانی دەوروبـەر بـدەین تا وامان لێبکات چاکتر تێبگەین و پێبگەین کە کەمتر بێت لـە خاوبوونـەوە و هەستکردن بە داڕووخـان. ئـەوەی زیـاتر ترسـناکترە لـەوەی پێشوو ئەوەیـە کـە دەزگاکـانی پەیوەنـدی و راگەیانـدن وامـان لێدەکـەن زیـاتر بـژین لـە کەشـێکی خەوناویدا یان پـڕ هیـوا و بـاوەڕ بـە چـاکتر بـوون و زۆربـەی ئـەو بۆچـوونانەش

نایەنەدی و تووشی شۆڕشی نائومێدی و خاوبوونەوە و شکستدەبین یان وامان لێدەکات لە جیهانی خەیاڵ و دروشمە ساختەکارییەکاندا بژین کە دەمانخەنە دنیای سڕکردنی دەروونی و خەواندن و لێی بە ئاگا نابین مەگەر تەنها لە رووداوە قەبە و گەورەی سیاسی و ئابوورییەکاندا نەبێت کە وامان لێدەکات بڕیاری راستی بدەین کە: ئەوەی پێشکەشکرا راست نەبوو و بڕواشی پێناکەین.

ئەم تەقینەوەی پەیوەندییانەش وایکرد کە زۆر کەس هەستبکەن و پاشەکشێبکەن و هەڵسوکەوت لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا رەتبکەنەوە، واشیان بە چاکزانی کە نەزانین زۆری چاکترە لە ساختەی هۆشیاری کۆمەلاّیەتی و سیاسی. پاشەکشێی ئەو کەسانەش دژواری و سەختییەکی بۆ ئەوانتر دروستکرد, لە ناوەڕۆکدا ناتوانن لەم تەقینەوەی پەیوەندییانە رابکەن, بەلاّم پێویست دەکات کە فێربین و بزانین چۆن لەگەڵیا بژین. ئەویش بە وردی و زیرەکی, ئەگینا خۆمان نەوەکانمان تووشی دەردەسەری و هەرەسی فیکری و شارستانی راستەوخۆ دەبین. گرنگی متمانەی هۆکارەکانی پەیوەندی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکە خوێنەرەکە یان بینەران و گوێگران کاتێك کە بڕوا و بایەخی وەك دەزگایەك لە دەزگاکانی کۆمەڵ نامێنێ و قایل نابێت بەو زانیارییانەی پێشکەشیدەکات و وای بۆ دەچێت کە لێی سڕاوەتەوە یان قرتێندراوە یان شێواوە یان راستکراوەتەوە. ئەوکاتەش پەنادەباتە بەر سەرچاوە نافەرمییەکان بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لە هاوڕێ و دراوسێکان دەپرسن لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی نابابەتیدا, لەوەش خراپتر زانیاری لە خەیاڵی خۆیاندا دەهۆننەوە کە

ئەمەش زۆرجار  روودەدات لە کاتی شەڕ و قەیرانەکاندا بە زۆری و کاتێکیش چاودێری دەخرێتە سەر ئامرازەکانی پەیوەندی و بلاوبوونەوەی هەواڵ, بەتایبەت لەو ولاتانەی کە حکومەت بەسەر ئامرازەکانی پەیوەندی و ئاراستەی سەرچاوەکانی هەواڵدا زاڵە و دەیسورێنیّ, بەمەش پڕوپاگەندە و چرپەچرپ و وتیوتی زۆر دەبێت و بلاوکراوەی نهێنی چالاکتردەبێت، بەلاّم دەستەواژەی کەلێنی راستگۆیی(credibility gop) دەستەواژەیەکە لە میانەی دەسەلاّتی سەرۆکی ئەمریکا (لیندرۆن جۆنسۆن)ەوە پەیدابوو کە تائێستاش هەرماوە یانی گومانی گشتی لە راستگۆیی لە حکومەتی فیدراڵی بەوەی بە گەلی ئەمریکا دەیلێت. ئەم بۆچوونەش پەلوپۆی هاویشتە زۆر بواریترەوە لەو ولاّتە، بەلاّم چۆن دەتوانی بەرەنگاری ئەوە بیتەوە.؟

زانایانی بواری پەیوەندی و راگەیاندن و شارەزایانی ئامێرەکانی پەیوەندی گشتی و جێبەجێکارانی هەڵمەتەکانی راگەیاندن دەڵێن: چارەسەری زۆر ئاسانە , بەلاّم هاتنە دی سەختە , لەوانەیە خەڵك بگاتە ئەو قەناعەتەی کەحکومەت راستیەکانیان پێشکەش دەکات نەك شتی تر . لەوانەشە بگاتە ئەو قەناعەتەش کە حکومەت لە هەندێ کاتدا ناتوانێت هەموو راستییەکان بلاّوبکاتەوە , بە هۆی کاریگەربوونی لەسەر کاروبارەکانی دەرەوە. بەو تێپەڕبوونە دەزگاکانی راگەیاندن و پەیوەندییەکان بوونە کۆڵەکە و پایەیەکی پتەو بەوەی ئامراز و جێبەجێکارێکن کە دەتوانن متمانە لە نێوان حکومەت و کۆمەڵدا دروستبکەن, بەوانەی هۆکار بوون و روویاندا بۆ کردنەوەی

کونەواجەیەکی متمانەبوون و قـەیرانی متمانـەی نێـوان حکومـەت و کۆمـەڵ و هیچ شتێك بەقەد ئەوە گێرەشێوێن نابێت وەك ئـەوەی متمانـە بـە حکومـەت نەمێنێ و هیچ شتێك دەسەلاتداران بە قەدەر ئـەوە سـەغڵەتناکات وەك ئـەوەی ڕۆژانە هەستبکەن کە بەرهەڵستکارن بۆ نیازپاکی و ڕەفتاری چاك لـە میانـەی ئەو نووسینانەی بلاودەکرێنەوە لە ڕۆژنامە و رادیۆ و تەفزیۆنەکانـدا, لـە چەند سـاڵی رابـردووا بایـەخی زیـاتر بـە کێـشەی متمانـە درا, ئـەویش لـە ئاکـامی دیاردەی ئەو هەرەسی متمانەیەی ئامرازەکانی راگەیاندن کە ئاماژەیـان پێکـرد بە دەستەواژەی قـەیرانی متمانـە کـە درێـژبووەوە و پەرەیـسەند تـا لـە هـەموو دەزگاکانی کۆمەڵدا هەرەسبێنێ.

**بە یەکگەیاندنی لەجیاتی دژە راگەیاندن:**

وەك کاردانەوەیەك بۆ قەیرانی متمانە, ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان بە یەکگەیاندنی لە جیاتی و دژە راگەیاندنی بەرچاویان بەخۆوەدیوە وەك دەڵـێن کە هەردووکیان دوو زاراوەن ئاماژە بە کۆمـەڵێك ڕەوشی جۆراوجۆر دەکەن. کە رووخـساری هاوبەشـیان بەرهەڵـستکاری دەزگاکـانی بەیەکگەیـاندنی فـەرمی و دامەزراوەییە کە لە سایەیدا گروپێکی نـاوخۆیی سـوورن لەسـەر تێکـشکاندن و قۆرخکاری و ڕێکخستنی بەیەکگەیاندنی ناوەندی پارتە سیاسییەکان یـان ئـەو گروپانــەی بــە شــێوازی جۆراوجــۆر بایــەخ بــە چــالاکی بەیەکگەیاندنــە بەرهەڵستکارەکان دەدەن، هـەروەها لـە پەنایـدا جوداخـواز و بەرهەڵـستکارانی دامەزراوەکان تۆماردەکرێن و کەمەنەتەوەییەکان بۆ فراوانکردنی ئەو توانایانەی

پەیوەندییان بە ئامرازەکانی بەیەکگەیاندنەوە هەیە لەگەڵ ئەو گروپانەی پەیوەستن بە تاقیکردنەوەی ژینگەی تازەوە, ئەمەش لە میانەی هەستێکی تازەوە گرنگیدانە بە ئامرازەکانی بەیەکگەیاندن لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا و هێڵی بەیەکگەیاندنی لەبەرامبەر دژە راگەیاندندا, راگەیاندنی تاکی میللی زۆر بوو کە لە سوودمەندبوون لە پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و بەیەکگەیاندن وەك تەلەفزیۆنی سلکی دوورووو, وەرگرتنی راستەوخۆ لە مانگەدەستکردەکانەوە, ئێزگەی ئارەزوومەندان, ئامێری تۆمارکردنی ڤیدیۆیی,کاسێت, دیسکی ڤیدیۆیی, کامیرای ڤیدیۆیی, دەقەکانی وەك ڤیدیۆ تێکست و ئیڵتی تێکست, ئامێری تەلەفزیۆن کە هەموو ئەم ئامرازانە پشت بە تاکی بەکارهێنراو دەبەستن بۆ کارکردن کە لایەنێکی تازەیە بۆ دەستکەوتنی زانیاری و حەوانەوە, لەلایەکیتریشەوە هەلێکی باش بۆ خوێنەران و بینەران دەڕەخسێنێت بۆ گەیشتنە راستییەکان، هەروەها هاوبەشیدەکات بۆ تێکشکاندنی گوندی ئەلیکترۆنی کە هەموو دنیا سەریتێکردووە, ئەمەش وای لە تاکی کۆمەڵ کردووە جارێکیتر بگەڕێنەوە بۆ ژیانی لێکئرازاو و جیاجیاکان.

ئەو رەخنانەی رووبەڕووی دەزگاکانی راگەیاندن دەبنەوە:

ئەو رەخنانەی کە رووبەڕووی دەزگاکانی راگەیاندن و ئامرازەکانی بەیەکگەیاندن دەبنەوە لە ئەوروپا و ولاّتانی رۆژئاوا و ئەمریکا لەم چەند خالاّنەدا پووختکراونەتەوە:

* ئەو هێزە زەبەلاحەی کە هەیەتی بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکەی بەکاردەهێنرێت و ئەوانەی بایەخ بە دیدوبۆچوونەکانیان دەدەن بەتایبەت لە سیاسەت و ئابووریدا لە هەمانکاتدا بۆچوونە بەرهەڵستکارەکان فەرامۆشدەکەن یان لە پایەیان کەمدەکەنەوە.

* بەرەنگاری گۆرانکارییەکان دەبێتەوە وکار بۆ بەردەوامبوونی رەوشی هەنووکەیی دەکات.

* بە گشتی بایەخ بە رووداوی ئێستا دەدەن، لەو شتە رووکەشانەی کە وروژێنەرن وەك لەوەی بایەخ بە شتە گرنگەکان بدەن کە گرنگی خۆیان هەیە لە پێشکەوتن و حەواننەوە کە لە ناوەرۆکدا بەهایەکی هونەریشی هەیە.

* پێشێلکارییەکی بێتامی ژیانی تایبەتی تاك و رووشاندنی کەرامەتیان دەکات و بە دژواریشی نازانن کە هەندێك لەو تاوانبارانە رووبەرووی دادگا بکرێنەوە کە ئەمەش تەنها روویەکی ئەو کێشەیەیە.

* کەسانێك لە یەك چینی کۆمەڵایەتی ئابووری دەستیبەسەرادەگرن لە ئاکامی ئەمەشدا بازاڕی زانیارییەکانی کراوە و ئازاد رووبەڕووی ترسناکی دەبنەوە.

* هەوڵیداوە گەلی ئەمریکا ببێتە گەلێکی بێکار نەك بەکار.

* هەوڵی چەسپاندنی بیروباوەڕی سەرکەوتنی بە پەلە دەدات, وا لە تاك دەکات کە باوەڕی بەهاتنەدی ئارەزووەکانی نەمێنێ و نەیەتەدی و دیموکراتیش پێویست ناکات.

* ئامادەبوونی لە شانۆی رووداوەکاندا کە هەواڵەکان بلاّودەکاتەوە هەواڵی زیاتر دەخاتەڕوو.

* زۆرجار وردبین نین.

* بەشدارە لە زیاتربوونی قەبارەی کێشە کۆمەلاّیەتییەکان و زیادکردنی دیاردەی هەستکردنی تاك بە نامۆیی لە کۆمەڵگا یان تاك وا هەست بکات کە تەنها بە جەستە لە کۆمەڵگاکەیەتی و هەست و هۆش و دڵی لە شوێنێکیترە(لە خەون و خەیاڵە)کە هۆکارەکانی راگەیاندن دروستیانکردووە.

* سەرچاوەکانی خۆی ئەوانەی لە گەڵیدا کاردەکەن گەندەڵکردووە, ئەویش بە پێدانی بەرتیل و دیاری و خزمەتگوزاری لە بەرامبەر وەرگرتنی زانیاری.

* دەستی بەسەر رۆشنبیری دروست و پوخت(نووسراو و چاپکراو)دا گرتووە و لە بەرامبەر رۆشنبیرییەکی کاڵی رووکەش کە(بینرا و وبیستراوە ) بە هۆی فشاری ئابووری و جەماوەری بەرفراوانیشەوە ناتوانێت بچێتە قووڵایی شیکردنەوەکانەوە, بەڵکو بە خێرایی بەسەر زانیارییەکاندا تێدەپەڕێت.

* سەرەرای ئەو ئازادییە بەرفراوانەی بۆی رەخساوە, نامەسئولانە دەجووڵێتەوە.

* هاوبەش بووە لە دروستکردنی ئەو دەلاقەی راستگۆییەی نێوان گەلێکی خوێنەوار و بیسەر و بینەر و سەرکردایەتی ئەو هەموو دەزگا جۆراوجۆرانەی لە میانەی دامەزراندنی بەهای رۆژنامەگەری ورۆژێنەرە نادروستە نمایشیە کە لە سەر بنەمای ناوازەیی و دەمارگیری و نامۆیی دروستبووە وەك: (هەواڵەکە..

هەندێ پیاو سەگ دەگەزن, نەك هەندێ سەگ پیاو دەگەزن) ناوەکان هەواڵ دروستدەکەن (بگەرِێ بۆ ژن).

* خۆتێهەڵقورتاندنی بێ پاساو لە زۆر کاتدا لە کێشە گشتییەکان, راونان و بەگژاچوونی رەفتاری هەندێك لە فەرمانبەران کە خۆتێهەڵقورتاندنە لە بەرِێوەچوونی رووداوەکان کە کارەکانیان پەکدەخات و کارەکانی حکومەت یان تایبەت چەواشەدەکات کە زۆرجار کاردەگاتە سەر ئەوەی گێرەشێوێنی و ئاڵۆزی دروستبکات لە بەرژەوەندی لایەنێکیتر بۆ ئامانجی لایەنی بەئامانج بوو.

* ملکەچی زۆر فشاری چاوەرِواننەکراو دەبێتەوە کە دەسەڵاتی دەوڵەت بەرِێوەیدەبات وەك (ئاژانسەکانی سیخورِی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا) بۆ قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی هەواڵ یان ئاراستەکردنی هەندێ هەواڵی پەیوەست بە دیدەکانەوە یان دامەزراندنی کارمەندانی راگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی هەواڵی سیخورِی بۆ ئەو دەزگایە.

* تەنها هۆکاری دروستبوونی ئەستێرەی هونەر و وەرزش نییە, بەڵکو بووە بە ئامرازێکیش بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی ئەستێرەی سیاسی و دەسەڵاتی سبەی لە میانەی دەرکەوتنیان لە شوێنی دیاریکراودا و نەخشە و پلانداناانی هەڵمەتی راگەیاندن و راگەیاندن کاریگەری لەسەر رای گشتی بۆ قایلبوونی, نموونەش بۆ ئەو خاڵە هەردوو سەرۆکی پێشووی ئەمریکا(ریتشارد نیکسۆن ) و (رۆناڵد ریگن)ە.

ئەو هەموو ڕەخنە و گلەییانەش بوو کە ئاراستەی دەزگاکـانی بەیەکگەیانـدن و ڕاگەیاندنی لە کۆمەڵگای ئەمریکی و هەندێ لـە وڵاتـانی ئـەوروپا و ڕۆژئـاوای دنیای سێیەم کرد کـە بـیردۆزی ئـازادی لیبراڵـی و(لێپرسـراوێتی کۆمەڵایـەتی) بچەسپێنێ، بەڵام لە وڵاتانی سەربازگەی شۆسیالستیدا, وەك یەکێتی سـۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و وڵاتانیتری دنیای سێیەم, ڕەخنـەکان بـەم ۆرە ئاراسـتەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی بەیەکگەیاندن دەکران:

* ئامرازێکە لە ئامرازەکانی رژێمی سیاسی, گرنگـی و لایـەنگیری زیـاترە بـۆ ئابووری و سوپا و دەزگاکانی ئاسایش و نایەڵێت کەسێك کـاری تیابکـات گـەر لایەنگری ئەو سیاسەتە نەبێت و مێژووی ژیانی ئەو کەسەش دەبێت گومانی لە سەر بوونی پەیوەنـدی سیاسـی لەگـەڵ شـوێنێکیتردا نـەبووبێت لەگـەڵ تـەواوی مێژووی بنەماڵەکەی.

* زۆربەی ئەم وڵاتانە تائێستاش لە قۆناغی ڕاگەیاندنی شۆڕشـگێڕانەدا دەژیـن و تائێستاش نەگوێزراونەتەوە بۆ قۆناغی ڕاگەیاندنی پەرەپێدراو.

* لە هەواڵەکانیاندا زیاتر باس لە شتە باشەکان دەکەن, ئەوانەی کە زیـاتر لـە بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتدان و بـە ئاراسـتەی ئـەو سیاسـەتە دەجووڵێنـەوە بـە پێـچەوانەشەوە هـەموو خراپـەکاری و پێـشێلکارییەکان دەشـارنەوە و بـە لایـدا ناچن.

* تائێستاش زۆر هەواڵ و رووداوی رۆژانە قوتدەدەن بێئاگا لەوەی کە هاولاّتی دەتوانێت بەدەستیانبێنێت لە سەرچاوەگانیترەوە بەتایبەت لە ولاّتە دراوسێکان و ئێسگە و ئاژانسەکانی دەوروبەرەوە.

* خۆگێلکردن لە مافی کۆمەڵە بەرهەڵستکارەکان یان ناکۆکەکان لەگەڵ سیاسەتی دەسەلاّتدا لە بەرپەرچدانەوە و بۆچوون و راستکردنەوە و دەرخستنی دید و سەرنج و بۆچوونەکانیان.

* رووگرژی و نابوتبوون ودرۆکردن و زیادەڕۆیی لە حەزلێکردن و ترساندا کە ئەمەش کرۆکی پەیامی رۆژنامەگەری وندەکات.

ئەو کێشە و ئاستەنگییانەش کە دەزگاکانی راگەیاندن و بەیەکگەیاندن لە دنیای سێیەم و سەربازگەی سۆشیالیستیدا گیرۆدەی بووبوون، هەر ئەو هۆکارانەش بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوەکانی ئەم ولاّتانە داوای چاوپیاخشاندنەوەیان لە دەزگاکانی راگەیاندن و بەیەکگەیاندنەوەیان کرد. پاش ئەوەی چاویان بە سیاسەتی سیستەمی سیاسیدا خشاندەوە کە تائێستاش زۆر لە ولاّتانی دنیا ئەوە دووپاتدەکەنەوە، لە شەستەکانیشدا کە بایەخی زیاتر بە متمانەی دەزگاکانی بەیەکگەیاندنی جەماوەری درا، سووربوون لەسەر دیدی متمانە پێشکەشکردن بە زۆر بۆچوونی جیاوازەوە هاتەگۆڕێ. زۆر لێکۆڵینەوە کاریگەربوونی دووری خستەڕوو و پێکهاتەکانی متمانەش پێویستە بەمجۆرانە بن:

١/ هەست بە باوەڕبوون

٢/ شارەزایی

٣/ ژێوە ـ زیندوویی

٤/ زانستی

٥/ وردبینی

٦/ ویژدان

٧/ تەواوکردن

هەروەها ئەو لێکۆڵینەوە جیاوازی کردووە لە نێوان ئامرازەکانی گەیاندن و کەسەکاندا وەك سەرچاوەیەکی پەیوەندیکردین، پوختەی ئەم لێکۆڵینەوەش ئەوەیە متمانە چەند چەمکێکی جۆراوجۆری دوورن و کە لێکۆڵینەوەی هەمەجۆرتریشن، بە شێوەیەك کە هەریەك لە (ماکومبس و واشنتۆن) سێ بواری بنەڕەتییان دیاریکردووە بۆ گەڕاندنەوەی متمانە لە دەزگاکانی راگەیاندا کە ئەمانەن:

١/ بڕوابوون لە ئامرازەکانی گەیاندن.

٢/ دەستپاکی و پێوەری ئاکاری.

٣/ بۆچوونەکان دەربارەی لایەنەکانی خەڵك بەرەو ئامرازەکانی دەربارەی هەریەك لە:

١/ توانای راستگۆییبوون

٢/ وردبینی

٣/ ویژدان و لایەنگیری

دوای پیاچوونەوەی(whitney) هات تا بواری چوارەمیشی بخاتەسەر تاببێتە دۆخێکیتر بۆ راپەڕاندنی ئامرازی بۆ نموونە رۆژنامەگەری کە دەگاتە لایەنگرانی یان توانای متمانە پێبوون وەك: پێشێلکردنی تایبەتمەندی یان ناوبژیکردنی دیدوبۆچوونەکانی کەسانیتر و پەیوەندی ئامرازەکانی بەیەکگەیاندن بە حکومەتەوە و هاوسەنگی بۆ نموونە لە نێوان ئەو ئازادییانەدا کە داوێتی بۆ یەکخستنی و راستکردنەوەی یەکەم دەستووری ئەمەریکی و لە نێوان ماف و ئامانجی خەڵکانیتردا و بە خاڵی یەکەمی پێشوشەوە گەلێك کێشەی لاوەکی پێوە پەیوەستە لە بەرایی هەمووشیاندا:

* قەبارەی کەرتی جەماوەر زۆرترین رەخنەگرن لە دەزگاکانی بەیەکگەیاندن

* پەیوەندی نێوان هەڵسەنگاندنی دەزگاکانی بەیەکگەیاندن یان بڕیاردان بەسەریاندا لە نێوان چۆنیەتی بەکارهێنانی لەلایەنی خەڵکەوە

هەریەك لە (جرینبرج)و(رولوف) سەپاندیان کە خەڵکی تەماشای تەلەفزیۆن دەکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە گرنگی لە حەوانەوەدایە, بەلام خوێندنەوەی رۆژنامەکان گرنگی لەسەر بنەمای هەواڵەکانە, بەلام بیردۆزەکەی (ستیڤنسۆن) دەڵێ: کات بەسەربردن هۆکاری یەکەمی خوێندنەوەی رۆژنامەیە لە کاتێکدا کەسانیتر وایبۆدەچن کە خوێنەرانی رۆژنامە کەمتر تووشی مەینەتی دەبن لە چاو خوێنەرانی هەواڵی راست و درێژ.

هەندێکیش وایدەبینن کە تێگەیشتنی متمانە زیاتر بەربڵاوە لەو کێشانەی کە وایلێدەکات لە تێگەیشتنی توانای متمانە(belive vability) کە ئەمانە دەگرێتەوە:

* جیاوازی لە نێوان ئامرازەکانی بەیەکگەیاندن

* بۆچوونەکان دەربارەی لایەنگری سیاسی و ئەوانیتر

* بۆچوونەکان دەربارەی چۆنیەتی رووماڵکردنی ئامرازەکانی بەیەکگەیاندن بۆ کۆمەڵە و گروپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا

* هەڵوێستەکان لە ئاست کێشەی هەڵسەنگاندنی هەواڵەکان

* هەڵسەنگاندنی ئەکی رۆژنامە و ئامرازەکانی بەیەکگەیاندن کە جێبەجێیدەکات

* هەڵوێست لە ئاست ئازادی رۆژنامەگەریدا.

راستگۆیی رۆژنامە

راستگۆیی یانی ئەو ئاماژە ساکارانە کە ناواخنی راستگۆیی رۆژنامە لە درۆکانیەوە دیاریدەکات. هەندێك وایبۆدەچن کە لە باتی کارپێکردن بۆ لێپرسراوێتی رۆژنامەگەری بێت, هەندێکیش وەك(محەمەد ماهاتیر) تێگەیشتنی راستگۆیی بەرفراوانتر دەکاتەوە و لە سێ رەهەندا دیاریدەکات:

**یەکەم/ متمانە پەیوەستە بەیەکگەیاندنەوە(پەخشەر, نووسەر, دەرهێنەری تەلەفزیۆنی) بۆ نموونە ئەمانە دەگرێتەوە:**

١- پەلەنەکردن لە بڵاوکردنەوەی راستییەکاندا

٢- کارکردن لە بەرژەوەندی راستیدا, نەك بەرژەوەندی حکومەت و رۆژنامەدا

٣- بڵاوکردنەوەی راستەوخۆی راستیەکان,نەك بەئاماژە

٤- لەبەرچاوگرتنی دابونەریت لە بڵاوکردنەوەی راستییەکاندا

٥- لەکەدارنەکردنی ژیانی خەڵك و بڵاوکردنەوەی ئابڕووبەر

٦- دوورکەوتنەوە لە هەواڵی درۆ و چیرۆکی هەڵبەستراو و تەنانەت ئەگەر رەزامەندی و ئامانجێکی سەرنووسەر و سیاسەتی وڵاتیشی لەسەر بێت.

**دووەم/ متمانە لە ناوەڕۆکدا یانی:**

١- روونی پەیام- تەنانەت لە کاتە ترسناکەکانیشدا

٢- نەرمی و لە سەرخۆیی و ئاسانی لە وەرگرتنی راستییەکاندا

٣- بڵاوکردنەوەی راستیەکان بە هەموو رەهەندەکانی (نەرێ)وە

٤- وردبینی لە وەرگرتنی هەواڵ.

**سێیەم/ راستگۆیی ئامرازەکان کە ئەم رەگەزانە دەگرێتەوە:**

١- پشتبەستنی رۆژنامە بە نووسراوی بەڵگەدار

٢- گوزارشتکردنی رۆژنامە لە خەم و پێداویستییەکانی خەڵك.

لە لێکۆڵینەوەکی مەیدانی ساڵی(١٩٩٦)دا شارەزایانی بواری رۆژنامەگەری لە میسر, ئەو فرە تێگەیشتنانەی کە مانای(راستگۆیی رۆژنامەگەری ) دەگەیەنن دیاریکردووە لەوانە: مانای راستگۆیی رۆژنامەگەری دوو کارن:

یەکەم/ راستگۆیی بۆ خوێنەر و راستگۆییەك بۆ دروستکەری بڕیاری گشتی کە ئەمانەن:

* بواری وردبینی و دروستی زانیارییەکان کە رۆژنامە بلاّویدەکاتەوە و بواری بابەتی خاوەن را لەسەری, چونکە پێوەری هەواڵی وردبین و راش پێوەری بابەتیبوونی نووسەرە یان خاوەن قەڵەم

* بواری بە بلاّوی رووماڵکردنی رۆژنامەکان لە خستنەپێشچاو و پێشکەشکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی راستی یانی لەوانەیە هەندێ رۆژنامە هەواڵەکانی ولاّتێکیتر کورتبکاتەوە و بێدەنگیش بێت لەوەی لە ولاّتەکەی خۆیدا روودەدات

دووەم/ راستگۆیی بۆ خاوەن بڕیار یان سەرچاوەی هەواڵ یانی توانای زانینی ئەوەی کە لە ناو خەڵك و جەماوەردا روودەدەن یانی تاچەند خاوەن بڕیار سوودمەندە لە رەنگدانەوەی کە روودەدات لەو رۆژنامەیەی کە بە بڕیاری ئەو دەردەچێت.؟ ئایا ئەوەی کە دەیبینێ و دروستیدەکات بابەتی بایەخپێدانە یان تەنها رەخنەیەکی هەڵەیە.؟.. لە زۆربەی ولاّتاندا خاوەن بڕیار ئەوەی رۆژنامەکان بلاّویدەکەنەوە بە کاریدێنێ وەك لە پێوەری لایەنەکانی جەماوەردا یانی رای گشتی لە کێشە و بەرژەوەندییەکان یان کەسێك یان پرۆژەیەك بە مەبەستی وەرگرتنی بڕیارێکی دروست یان هەڵوێستێکی راست، هەروەها راستگۆیی رۆژنامە یانی:

* یەکسانی لە پیشاندانی را و دژە رادا لە کاتی رووماڵکردنی رۆژنامەگەری بەربلاّو و فراواندا

* وردبینی لە پیاچوونەوەی بابەتی رۆژنامەگەرییدا پێش بڵاوکردنەوەی بە جۆرێك کە وردبینی تیابکرێت و شەقڵێکی روونی رۆژنامەگەری پێوەدیاربێت

* روونی بیر و بۆچوون و لایەنەکان لە بەرامبەر بابەت و کێشە و کەس و رووداوەکاندا

* پشتبەستن بە قسە لە سەرچاوەکەیەوە لەگەڵ بوونی متمانە بەو سەرچاوە

* دوورکەوتنەوە لە کارکردن بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی بەرچاو و پشتگوێنەخستن و فەرامۆشنەکردنی رایەکیتر لە دیدێکەوە

* نەشاردنەوەی هیچ زانیارییەك لە خوێنەر

* دەستپاکی و دادپەروەری لە گواستنەوەی هەواڵی خەڵکیدا

* زۆری سەرچاوەکان

* رۆژنامەنووس چاودێری ویژدانی خۆی بێت

* پێشکەشکردنی راستییەکان و جەخت لەسەر کردنەوەیان لە کاتی بەدەرکەوتنی ناحەقیدا

* بڕوای خوێنەر بە راستگۆیی ئەو رۆژنامەیەیەی کە بڵاودەبێتەوە ئەویش بە ئازادی نەبێت نایەتەدی, چونکە زەحمەتە خوێنەر بڕوای بە رۆژنامەیەك هەبێت کە ئازاد نەبێت تەنانەت ئەگەر رۆژنامەی وڵاتەکەی خۆیشی بێت.

لێکۆڵەرەوەیەکی وەك (عزت عبدالعزیز)یش ئەو تێگەیشتنی راستیانە تەسك دەکاتەوە , بەجۆرێکی وا کورتی دەکاتەوە کەراستگۆیی تەنها مادەیەکی رۆژنامەگەرییەو و بەس ,ئەویش بەم جۆرە :

ڕاستگۆیی ڕۆژنامە جۆرێکە لە چارەسەری پیشەی ڕۆشنبیری و ئاکاری بۆ بابەتی ڕۆژنامە بە جۆرێك هەموو ڕەهەندەکانی بابەتی تیابێت لەگەڵ خستنەڕووی لایەنەکانی دەوری بە ڕێگەیەکی یەکسانی کە پشت بە گەواهی و بەڵگەکان ببەستێت و وردبینی لە پیشاندانی بابەتەکان و جیاکردنەوەیان لە ڕای خەڵکی(کەس) کە لەوانەیە بە ڕوونی و ڕاستگۆیی و ڕاشکاوانە ڕابگەیەنرێت و دوورکەوتنەوە لە ئارەزوو و حەزی بابەتەکان و بەرژەوەندی تایبەت بە جۆرێك لەگەڵ ڕای ئەو کەسانەدا بگونجێت کە بۆ ڕۆژنامەکە پیشانیدەدات یان نووسەرێك لە کاتێکیتردا پیشانیدەدات یان بابەتێکیتر, ئەویش لە چوارچێوەی قووڵبوونەوەی گشتی کە پەیوەندی تایبەت بە گشتییەوە چاودێریبکات و بەشێك بە هەموو دەبەستێتەوە بە مەرجێك ئەو بابەتە ڕۆژنامەییە ڕەنگدانەوەی پێشینەی گرنگیپێدان بێت لای جەماوەر.

چۆن ئەندازەی ڕاستگۆیی دیاری دەکەین:

چوار پێوەر بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاستگۆیی لە ڕاگەیاندا هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەن:

١- ئەندازەی زمانەوانی بە واتای ڕوونی زمان لە گوزارشتکردن و دەربڕینا کە بە هۆکارێکی یەکلاکەرەوەی پەیامی ڕاستگۆیی ڕاگەیاندن دەژمێردرێت, لەگەڵ ئەوەشدا تەمومژ لە زمانی پەیامی ڕاگەیاندندا زۆرجار ناڕاستی لێدەکەوێتەوە

٢- ئەندازەی ئایدۆلۆژی بە جۆرێکە کە پەردە ناخاتە نێوان دیدی تاك و ڕەهەندەکانیترەوە کە دەبێتە واقیعێك یان کاروبارێك یان دیاردەیەکی لێڵ بە

هۆی بزربوونی رەهەندەکانیترەوە کە واقیعێکە و دەریدەخات یان کێشەیەك یان دیاردەیەك کە راستگۆیی و روونی زیاتردەکات

٣- ئەندازە نەزانین یان کەم زانین ئەم پێوەرەش بە زانینێکەوە دەبەسرێتەوە کە بەیەککگەیاندنەوە پەیوەستە یان نەزانینی لە بابەتەکە کە لەسەری دەنووسێت تەنانەت ئەگەر هەواڵێکی بچووکیش بێت

٤- ئەندازەی ساختە, لایەنێکی تاوانی راستەوخۆیە لە بۆچوونە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوەی راستگۆیی لە راگەیاندنی هەر کۆمەڵگایەکدا لە هەر جۆرە راگەیاندنێك بێت.

## چیرۆك و رووداوە رۆژنامەوانییە بەناوبانگەکان

### کێشەکەی جۆن بیتەر زنجەر:

جۆن بیتەر زنجەر کە کۆچەرێکی ئەڵمانی بوو لەگەڵ (ولیام برادفۆرد)ی هاوەڵیا لە نیویۆرکی داگیرکراو رۆژنامەی (نیویۆرك ویکلی جۆرناڵ)یان دامەزراند کە زۆرجار گوزارشتی لە هێڵی حکومەت دەکرد. لە یەکەم کاردانەوەیدا زمانی خۆی گۆڕی بەتایبەت لە ژمارە(٣)ی دیسەمبەری ساڵی ١٧٣٣دا بە جۆرێك سەرەڕمی رەخنەی ئاراستەی حکومەت کرد, پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ئەو کارەدا(زنجەر)گیرا و لە ساڵی ١٧٣٥دا رەوانەی دادگا کرا, بە تاوانی ناوزڕاندن و هاندان و بڵاوکردنەوەی لێدوانی درۆ و بوختان دژ بە حکومەت و پارێزەری بەناوبانگی(فیلادلیفیا) (ئەندرۆ هاملتون) ئەرکی بەرگریکردنی(زنجەر)ی گرتەئەستۆی خۆی. ئەندرۆ وتی: تەنها سوێندخۆران

خاوەن حەقن لە بڕیارداندا, ئەگەر زنجەر مافی لە چاپدانی ڕۆژنامەی هەبووبێت یەکەمجار و ئەگەر بە ڕاستی بابەتەکە بۆ یەکەمجار هاندەر بێت, بۆیە هاملتۆن بڕیاریدا کە زنجەر بە کردەوە ڕۆژنامەی دەرچواندووە و ڕەخنەی لە حکومەت و دەسەڵات گرتووە، بەڵام بابەتەکە ڕاست و ڕەوان بووە و ناتوانرێت پێیبوترێت هاندەرە، هەروەك مافی سوێندخۆرانیشە ئەو بابەتە ڕاستی نەبێت و ز نجەر هاندەر بووە یان نا. هەڵوێستی جێگری گشتی لەم کێشەیە سەرەڕای مافی سوێندخۆران لە ڕاپۆرتەکەدا کە ئایا زنجەر بە کردەوە ڕۆژنامەی دەرکردووە دەمێنێتەوە مافی دادوەر لە بڕیاردانیدا ئایا بە کردەوە ئەو بابەتە هاندەربووە و ئەندرۆ هاملتۆن پشتگیریکردنی سوێندخۆرانی بە لای خۆیدا شکاندەوە کاتێك کە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە مافی سوێندخۆران مافی دوو بڕیاردانیان هەیە, بەمەش بریاری دادگا بە سەرکۆنەنەکردنی جێگیر بوو, لەو بیروباوەڕەوە کە بە لای کەمەوە ئازادی ڕەخنەگرتن لە لێپرسراوانی حکومەت.

### جەربەزەیی ڕۆژنامەنووس

یەکەمین سەرەڕۆییی سەرەڕۆییکردنەکەی(ستانلی)یە کە ستانلی کەسێکی ڕۆژنامەنووس و جیهانگەر بوو لە یەککاتدا, ئەو پیاوە لە ساڵی ١٨٤١ لە ئینگلتەرا لەدایکبووە و بەشداری شەڕی ناوخۆیی ئەمەریکای کردووە شانبەشانی هێزەکانی باشوور و هاوەڵی(لۆرد نابیبە) بووە بەرەو ئەسیوبیا, لە ئۆکتۆبەری ١٨٦٩(جیمس جۆردۆن بنیت)ی بەڕێوبەری ڕۆژنامەی

(نیویـۆرك هیراڵـد) داوایلیّکـرد بـۆ(لفـین جـستۆن) بگـەڕێ کـە لـە ئـەفریقیای گەرمەسێردا مـاوەی سـێ سـاڵ زیـاترە سـۆراغینەماوە. ئـەوەبو لـە یەنایـەری ١٨٧١ (ستانلی) گەیشتە (زنجبار)و چوونە ناوجەرگەی ئەو کیـشوەرە ڕەشـەوە, (لفـین جـستۆن)ی لـە (ئـودحیجی)دا دۆزیـەوە کـە دەکەوێتـە کـەناری ڕووبـاری (تەنجانیقا)وە و یارمەتی دا,(ستانلی) ئەم دەرفەتی بەیەکگەیشتنەوەی قۆستەوە تـا بـۆ ڕۆژنامەکـەی ڕاپـۆرتێکی وروژێنـەر ڕەوانـەبکات کـە بـۆ ئەوکاتـە وروژێنـەرێکی سەرسـوڕهێنەر بـوو کـە بـووە مایـەی سەرسـوڕمانی تێکـرای خوێنەرانی ڕۆژنامەکە لە دنیادا.

جەربـەزەیی دووەم: نووسـەری توێژینـەوەکان (سـانهووب)ی ئـەمریکی بـوو کـە سـەفەریکرد بـەرەو ئـەڵمانیا و لـە هـامبۆرگ گیرسـایەوە, ئـەویش لـە کـاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کولێرەدا بوو تا بـە دوای ڕووداوەکانـدا بـچێ لـەو وڵاتـە و ڕاپۆرتەکانی خۆی ڕەوانەبکاتەوە. مایەی تێڕامـان و سەرسوڕمان بـوو کـە ئـەم ڕۆژنامەنووسە بە هـۆی پیـشەکەیەوە کـە خـەیاڵ بـەزێن بـوو, هەوڵیـدا و خـۆی تووشی ئەم پەتا پیسەکرد تا بە تەواوی بـچێتە نێـو ڕاسـتیی ڕووداوەکـان و بـە ڕاستی ڕاپۆرتە هەواڵەکانی ئامادەبکات لەسەر ئەم پەتایە، بـەڵام خۆشـبەختانە تووشنەبوو.

جەربـەزەیی سـێیەم: وێنـەی جەرەبەزەییـەکی کەموێنەیـە کـە ڕۆژنامەنووسـی ڕووسی(کریفسکی ) لە ساڵی ١٩٠٥ و لـە سـەردەمی شـەڕی نێـوان ڕووسـیا و یاباندا پێی هەستا. لە ماوەی دوو مـانگی بـەردەوامی ئـەو شـەڕەدا سـەردانی

شارە گرنگەکانی یابانی کرد کە ڕۆژنامەکەی (روسکوبیە سلۆڤۆ) داوای لێکردبوو, پاشان ڕوویکردە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سەردەمانێك لەوێدا ژیا کە لەو ماوەیەدا توانی ببێتە هاوڵاتییەکی ئەمریکی و پەساپۆرتی یاسایی بە ناوی (برس بالمەر)ەوە بەدەستبهێنێت. پاشانیش لە(سان فرانسیسکۆ)ەوە بەرەو یابان چوو. لەوێش خەڵکی یابانی واتێگەیاند کە گەشتیارێکی ئەمریکییە و توانی سەردانی سەربازگە و نەخۆشخانە و پۆلیسەکان بکات و وێنەیانبگرێت و لێدوانەکانیان تۆماربکات کە لە زاری گەورەپیاوان و بەرپرسانەوە وەریگرتبوون. لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکیشدا ئامادەیی هەبوو, دوای دوو مانگ بە ڕێگای ئەمەریکاوە گەڕایەوە رووسیا, پاش ئەوەی هەستا بە کارێك کە ژیانی لە هەموو چرکەیەکدا پێبەخشی کە چاوەڕوان بوو بگیرێ و وەك سیخوڕێك بێ دادگاییکردن گوللەباران بکرێت.

جەربەزەیی چوارەم: پاڵەوانەکەی ڕۆژنامەنووسێکی میسرییە کە لە سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٥٦دا توانی سنووری ئیسرائیل ببەزێنێ و شارەکانی بگەڕێ و لەسەر ڕاستییەکان بوەستێ و لەو ڕووداوانەی کە دەیانبینێ لە ماوەی ١١ ڕۆژی بە خشپەیی چاوپێکەوتن لەگەڵ (دافید بن جۆریۆن )ی سەرۆك وەزیران و(موشی شاریت)ی وەزیری دەرەوە و (جولدا مائیز)ی وەزیری کار و(موشی دایان )ی سەرۆکی سوپادا بکات کە ئەویش ڕۆژنامەنووس(ئیبراهیم عیزەت) بوو. عیزەت توانی ڕێگانامە(تاشیرە) لە باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە لەندەن وەرگرێت.. پاش ئەوەی کە بەرپرسانی قایلکرد کە ڕۆژنامەنووسێکی بەرازیلییە

بە رەچەڵەك عەرەبە و ناوی (جۆرج ئیبراهیم حبیب)ە و عەرەبییش تێدەگات، بەڵام ناتوانێت پێیبدوێت, بە نیازی سەردانێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە وڵاتانی عەرەبی و لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل. ترسی ئەوەشی هەیە بە بیانووی چوونە ئیسرائیل وڵاتە عەرەبییەکان رێگەینەدەن بچێتە وڵاتەکانیان. لە لەندەنەوە سواری فڕۆکە بوو بەرەو(نیکۆسیا) لەوێشەوە بەرەو شاری(ئەللید)ی ئیسرائیل. لە نیشتنەوەی فڕۆکەکەدا هەریەك لە بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە و نوێنەری وەزارەتی دەرەوە لە پێشوازییدا بوون. ئەم کارەش رایچەڵەکاند, بەڵام نهێنییەکەی ئاشکرانەبوو, کەوتە گەڕان بە شارەکانی ئیسرائیلدا لەوانە(تەلئەبیب)و(حەیفا)و دوو رۆژیش لە(قودس )و (بیرسەبع) مایەوە و سەردانی شوێنە داگیرکراوەکانی سەرسنووری میسری کرد. هەموو چرکەیەك لەو دیو سنوورەوە لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیا و لە دەرگای نهێنییەکانی دەدا. ئەو نهێنییانەی کە رووداویان دروستدەکرد لە ناوخۆی ئیسرائیلدا. دوای دە رۆژ بە فڕۆکە گەڕایەوە(قوبرس)و لەوێوە گۆڤاری (روزیوسف) برووسکەی دا, بە درێژەی گەشتە جەربەزەکەی و ئەو گۆڤارە درێژەی چۆنیەتی چوونە چاونەترسەکانی ئەو رۆژنامەنووسەی بە چەند بەشێك بڵاوکردەوە کە نزیکەی دوو مانگی خایاند, ئەم راپۆرتەش رەنگدانەوەیەکی ترسناکی لەسەر دەزگا سیاسی و دیبلۆماسی و رۆژنامەوانییەکان دروستکرد.

رووداوێك روونەداوە:

لــە رۆژنامەنووســی بــەتوانا و لێهــاتووی سەردەســتەی یەکــەمی رۆژنامەنووســانی ســوری(ســامی شــەمعە)دەگێڕنــەوە کــە سەرنووســەری رۆژنامەیەکی بەناوبانگی دیمەشقی سووری, داوای لە رۆژنامەنووسێکی سیاسی رۆژنامەکە کرد کە دیمانەیەکی رۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی عێـراق (نـوری سـەعید)دا سـازبکات کـە بـۆ ماوەیـەکی کـاتی کـورت لـە فرۆکەخانەی نێودەوڵـەتی دیمەشـقدا مـابۆوە. پـێش دەسـتپێکردنی گەشـتەکەی بەرەو لەندەن بە مەبەستی راستکردنەوەی پەیماننامەی(بـەریتانیا ـ عێـراق) کـە دەبوو ئەم رۆژنامەنووسە ئەو کاتی پشوودانە بقۆزێتەوە بۆ دیتن و ئاراستەکردنی ئـەو پرسـیارانەی کـە پێـشوەخت بـۆی ئامـادەکرابوو. ئـەویش بریتیبـوون لـەو هەنگاوانەی داهاتووی رێککەوتنامەکەی نێوان عێراق و بـەریتانیای داگیرکـەر، بـەلاّم کـات لـەو تیـژتر تێپـەڕی و سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق خـاکی سـوریای بەجێهێـشت و ئـەمیش فریـای ئـەم دیـدارە نەکـەوت. پـاش تۆزێـك رامـان رۆژنامەنووسەکە بیری لە دەگمەنی ئـەو شکـستەکردەوە کـە پێیـسپێردرابوو بـۆ ئەنجامـدانی و فریـای ئەنجامـدانی نەکـەوت. سـەری دنیـای لێهاتبووەیـەك، لـە چایخانەکانی دیمەشقدا بـە راستوچـەپدا تـاوتوێی کارەکـەی خـۆی دەکـرد، پـاش ماوەیـەك بیرۆکەیـەك لـە مێـشکیدا بروسـکەی دا و شـتێکی بـە بـیردا هـات ســـەبارەت بـــەو رووداو و گۆرانکارییانـــەی عێراقـــی پیـــا تێپـــەردەبێت، پیاچوونەوەیەکی بە بیرەوەرییـەکانی خۆیـدا کـرد سـەبارەت بـە زانیارییـەکانی پێـشووی کـە توێـشوویەکی زۆر دەوڵەمەنـدی لا گەلاڵـە ببـوو کـە هـەموو

رۆژنامەنووسێك بە ئاسانی دەستینەدەکەوت بەجۆرەی کە ئەم دەستیکەوتبوو. دەستیکرد بە کێشانی هێڵە پانەکانی پرسیارکردن. ئەو تێگەیشتنانەی کە خوێنەر بەدوایدادەگەڕێ و دەیەوێت بیزانێت. کەوتە دارشتنی پرسیارە لێکراوەکانی سەر گۆڕەپانی پەیوەندی نێوان عێراق ـ بەریتانیا و گرنگترین دۆزی ئاڵوگۆڕپێکراوی نێوان هەردوو وڵات کە بە لێدوانێکی رۆژنامەوانی تەواو هاتەبەر و دیدارێکی رۆژنامەوانی گەرم و پرشنکداری لێکەوتەوە بۆ میوانەکەی کە(نوری سەعید) بوو. دیدار و چاوپێکەوتنەکە بۆ رۆژی دوایی بە سەردێڕیکی گەورە و مانشێتێکی بزوێنەر لەسەر سنگی لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکە بلاوکرایەوە کە واقیعی قسە و باسەکانی نێوان عێراق و بەریتانیای تیا تاوتوێکرابوو کە چۆن بە کردەوە روویاندابوو و بە نهێنی قسەیان لەسەر کرابوو لە دانیشتنە داخراوەکانی نێوان هەردوو لادا.

بلاوبوونەوەی ئەم دیمانە رۆژنامەوانییە نوێنەری عێراقی تووشی سەرسوڕمانکرد بەوەی کە هەرگیز ئەم رۆژنامەنووسەی نەبینیووە و لەگەڵیشیا کۆنەبووەتەوە، بەریتانیای گەورەش لەولاوە هەمان شت، نوێنەرەکەی لە سوریا حەپەسا و نارەزایی توندی خۆی دەربڕی لە ئاست ئەو زانیارییانەی کە لەو دیمانە رۆژنامەوانییەدا هاتبوون کە بە راستی جێگەی مشتومڕ و قسەلەسەرکردن بوو لە لەندەن. لەوانە خاڵە بنەڕەتی و نهێنییەکان کە لە نێوان هەردوولادا قسەوباسیان لەسەرکرابوو کە وایکردبوو (خالیدشەمعە )ی رۆژنامەنووس ببێتە لایەنێکی ئەو دانیشتنانە. بۆ زانینیش شەمعە لە

نووسینگە ڕۆژنامەنووسییەکەی خۆی دوورنەکەوتبووەوە یان ئەو جێگەیەی کە نیگەرانی باڵی بەسەراکێشابوو. ئەو پرسیارە بەپەلەیەش کە نوێنەری بەریتانا کردبووی ئەوەبوو کەی و چۆن ئەو ڕۆژنامەنووسە سورییە ئەو هەموو زانیارییە ڕۆژنامەوانییانەی دەستبکەویت. ؟؟ لەگەڵ وردەکاری قسەوباسەکانی ئەو کۆبوونەوە تەنراو و ئابلۆقەدراوە بەدەستبهێنێت کە ئەم چیرۆکەی لێبکەوێتەوە.

لە کتێبەکەیدا بە ناوی(خاوەنی دەسەلاتی چوارەم ) ئەو ڕۆژنامەنووسە بەتوانا و بوێرە ئەگەر لێهاتوویی و چەلەنگی لە هەستی شەشەمیدا بەهێز نەبوایە نەیدەتوانی بگاتە ئەو راستییانە و سەرکەوتنە بەناوبانگەکەی بەدەستبێنێ. سەرەڕای ڕۆشنبیرییە فراوانەکەی و سەرنج وخوێندنەوە بەردەوامە قووڵەکانی کە ئەمەش نموونەیەکی ڕۆژنامەنووسی کەموێنەیەی رەسەنە و لە سنوورێکدا ناوەستێت.

### ئابڕووچوونەکەی وترگێت

چیرۆکە بەناوبانگەکەی (وترگێت) کاتژمێری دووی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممەی ١٩٧٢/١١/١٧ روویدا، کاتێك کە (فرانك ویلز)ی قولەڕەشی پاسەوانی شەوانەی باڵەخانەی(وترگێت) هەندێ کەلوپەل و کەرەستەی دۆزییەوە. سەرکەوتە قاتی سەرەوە تا بیداتە دەستی کارگوزارەکە و پێی بڵێت کە دەرگای بارەگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتییەکان کراوەتەوە. (ویلز)پیاوانی پۆلیسی لەو کردەوە ئاگادارکردەوە. ئەو پێنج کەسە کوبیە دەستبەسەرکران کە

هەوڵیاندابوو دزە بکەنە نێو بارەگای پارتی بەرهەڵستکاری سەرۆك کۆمار(ریتشارد نیکسۆن)ەوە تا ئامێری ناردن و گوێلێگرتنی لێدابنێن, نووسەری کاروباری پۆلیسیش لە ڕۆژنامەی(واشنتۆن پۆست) هەواڵەکەی ڕەوانەی ژووری هەواڵەکانی ڕۆژنامەکە کرد. لە بەرەبەیاندا دوو ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەکە کەوتنە بەدواداچوون و ڕووماڵکردنی هەواڵەکە کە(کارل برنشتاین-٢٨ ساڵ)و (بۆب ودوارد) بوون, کارل لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە کەوتووبووە کارکردن لەو ڕۆژنامەیەدا و هیچ بڕوانامەیەکی زانکۆشی نەبوو. (بۆب)یش دەرچووی زانکۆ بوو کە پێنج ساڵ دەریاوان بوو کە پێش چەند مانگێك پەیوەندی بەرۆژنامەکەوە کردبوو.کەم شارەزاییان لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا ڕێگەی پێنەدەدان بۆ هەموو کارێك بچن تەنها چەند شوێنێکی سنوردار نەبێت وەك بەدواداچوونی هەواڵی دادگاکان و هەندێ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئاوازە هەرابەرپاکەرەکان نەبێت. هەر پێنج تاوانبارە کوبییەکە لە کێشەی (وترگێت)دا بەرامبەر دادوەر ڕاوەستان لە کاتێکدا کە دادوەر تەماشای کێشەی چەند سواڵکەر و ئاوارە و بەرەلآیەکی دەکرد کە لە پێش دەستیابوون, لەو کاتەدا هەردوو ڕۆژنامەنووس(برنشتاین و بۆب) هاتن و یەکێکیان پرسیاری لە یەکێك لە پارێزەرانی تاوانبارەکان کرد کە کێ کردوونی بە بریکاریان و لەکوێ و ئایا تاوانبارەکان دەناسن.؟ پارێزەری یەکەمیان وەڵآمی نەدایەوە, بەڵام پارێزەری دووەم وتی کە خێزانی یەکێك لە تاوانبارەکان کردوونی بە بریکار. پارێزەری سێیەمیش وتی کە کیسەیەکی (٢٥) هەزار

دۆلاری بەدەستگەیشتووە لەبەرامبەر بەرگریکردن لە یەکێك لە تاوانباران. رۆژنامەنووسەکە گوێی لێبوو کە یەکێك لە تاوانبارەکان وتی: پیشەی من راوێژکاری ئاسایشم و لە دەزگای سیخوڕی(c.i.a) کاردەکەم. رۆژنامەنووسەکە دەربارەی کێشەکە لە بریکاری نوێنەری لێکۆڵەرەوەی پرسی دەربارەی ئەو لاپەڕانەی لە گیرفانی یەکێك لە تاوانبارەکاندا دۆزراوەتەوە لەگەڵ ئەو ژمارە تەلەفۆن و پارانەی کە هەمووی سەد دۆلاری بوون. ئەم مشتومڕەی هەردوو رۆژنامەنووسەکە درێژەیکێشا. لەواشنتۆن هەردوو رۆژنامەنووسەکە لە ژنی تاوانبارێك و دەرودراوسێ و دەزگای ناوەندی سیخوڕیان پرسی و لە رۆژنامەکەشدا بڵاویانکردەوە کە تاوانبار لە لیژنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی ئەمەریکی (نیکسۆن )دا کاردەکات. رۆژنامەنووسەکە رۆژمێرێکی لە گیرفانی یەکێك لە تاوانبارەکاندا دۆزییەوە کە ژمارە تەلەفۆنی یەکێك لە پیاوانی کۆشکی سپی تیا بوو. رۆژنامەنووسەکە پەیوەندی بە زۆر شوێنەوە کرد تا لە راستی ئەو پەیوەندییانە بزانێت کە لە نێوان تاوانباران و پیاوانی کۆشکی سپیدا هەبووە و بشزانێ خاوەنی ئەو ژمارە تەلەفۆنە کێیە و کێ پارەی ئەو قسە کردنانە دەدات لەگەڵ قسەکردنەکانی بۆ دەرەوە کە لەم ژمارەیەوە ژمارەکانیتر داواکراوە لەگەڵ خاوەنی ژمارەکان لە هەموو ئەمەریکادا. رۆژنامەنووسەکە ئەوەشی ئاشکراکرد کە ئەوە یەکەم تەلەفۆنە لە کۆشکی سپیدا کە بە ناوی ژنەسکرتێرەکەوە تۆمارکراوە و پارەیدەدات. پاشان سکرتێرەکەش دانی بەوەدانا کە یەکێك لە پیاوانی کۆشکی سپی دەیداتێ و

دواتر پارەکەیدەدات. پاش پێنج رۆژ کۆشکی سپی ئەوەی راگەیاند کە هیچ پەیوەندییەکی بەم رووداوانەوە نییە و رۆژنامەنووسەکانیش بەردەوامبوون لە بەدواداچوونی خۆیان لە پرس و رای خەڵکی بۆ تەواوکردنی هەواڵەکە. لە پیاوانی ئاژانسی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی یەکگرتوویان دەپرسی کە ئەو لێکۆڵینەوەیان گرتبووە ئەستۆ لەو رووداوەدا کە لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە خەرجی نهێنی هەیە و لەلایەن لیژنەی دووبارەگەڕانەوە و هەڵبژاردنی(نیکسۆن)و پێنج لە یاریدەدەرانی مافی چۆنییەتی خەرجکردنی ئەو بڕەپارانەیان هەیە. لێرەوە(کارل برنشتاین) پەنای بۆ رێگەیەکی تازەتر برد تا بە هەواڵ بگات ئەویش خۆی و(بۆب و دوارد) بە جووت کەوتنە گەڕانی شەوانە بە ماڵی سکرتێرەژنەکاندا، چونکە بە رۆژ قسەوباس لە نووسینگەکاندا زەحمەت بوو، دەیانزانی کە خەڵکی تەماشای ئەو کەسانە دەکەن کە دەچنە ماڵەکانیانەوە, تەماشاکردنێکی هاوەڵانە کە پەیوەندییەکی تایبەت دروستدەبێت لە نێوان رۆژنامەکە و سەرچاوەی هەواڵەکەیدا, چەند ماڵێکی کەم نەبێت کەس دەرگای بە روویاندا نەکردەوە. قسەکەری رۆژنامەنووسیی بە ناوی کۆشکی سپییەوە(رۆناڵد زیجلەر) کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەست کە(٢٩) پرسیاری سەبارەت بە چیرۆکەکەی رۆژنامەی(واشنتۆن پۆست) لێکرا، بەڵام وەڵامدانەوەیانی رەتکردەوە و لە کۆنگرەیەکیتردا بە توندی هێرشیکردە سەر رۆژنامەکە بۆ ماوەی نیوسەعات بێداپچڕان کە تیایدا وتی: ئەو رۆژنامەیە هەواڵەکان چەواشەدەکات و پشت بە

درۆودەلەسە و وتیوتی دەبەستێت و لە هەوڵی رووخاندنی ئەم رژێمەدایە و بە خراپترین پڕوپاگەندەی بەدناوی دەکات. ئێمەش ناکەوینە داوی ئەم جۆرە رۆژنامەنووسانەوە و بە شایانی وەڵامدانەوەیان نازانین. ئیترحکومەتەکەی(نیکسۆن) کەوتە راوەدوونانی دەزگای ئەو رادیۆ و تەلەفزیۆنەی کە هی رۆژنامەی(واشنتۆن پۆست) بوو لە فلۆریدا. ئەویش بە تازەنەکردنەوەی گرێبەستەکانیان کە پێویست بوو سێ ساڵ جارێك تازەبکرێنەوە لەگەڵ کەمکردنەوەی نرخی پشك(سەهم) لە رۆژنامەکە لە(٣٨) دۆلارەوە بۆ(٢١)دۆلار. لای خۆیشیەوە کۆشکی سپی کەوتە هێرشکردنەسەر(برادلی)و بەوە ناویدەبرد کە پالتۆی بنەماڵەی (کنیدی) لەبەرکردووە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی رووخاندنی (نیکسۆن) دەدات و(ودوارد)یشی بەوە تاوانبارکرد کە کاتێك ئەفسەری گەیاندنی دەریاوانی بووە لە کۆشکی سپی, ئەو گەیاندنەی بە خراپ بەکارهێناوە و(کارل برنشتاین)یش دەیەوێت تۆڵەی دایك و باوکی لە(نیکسۆن) بکاتەوە کە سەردەمانێك(نیکسۆن) بەها و سۆزیان بۆ شیوعییەت تاوانباریکردبوون. ئەو کاتەی کە سەر بە زوتنەوەی کرێکاری بوون کەسێکی نەناسراو لە (برنشتاین) نزیکبووە و هەواڵیدا کە(ماریجوانا) لە یەکێك لە شەقامەکانی(واشنتۆن)دا پێیبفرۆشێت, دەڵێن ئەو کارەش هەڵخەڵەتاندن بووە لە بۆسەیەکدا بۆ دەستبەسەراگرتنی, بە(کاترین گراهام )ی خاوەنی رۆژنامەی(واشنتۆن پۆست)یشیان وت کە ئەو دوو رۆژنامەنووسە هەوڵدەدەن بۆ فریودانی ژنەسکرتێرەکان لە پەلامار و داگیرکردن یان لە کاتی گفتوگۆکردن و

چاوپێکەوتنەکانیاندا, هەندێك وایان بۆ گێڕایەوە کە کار گەیشتۆتە دەستدرێژیکردنە سەریان نەك تەنها فریودانیان. زۆربەی پیاوانی کۆشکی سپی و یاریدەدەرانی (نیکسۆن) پەیوەندییان بە(کاترین گراهام)و (برادلی)یەوە کرد و لە گوزەرای لێکۆڵینەوەکانی(وتر گێت) هەڕەشەیان لێکردن. لە ئاکامی ئەو رووداوە و پاشماوەکانی لە رێکەوتنێکی ورددا دەستپێدەکات بۆ کۆتاییهێنانی شەڕی ڤێتنام.

وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمەریکاش(هنری کەیسنجەر) بە زمانی وریاکردنەوە بە(کاترین )ی وت: ئایا باوەڕت بەوە نییە کە هەڵبژاردنەکانمان دووبارەدەکرێتەوە.؟ خەریکبوو ئەو دوو رۆژنامەنووسە باوەڕیان بە خۆیاننەمێنێ, تووشی نیگەرانی و لەرزین هاتبوون, ترس باڵی بەسەراکێشابوون, پاش ئەوەی زانیان کە ژیانیان لە مەترسیدایە و تەلەفۆنەکانیان کەوتوونەتە ژێر چاودێریکردنەوە. پێش دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردن راستەوخۆی نیکسۆن هەردوو رۆژنامەنووس(برنشتاین و ودوارد) هەڵەیەکی گەورەیان کرد, کاتێك کە یەکێك لە شایەتەکان وتەی خۆی لەو لێکۆڵینەوەیەدا دابوو, ئەمانیش بڵاویانکردبووەوە. ئەویش (هالدمان) بوو کە یەکێك بوو لە گرنگترین یاریدەدەرەکانی (نیکسۆن). بەو پێیەی کە لێپرساوی بنەڕەتی(وتر گێت)ە و نوێنەرایەتیش ئەو درۆیەیکرد وەك چۆن کۆشکی سپیش لەو زیاتر. پاش ئەوەی هەردووکیان هەستیان بە هەرەسهێنانی ئەو رووداوەکرد و زانیان چارەنوسی کێشەکەیان دۆڕاوە. بیریان لە دەست لەکارکێشانەوەکرد لە

رۆژنامەی(واشنتۆن پۆست)و کەوتنە هەڵپە و گەڕان بە دوای سەرچاوەکاندا بۆ رێکخستنەوەی کێشەکە تا گەیشتنە ئەوەی کە شایەتەکە دەزانێت کە لێپرساوەکە (هالدمان)بووە, بەلاّم لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا ناوی نەهێناوە,کاتێکیش کە ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان پەیوەندییان بە رۆژنامەکەوە کرد(برادلی) بە بڕوابەخۆبوونەوە دەیوت: (ئێمە لەوەی بلاّومانکردووەتەوە پەشیمان نین و لێیناگەڕێینەوە و پشتگیریشیدەکەین). دواتر شایەتێك بە ناوی(هالدمان)ەوە وتی: ئەویش هەڵەیەکیتری دۆزینەوەی راستییەکانە لە(وترگێت)دا. لە نۆڤەمبەری (١٩٧٢)دا نیکسۆن سەرکەوت و دووبارە هەڵبژێردرایەوە, شەڕی کۆشکی سپی و(واشنتۆن پۆست) دەستیپێکردەوە. هەواڵە گرنگەکانیان دەدایە رۆژنامەکانیتر, یاریدەدەرانی نیکسۆن هێرشیانکردە سەر خودی(برادلی) کێشەی خاوەنداریێتی(واشنتۆن پۆست) بە ئێزگە و رادیۆوە راستکرایەوە و لە فلۆریدا خرایەبەرباس, بازنەکانی ئابلۆقەدانی رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکەیان توندکردەوە تا هیچ هەواڵێکی تازە و پڕبایەخیان دەستنەکەوێت لەسەر ئەو کێشەیە. پیاوانی نیکسۆن وتیان ئەو بلاّوکردنەوەیە بەئەنقەست بوو تا نیکسۆن دووبارە دەرنەچێتەوە کە سەریشکەوت و بردییەوە ئیتر ئەم هەڵمەتە پێویست بە بەردەوامبوون ناکات، بەلاّم هەڵمەتی رۆژنامەکە هەر بەردەوامبوو تاوانبارکردن یەکبەیەکی پیاوانی نیکسۆنی گرتەوە. کاتێکیش تاوانباران لە دادگا گوناهبارکران, بە هێرشکردنیان بۆ سەر بارەگای پارتی دیموکراتەکان لە(وترگێت) هەموویان

دانیان بە تاوانەکانیاندا نا کە(نیکسۆن)یش داوای لە کۆنگریس کرد بڕیار لەسەر دامەزراندنی(جرای ) بدات بۆ بەڕیوەبەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی تاوانکارییەکان, رۆژنامەی(واشنتۆن پۆست)یش داوای لە کۆنگریس کرد کە(جرای) بپرسێت لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە کێشەی(وتر گێت)دا کردبووی, (جرای) ناچار بوو کە سوێندبخوات و هەندێك لە پیاوانی (نیکسۆن) تاوانباربکات. رۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردەوە کە سیخوڕیکردن بەسەر پارتی دیموکراتەکانەوە بەشێکبووە لەو هەڵمەتە فراوانەی دژی نەیارانی(نیکسۆن)، هەروەها رۆژنامەکە داواشی لە کۆنگریس کرد کە لە کێشەی(وترگێت) بکۆڵێتەوە, بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك پێکهێنرا تا بە نهێنی دەست بە لێکۆڵینەوە بکات و پاش تەواوبوون و لێبوونەوە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاوبکرێتەوە. هەموو رۆژێك رۆژنامەکە بەڵگەی سەرزەنشتکردنی دژی پیاوانی نیکسۆن دەستدەکەوت. ئەوانەی کە لە پارێزەرەکەیەوە نزیکبوون, نیکسۆن ناچاربوو کە دەست لەکارکێشانەوەی یاریدەدەرەکانی قبوولبکات. ئەوەشی دووپاتکردەوە کە بەو کارەی زانیوە و لە کۆنگرەیەکدا کە رۆژی ٣٠نیسانی ١٩٧٣ بەسترا(زیجلر ) داوای لێبوردنی لە رۆژنامەنووسان کرد لە کاتێکدا ئەگەر ئەو تاوانبارکردنانەی دژی پیاوانی نیکسۆن لەلایەن(واشنتۆن پۆست)ەوە درابووەپاڵیان راستدەرچوو. لیژنەی کۆنگریس گوێی لە یەکبەیەکی پیاوانی نیکسۆن گرت, کاتێك کە دوو لە تاوانباران دڵنیابوون لە ئابڕووچوونیان لە

کێشەی(وترگێت)دا, یەکێکیان لە پشتپەردەوە وتی: (بێدەنگبوونمانیان بە پارە کڕی.!!)

(ئەلسکاندەر باترفیلد)یش کە یاریدەدەری سەرۆك نیکسۆن بوو, بۆ ئاسایشی ناوخۆی لە بەرامبەر لیژنەی ئەنجومەنی پیراندا وتی: (نیکسۆن بۆ خۆی تۆماریکرد)و وتی: (راستەوخۆ وەڵامی لە بەرامبەر تەلەفزیۆنەکاندا دەدایەوە) ئەو شتەش کە نیکسۆن نایەوێت ئاشکرای بکات ئەوەیە کە خۆی گوێی لە دەنگی خۆی هەڵخستووە, ئەوەش کەس نایزانێت تەنها سێ یاریدەدەرەکەی و هەندێ لە پیاوانی ئاسایش ئەوانەی ئەرکی چاککردنەوەی ئامێرەکانی تۆمارکردنیان لە کۆشکی سپیدا لە ئەستۆدایە نەبێت. بەتایبەتیش لە ژووره سپیەکەدا یان ژووری نووسینگەی سەرۆککۆمار. کۆنگریس داوای لە نیکسۆن کرد کە ئەو کاسێتانە بداتە پۆلیس, نیکسۆنیش ئامادە نەبوو بە دەم ئەو داوایەوە بچێت. لە بەرامبەردا کۆنگریس هانایبردە بەر دادگا و دادگاش سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەو کاسێتانە بدرێنەوە دەستی پۆلیس. نیکسۆن دەستیلەکارکێشایەوە. دوای دەستلەکارکێشانەوەکەی رۆژنامەی(واشنتۆن پۆست) لە ٩ ئەیلولی١٩٧٤دا و بە سەردێڕێکی گەورە و زل لە لاپەڕە یەکدا دەنووسێت(نیکسۆن دەستیلەکارکێشایەوە) بەمەش رۆژنامەی واشنتۆن پۆست خەڵاتی (بولیتزر)ی لە خزمەتگوزاری گشتیدا پێبەخشرا.

هەردوو رۆژنامەنووس(بۆب و دوارد)و (کارل برتشتاین)یش پێکەوە کتێبێکیان بە ناوی(هەموو پیاوانی سەرۆك)ەوە بڵاوکردەوە کە: (٥٥) هەزار

دۆلاریان لە لە چاپدەر و بڵاوکەرەوەی کتێبەکە و(١٠٥) هەزار دۆلار لە یانەی کتێبی مانگ و(١٠٠) هەزار دۆلار بەرامبەر چاپکردنی کتێبەکە لە دەرەوەی ئەمەریکا و(٣٠) هەزار دۆلار لە گۆڤاری (بلابۆی) لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی دوو ئەڵقە و(١) ملیۆن دۆلار بۆ چاپکردنێکی میللی و(٤٠٠) هەزار دۆلار بۆ دەرهێنانی وەك فیلیمێکی سینەماییان دەستکەوت. دواتر ئەو کتێبەی(کارل و بۆب) دەنگدانەوەیەکی پڕبەهای لە نێو کۆمەڵگای ئەمەریکیدا دایەوە و کاریگەرییکی زۆریشی کردە سەر رای گشتی دەرەوە و ناوەوە.

### ئابڕووچوونەکەی مۆنیکا–کلینتۆن:

ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ترسناکیان لە دەرخستنی کێشەی پەیوەندییە سۆزدارە سێکسییەکاندا گێڕا. ئەوەی کە لە نێوان سەرۆکی ئەمەریکی(بیل کلینتۆن)و(مۆنیکا لونسیکی -٢١ساڵ)دا سەریهەڵدا. لەوکاتەوە کە وەك ڕاهێنراوێك لە کۆشکی سپیدا دەستیبەکارکردن کرد. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥ەوە کە ئەو پەیوەندییەی نێوانیان هەژدە مانگ درێژەیکێشا. ڕۆژنامەگەری توانی ئەو کێشەیە بقۆزێتەوە و سەرنج و گرنگی ملیۆنەها کەس بە لای خۆیدا لەسەرانسەری دنیادا رابکێشێ تا هەنگاو بە هەنگاو بە دوای پەرەسەندنەکانی ئەو گۆڕانکارییانەدا بچێت. بە هۆی پەیوەستبوونیان بە یەکێك لە سەرەڕۆیییەکانی سەرۆکی ئەمەریکای سەرەڕۆوە و هەرەشەکردن لە ناوەند و خێزانەکەی و ئاییندەی سیاسی,خرۆشی نیگەرانییەکی

زۆری لێکەوتەوە دەربارەی ئەو بڕیارانەی بۆ پاراستن کاریگەری رۆڵی ئەمەریکا لە دنیادا کەمدەکاتەوە. هەروەها رۆژنامەگەریش ئەو ئازادییەی بەرفراوان و دیموکراتیبوونی کۆمەڵگای ئەمەریکای قۆستەوە,گەڕان بە دوای ژیاننامەی کلینتۆندا هەڵیکرد و کەوتنەپشکنین و سۆراخ بۆ دۆزینەوەی وردترین وردەکارییەکانی و رەگ و بنەمای نەشونماکردنی کلینتۆن و گەڕانەوە بۆ بیرەوەرییەکانی دایکی(ڤرجینا) کە زۆر لەو رووداوانەی ئاشکراکرد و وای لە زانایانی دەروونناسی کرد کە جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە پێکهاتەی دەروونی کلینتۆن گرێیەکی دەروونی شێواندوویەتی کە پێی دەڵێن(گرێی ئۆدیب) یانی پەیوەستبوونی کوڕ بە دایکییەوە پەیوەستبوونێکی سۆزدارییە کە دەگاتە رادەی حەزلێکردن. کلنتۆن بە هەتیوی هاتەدنیاوە باوکی لە ساڵی ١٩٤٦دا بە کارەساتی ئۆتۆمبیل پێش لەدایکبوونی کلینتۆن بە سێ مانگ گیانی لەدەستدا. پاشان دایکی شووی بە پیاوێکیتر کرد کە لە خۆبایی و دڵکرمن و بەگومان بوو, هەمیشە دایکی کلینتۆنی فەلاقەدەکرد و بە تەنیشت ژوورەکەی کلینتۆنەوە وەك دایکێکی خەتاکار تەماشایدەکرد.. هەمیشە بە لای پیاوەکەیەوە تاوانباربوو بە خیانەت, هەرگیز دەستبەرداری جگەرەکێشان و قومار و نەڕەنەڕ نەدەبوو.. بەردەوامیش سەرخۆش بوو.

بە هۆی ئەو هەڵوێستانەوە کلنتۆن تووشی قەیرانی دەروونی بوو, لەگەڵ دووفاقییەکی ئاشکرا لە نێوان دایکێکی خوانەناس و داپیرە بەخێوکەرەکەی کە زۆر خواناس بوو. رۆژنامەکان کێشەی مۆنیکایان بۆ

سەرەڕۆییەکانی پێشوتری کلینتۆن لە گەڵ ژناندا قۆستەوە کە ئەویش چوار ژنیتر بوون کە هەموویان دانیان بە بوونی ئەو پەیوەندییانەدا نابوو. بەتایبەت (جنیفر فلاورەز)ی گۆرانیبێژی شەوانە کە لە دیدارێکدا لەگەڵ پەیامنێری تۆڕی(CNN)دا ئەوەی درکاندبوو کە بە درێژایی(١٢ساڵ) دەزگیرانی کلینتۆن بووە، هەروەها(دولی کیل براوانج) کە پارێزەرێك بوو لە دالاس جەختی کردەوە کە لە ڕۆژانی پێکەوە خوێندنەوە کلنتۆن خۆشیویستووە و بە درێژایی(٣٠ ساڵ) ئەو پەیوەندییە پچڕپچڕبووە, لەبارەی کلینتۆنیشەوە(دولی) دەڵێ: (مرۆڤێکی دلڕەقە چەندین کاتمان پێکەوەبەسەربرد, بەڵام بە ئاسانی لەبیریکردم) هەروەها ڕۆژنامەکان کێشەی(باولا جۆنز)یشیان بڵاوکردەوە و کێشەکە بەرزکرایەوە بۆ دادگاییکردنی سەرۆك کە بەوە تاوانبارکرابوو بە زۆرەملێ(باولا)ی ناچارکردووە تا سۆزدارێتی لە گەڵدا بگۆڕێتەوە, ئەویش لەو کاتەدا کە دەسەڵاتداری (ئەرکنساس) بووە و پێشوتویوە نابێت ئەم ڕازە بدرکێنی. بە پلە بەرزکردنەوە و زیادکردنی مووچەکەی فریویدابوو. ئەوەش ڕووینەدا و کێشەکە ڕووبەڕووی دادگا کرایەوە. ئەم کێشانەش زیاتر بوون. حکومەتی ئەمەریکا ناچاربوو (حەسانە) لەسەر سەرۆك لاببات بۆ دادگاییکردنی، بەڵام ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کێشەی پەیوەندی کلینتۆن و مۆنیکا ڕۆڵێکی بەرچاوبوو و چیرۆکەکەش بە دوورودرێژی بڵاوکرایەوە و سەرکەوتووش بوو لە سەرنج ڕاکێشانی ڕای گشتی. ئەمەش وا ی لە مۆنیکا کرد کە داوای شەش ملیۆن دۆلار بە دەستگای بڵاوکردنەوەی (هاربر کونز) بکات کە هی (ڕۆبەرت مردوخ ) بوو. لە بەرامبەر

بڵاوکردنەوەی ئەو ئابڕووچوونە. ئەمەش لە کاتێکدا ئەو دەستگایە تەنها یەك ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی خستبووە پێش بۆ مافی بڵاوکردنەوەی و دەستگا جۆراوجۆرەکانیتری راگەیاندن دەقی وەلامەکانی مۆنیکا و پەیوەندییە سێکسییەکانی لە گەڵ کلینتۆندا بە درێژیی بڵاوکردەوە کە وەك لە وێنەکەدا دەرکەوتبوو کراسە شینەکەی بەری مۆنیکا (تۆواو)ەکەی سەرۆکی بەسەرەوە جێمابوو، لەگەڵ دەقی تەواوی وەلامەکانی سەرۆك کە شەش سەعاتی خایاند و بشێوی و هەڵچوون بە رووخساریەوە دیاربوو.

رۆژنامەکان راپرسییەکانیان لە نێو هەموو چین و توێژە جیاجیاکاندا ئەنجامدا بە جۆرێك کە دەزگای (جالوب) ئەو راپرسییەی گەیاندە بەریتانیا و کەنەدا و فەرەنسا و ئەلمانیا جگە لە ئەمەریکا, دەربارەی ئەو پرسیارە (ئایا چاکترە سەرۆك دەست لەکار بکشێنێتەوە.؟) لەگەڵ ئەو راپرسییەشدا راپۆرتێك کە دانپیانانەکانی کلینتۆنی لە (٤٢٥ لاپەڕەدا لەخۆگرتبوو لەسەر تۆڕی ئینترنێت بڵاوکرایەوە) بە ملیۆنەها خەڵك لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە راپۆرتەکانیان دەخوێندەوە و دەبینی کە ژنێك داواکارییەکی بەدەستەوەیە لە بەرامبەر پەرژینەکانی کۆشکی سپیدا دەڵێت: (کچەکانمان رزگاربکەن.. کلینتۆن زیندانی بکەن) بە دواچوونی دەرچوونی کاسێتە ڤیدیۆییەکان کە درێژەی بەسەرهات و کێشە و دانپیانانەکانی تیا تۆمارکرابوو کرا. دەزگاکانی راگەیاندنیش سەرەرۆییەکانی سەرۆکی ژنانی پێشوو و ئێستای پێکەوەدەبەستەوە و دەیانگوت کارەکە هێشتا تێنەپەڕیوە و تائێستاش سەرۆك

وەك ئارەزووەكانی درۆدەكات. ئەم كارەش ئەمەریكییەكان بە ئاسانی چاوپۆشی لێناكەن. كاتێكیش كە پەیوەندی بە سەرۆكەوە هەبێت دەزگاكانی راگەیاندن تیشكخستنەسەر ( هیلاری) ژنی كلنتۆنیان لەبیرنەكردبوو هیلاری بە ورەیەكی بەرزەوە لەگەڵ بەسەرهاتی مێردەكەیا بوو, دوور لە هەر هەڵچوون و هەستێك بە شپرزەیی لە ئاست ئەو كێشەیە. راگەیاندنەكانیش باسیان لە سەرەتاكانی پەیوەندی نێوان كلینتۆن و هیلاری دەكرد كە چۆن دایك و دوو براكەی رێگربوون لە نزیكبوونەوەی نێوانیان و هاوسەرگیرییان بە بیانووی قەڵەوی و نارێكی لەشیەوە، لە دوایشدا كە زانیان كلینتۆن سوورە لەسەر خواستنی قایلبوون بە مێردپێكردنی، هەروەها دەزگاكانی راگەیاندن باسی سەركەوتنی ئەو دوو هاوسەرە و هیواو ئاواتەكانیان دەكرد و وازهێنان و قایلبوونی هیلاری لە دەستبەرداربوونی ناوی خێزانی (روودهام) لەپێناوی كلینتۆندا و ئەو ناوەش وەربگرێت، جگەلە گۆڕانی جۆری پرچداهێنان و رێگەی خۆڕازاندنەوە و جوانكاری، هەروەها باسیان لە كەسایەتی بەهێز و جیاكاری و ستەمكاری و زاڵبوونی دەسەڵاتی بەسەر كلینتۆندا دەكرد كە چۆن ئەو كارە ببووە جێگەی مەترسی زۆربەی پیاوانی دەسەڵات لە ئەمەریكادا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەی كە لە سەرەتای دەسەڵاتدا كەوتە دەستی سەرۆك دەیانوت: كلنتۆن تەنها پیاوی هیلارییە و بە فەرمانی ئەو ژنە دەجووڵێتەوە. راگەیاندنەكان باسیان لە رۆڵی گەورەی هیلاری لە قوتاركردنی مێردەكەی و ئاییندەی سیاسی دەكرد لە كێشەی مۆنیكادا كە چۆن بە بەهرە و لێبوردەییەكی لەڕادەبەدەر و

هەستکردنی قووڵی رای شەقامی ئەمەریکیەوە هەڵسوکەوتی دەکرد کە چۆن زۆرینە بە بەرژەوەندی سەرۆکدا بشکێتەوە کاتێك کە دەیوت: مۆنیکا و گەورەپیاوانی ئابووری و بەڕێوەبردن کودەتایان بۆ سەر سەرۆك بەرپاکردووە.

هیلاری سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەری لە رووداوی کاردانەوە جەماوەرییەکان بەدەستهێنا کە هاوسۆزبوون لەگەڵ کلینتۆندا دژ بە هەڵسوکەوتی دلڕەقان لە گەڵیدا. هیلاری وایبۆدەچوو کە مێردەکەی قوربانی دەستی پیلانێکە کە ئامانجیان پارتەکەی و کۆمارییەکان دبێت. جگە لەمانەش هیلاری خاڵێکیتری قۆستەوە ئەویش لێدوانەکەی بوو بۆ ئەمەریکیەکان بەتایبەت ترسی زیاتریان لە داڕوخان و هەرەسی پایە و بەهای خێزانی بوو. بەمجۆرە لە بەرامبەر ئەو زریانەدا وەستایەوە کە ئەم دیدارەی لێکەوتەوە:

دوای دانپیانانە نابەجێگەی پەیوەندیبوونی کلینتۆن بە مۆنیکاوە (سوکارول )ی نووسەر لە رۆژنامەی (ئەلمیرور)ی بەریتانی وتارێکی یەك لاپەڕەیی ئاراستەی هیلاری کلینتۆن کرد و پێیوت:

**خۆشەویستم هیلاری**

لە شەقازلەکانی (بیل)ت بەرکەوت کە بەس بوو، بەڵام دواشەقازلە (کە مەبەستی دانپیانانە ئاشکراکەی بوو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بە ناپاکی و خیانەتی خۆی) کە پێویستە دوا شت بێت.. پێشتر هاواری زۆرت کرد بەرێزم کە ئەوەی دەربارەی ناپاکییەکان دەوترێت, ئەگەر راستبێ و بسەلمێنرێت سووکایەتی و سەرزەنشتکردنێکە بۆ تۆ و جۆرێکە لە دەستدرێژییەکی ترسناك,

ئەوەتا ڕاست دەرچوو و سەلمێندراش کە ڕوویدا و ناپاکییەکی کردووە بە کردەوە, بەمەش بەڕێزم تۆ زۆرترین ژنی جیهانی کە تووشی ڕیسوایی و ئابڕووچوون دەبێت. ئایا نموونەیەك لەو ژنانە دەبێت کە ڕووبەڕووی ڕیسوایی دەبنەوە و بێدەنگ دەبن یان ئەم تیۆرە ڕەتدەکەیتەوە.؟.. ئادەی بۆ هەموو ژنانی جیهانی بسەلمێنە کە بەهێزیت وەك بەڵێنماندایتێ تۆ هەمیشە نموونەیەکی بەتوانا و پشوودرێژی بەرپرسیاریەتی و توانینی خۆت بوویتە.. بە ساردی و بێدەنگی, سەرەڕای ئاگربارانکردنت لە هەموو لایەکەوە لەپێناو ئەم پیاوەدا, چاوپۆشی لاستیکت لە چاوکرد و داهێنانی پەرچەمت گۆڕی, ئێستاش چاوێلکەیەکی ڕەش لەچاودەکەیت بۆ نەبینینی شاردنەوەی ئازارەکان و شاردنەوەی ماندووبوونی چاوەکانت, ئەو چاوانەی چەندین هەفتە لە بێداریدا بوون. بەڕێزم بوویتە (ژنێکی ژێر ئابلۆوقە ) وا دەزانیت وەکو خۆت دەمێنیتەوە, بەڵام واقیع دەڵێت: (نا.. هەموو شت وەکو خۆی نامێنێت).

## ڕۆژنامەگەری و جۆرەکانی

### ڕاستی ڕۆژنامەگەری

ڕۆژنامە یانی لاپەڕەی هەردوودیو نوسراو کە پەڕەی ڕۆژنامەنوس هەردوودیوی دەنووسێت, بە ئینگلیزی پێیدەوترێت (journalism ) لە بنەچە وشەی (journal )ەوەیە کە یەکێکە لە وەرگیراوەکانی (jour )ی فەرەنسی یانی ڕۆژ و وشەی (journal ) بە فەرەنسی یانی ڕۆژانە, لە ڕۆژەوە ,بەڵام

رۆژنامە پێ ی دەوترێت (journale) وە بـەئینگلیزیش (news paper) یـانی هەواڵی لاپەڕە بەکارهێنانی وشەی (press) بە ئینگلیزی رۆژنامەگەرییە کە بە شتێك دەوترێت پەیوەنـدی بـە چاپکردن و بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیارییـەوە هەبێت و(journalist) یانی رۆژنامەنووس .

## تێگەیشتنی زاراوەی رۆژنامەگەری

رۆژنامەگەری کۆکردنەوەی هەواڵ و ئـەو بابەتانەیـە کـە پەیوەنـدی بـە چـاپ و بڵاوکردنـەوە وە هەیـە, وەك رۆژنامـە و گۆڤـار و هەواڵنامـە و لوولـدراوەکان و کتێـب و رێزمـانی بەیاننامـە کـە پەیوەنـدی بـە ژمێـرەری ئەلیکترۆنییـەوە هەیـە, بـەڵام بـەکارهێنراوی بـاو بـۆ رۆژنامەگـەری تـەنها لـە ئامادەکردنی هەندێ رۆژنامـە و گۆڤـاردا زیـاتر بـەکاردەهێنرێت. دەشـتوانرێت فراوانبکرێتەوە تا وێنە و بڵاوکراوەیتریش بگرێتەوە، هەروەها رۆژنامەگەری یان دروسـتکردنی رۆژنامـەنووس. رۆژنامەنووسـانیش ئـەو نەتەوەیـەی سـەر بـە رۆژنامەگەرین و کاری تیادەکـەن, یەکـەم کەسـیش ئـەو وشـەیەی بـەکارهێنا و دەربـڕی بـەو مانایـەی ئێـستای (شـێخ نـەجیب حـداد) بـوو کـە دامەزرێنـەری رۆژنامەی (لیسان ئەلعەرەب) بوو لـە ئەسـکەندەرییە. لـە گـەڵ (شـێخ ناسـیف ئەلیازجی) کە شکۆمەندی ئـەو وشـەیە بـۆ ئـەوان دەگەڕێتـەوە، دواتـر زۆربـەی رۆژنامەنووسـان رێزیـان لێنـا و بـەکاریانهێنا. عــەرەب و ئەوروپیـەکان زۆر زاراوەیـان بـەکارهێنا بـۆ وەسـفی رۆژنامەگـەری بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە, لـە

سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە کە وشەی رۆژنامەگەری بۆ یەکەمجار پەیدابوو, پێشتر پێیاندەوت (ئەلوەقائیع) لەوانە رۆژنامەی (ئەلوەقائیع)ی میسری وەك (رەفاعە تەهتاوی ) پێیدەوت, هەروەها (غازەتە)یشیان پێدەوت کە جۆرە دراوێك بوو رۆژنامەی پێدەفرۆشرا, عەرەب لە سەرەتای سەردەمەکانیەوە وشەی (غازەتـە)یـان بـۆ رۆژنامەگـەری بـەکاردەهێنا, وەك لاسـاییکردنەوەیەکی ئەوروپییەکان, دەوترێت کە یەکەم رۆژنامە سەریهەڵدا (ئەلبندقیە) بوو ساڵی (١٦٥٦) کە پێیدەوترا (غازەتە) کە پاشتریش بە هەموو رۆژنامەکانیتریش دەوترا. کاتێکیش کە (خەلیل ئەلخوری ) لە ساڵی (١٨٥٨) رۆژنامەی (حەدیقەتولئەخبار)ی لە بەیروت دامەزراند بە فەرەنسی پێیدەوت (journal ) و (ئەلکونت رەشید دەحداح )ی خاوەن رۆژنامەی (برجیس پاریس)ی پاریسی یەکەم کەس بوو کە وتەی زارەکی بۆ رۆژنامە بەکارهێنا و لەو سەردەمەدا و دواتریش.

## رۆژنامە News paper

ئامرازێکی گەیاندنی چاپکراوە بە شێوەی (خول) دەردەچێت, لێکۆڵەرەوەی ئەڵمانی (ئوتوجردت) لە ساڵی (١٩٣٨)دا مەرجی بۆ داناوە کە پێنج پێوەری بنەڕەتییە کە لە دەزگاکانیتری پەیوەندی پێی جیادەکرێتەوە کە ئەمانەن:

١- بە شێوەی خول (دەوری) بڵاوبێتەوە, هەفتەیەك تێنەپەڕێنێت
٢- بە ئامێری چاپ بنووسرێتەوە

٣- هەموو کەس بتوانێ بیکڕێت و دەستیبکەوێت, نەك بۆ دەستەیەك یان دەزگایەك یان ڕێکخراوێك بێت

٤- پێویستە ناوەڕۆکی هەمەجۆر بێت, ئەو بابەتانە بگرێتەوە کە بە لای جەماوەرەوە گرنگە بە هەموو چینەکانیەوە

٥- کێشەی ئەو سەردەمە چارەسەربکات لە دەرچوونیا و بەردەوامی هەبێت.

مێژوونووسی ڕۆژنامەگەری بەناوبانگی ئەمەریکی (ئەدوین ئەیری) حەوت پێوەری بۆ ڕۆژنامە دیاریکردووە کە ئەمانەن:

١- بە لای کەمەوە هەفتەی جارێك بڵاوبکرێتەوە

٢- بە ئامێری چاپ لە چاپبدرێت

٣- ڕێخۆشکەر بێت بۆ هەموو چینەکان

٤- ئەو هەواڵانە بڵاوبکاتەوە کە بە لای گشتییەوە گرنگن لە بوراەکانی بابەتی تایبەتدا

٥- هەرکەسێکیش خوێندەوارییەکی سادە و ساکاریشی هەبێت بتوانێت بیخوێنێتەوە

٦- پەیوەستی کاتەکەی بێت

٧- بەپێی کات سەقامگیربێت .

ڕۆژنامەش ئەمانە دەگرێتەوە: ڕۆژنامەی ڕۆژانە کە هەفتەی چوار جار دەربچێت بە لای کەمەوە و ئەوانەش کە کەمتر لە چوار جار لە هەفتەیەکدا دەردەچن.

## گۆڤار (Magazine)

وشەی گۆڤار کە بە عەرەبی یانی ئەلمەجەللە (المجلە) دەگرێتەوە بۆ وشە فەرەنسییەکەی (magazin) کە لە وشەی مەخزەن (مخزن)ی عەرەبییە, بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٧٣١) ئەم زاراوەیە بەکارهێنرا، چونکە رۆژنامە بە شێوەیەکی دیاریکراو بۆ هەواڵ و هەواڵی بەپەلە و ناوخۆیی بوو, بەڵام گۆڤار بۆ چیرۆك و بابەت و لێکۆڵینەوەی پڕهەواڵ و شتیتری حەوانەوە و پشوو بووە, زۆرترین پێناسەش بۆ قایلبوون ئەو پێناسەیەی (فرانك لوسرموت)ە کە دەڵێت گۆڤار بریتییەلە چاپکراوێکی بەرگدار, کە بە شێوەیەکی خولی دەربچێت, درێژ, کورت کە بابەتی هەمەجۆر بگرێتەوە. گەلێك زاراوەیتریش بۆ ناساندنی گۆڤار بەکاردەهێنرێت لەمانە:

١- چاپکراو (publication)

یانی کۆمەڵێك بابەتی چاپکراو کە لە چاپخانەوە دەرچوویێت وەك: رۆژنامە, نامیلکە, کتێب, بڵاوکراوە, چاپەمەنی, کارت, نەخشە, هەڵواسراو, هەندێ لەو چاپکراوانەی بە شێوەی رێك دەربچن.

٢- سووڕ (دەوری) ( periodical)

یانی هەر چاپکراوێك بە شێوەیەکی سووڕی ( دەوری ) دەربچێت. لە سەرەتاوە ئەم دەستەواژەیە بۆ کارێك کە نووسەرێك بینووسێتەوە وەك ئاماژەیەك بەکاردەهێنرا. سەرەڕای چاپکردنی چەند بەشێك و لە چەند کاتێکدا, گەورە نووسەرانی بەریتانیا راهاتن لەسەر ئەم شێوازە رۆمانەکانیان بڵاوبکەنەوە.

زۆربــەی رۆمانــەکانی (تـشالز دیکنـز ) بـە شـێوەی سـووڕی بلاوکرانــەوە, وەك (دیڤیـد کـوبر فیلـد)و (کاتـە سـەختەکان ), رۆمـانیتریش هـەبوون بـە شـێوەی زنجیرەی مانگانە بلاّودەکرانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو گۆڤارەکـان سـووڕی بوون, چونکە بە شێوەی سووڕ دەردەچوون، بەڵام هەموو سووڕەکان تەنها گۆڤار و رۆمانەکان ناگرێتەوە, وەك زاراوەی سووڕیان بۆ بەکاردەهێنرا. تـا ئامـاژە بـە شێوازی بابەت بکات لە رۆژنامەدا کە جیاوازە لە بابەتی گۆڤاری گشتی کە لـە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو زاراوەیە بـەکارهێنرا تـا گوزارشـت لـە هـەموو چـاپکراوەکان بکـات. ئەوانــەی بــە سیــستەمێکی رێــك دەردەچــن جگەلــە رۆژنامــەکان. (هاشـم عەبـدە هاشـم )یـش وایـدەبینێ کـە سـووڕ رۆژنامـە و چـاپکراوەکان دەگرێتــەوە بــە هــەموو شــێوە و مەبەســتەکانیەوە لەگـەڵ کـاتی رامانیدا, هەروەها وایدەبینێ کە سووڕ بەسەر سێ جۆری بنەڕەتیدا دابەشـدەبێ وەك:

١- ئەو سووڕانەی لە زانکۆکانەوە دەردەچن, ئەو سووڕانەش باسی بابەتە گشتییەکان دەکەن و ئـەو سـووڕانەش کـە لایەنـەکانیتری دەریدەکـەن، بەڵام ملکەچی پێـوەری زانـستی نـین . بـەپێی دەسـەڵاتی ئـەو کـارەی بەجێیدەهێنێ.

٢- کۆمەڵەی ریزبەندی بەدواییـەکی کـاردا بـە هـەردوو جـۆرە نـاوەکی و دەرەکییەکەیـەوە لـە وەزارەتـەکان و بەرژەوەندییـە حکومیبـەکان یـان دامەزراوە شێوە حکومییەکان.

٣- کۆمەڵەی ریزبەندی بەدواییەکی بازرگانی کە کۆمەڵەیەکی دەزگا رۆژنامەوانییەکانە و ئەو کۆمەڵانەی کە دەزگا و دامەزراوە گشتییەکان دەریدەکەن و تاکەکانیان بڵاویدەکەنەوە.

٣- جۆرناڵ (journal):

وشەی جۆرناڵ فەرەنسییە و یانی (نووسراوی رۆژانە ) و بە ئینگلیزیش یانی (daily book) کە هاوتا وشەی (diurnals)ی لاتینییە کە وشەیەکی پێکهاتووە لە (jour)ی فەرەنسی (رۆژ) و وشەی (diurnals) یانی (رۆژانە). کە پەرەیسەند و لە ئەوروپادا بەکارهێنرا بەتایبەتیش لە سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا لە فەرەنسا و ئینگلتەرا بۆ گوزارشتکردن لە رۆژنامەی رۆژانە, ئێستاش وشەی جۆرنال بە شێوازێکی بەربڵاو بە گۆڤاریش دەوترێت بۆ نموونە کاتێك کە کۆمەڵێك پزیشك یان زانا و ئەندازیار دەریدەکەن. ئەوەی مایەی تێڕامانە ئەم زاراوەیە کە لە رابردوودا گوزارشتی لە رۆژنامەی رۆژانە دەکرد, ئێستاش گوزارشت لە هەموو ئەو گۆڤارانە دەکات کە زۆربەیان بە شێوەی هەفتانە یان نیوەساڵانە و ساڵانە دەردەچن. سەرەڕای ئەمانەش هەموو ئەم گۆڤارانە شەقڵێکی چالاکانەی تەرخانکراویان نەبووە وەك هەندێك گۆڤار لە ناوەڕۆکدا ئاسانتر بوون وەك (ladies home journaly women journaly) شێوازێکی سێیەمیش لە نێوان ئەو دوو شێوازەدا بوو, کۆمەڵەی پیشەوەران دەریاندەکرد یان رێکخراوێکی وەك (british legion journal).

نمایش یان بەدواداچوون یان تێڕوانین (Review)

بۆ چەند ساڵێك و تائێستاش زاراوەی (review) بۆ ئەو گۆڤارانە بەکاردەهێنرا کە بابەتی ئەدەبی و رەخنەیی و قسەلەسەرکردنی رووداوەکانی دەگرتەخۆ. ئێستاش ئەو زاراوەیە لە بواری رۆژنامەگەریدا بەکاردەهێنرێت تا ئاماژە بە پێناسەی کتێبی رەخنەیی تازە یان فلیم و شانۆگەری و تۆمارکردن یان بەرنامەی ئێزگەیی و تەلەفزیۆنی بکات. هەندێك گۆڤاریش بە خۆی دەڵێت (reviews) یان وەك (reviews) ئاماژەی دەدرێتیٚ کە زۆربەیان ئەو گۆڤارانەن کە مامەڵە لە گەڵ هەواڵی رووداوەکاندا دەکەن یان واقیعە تازەکاندا, لە دنیای گۆرانی و ئاواز یان کتێب یان چاوپیاداخشاندنێکی (reviews)ی بەسەردادەکات بە وەی روویداوە یان نمایشدەکرێت بەتایبەت ئەوانەی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرانەتەوە.

٥- کتێب The Book

زۆرجار بە گۆڤارەکان دەوترێت کتێب بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەبەر ئەوەی لە کتێب دەچن کە بە ئامانجی چارەسەرکردنی رووداوە کاتییەکاندا دەرناچن و کتێب وەك لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا هاتووە بریتییەلە کۆمەڵە پەڕەیەکی چاپکراوی چەسپاو و بابەتییانە خراونەتە بەرگەوە بەڵام ناساندنی گۆڤار بەپێی ئەم زاراوەیە ورد نییە.

٦- جازیت gazette

وشەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ gazette ی ئیتالّی کە ناوی دراوێکە لە (بندقیەی ئیتالّیا) کە لەوێ دەدرایە پەڕەی هەواڵ, دواتر بە رۆژنامەکان دەوترا. تائێستاش ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەی ناوخۆیی و تایبەت و فەرمی و هەندێ گۆڤاریش ئەو ناوە بەکاردێنن کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانە لەخۆدەگرن کە گرنگی بە کاروباری خەڵکی دەدەن.

٧- بەجێهێنان organ

وشەیەکە بۆ ناساندنی گۆڤاری پارتێکی سیاسی بەکاردەهێنرێت یا سەندیکای پیشەوەران, کۆمەڵە یان یەکێتی یان رێکخراو و شتی لەو جۆرانە. ئەم ۆرە گۆڤارانەش بۆ بلاّوکردنەوەی هەواڵی فەرمی دادەمەزرێن کە پەیوەستن بەو گروپ و کۆمەلاّنەوە کە دەریدەکەن یان ئامرازێکن بە دەست خاوەنەکانیانەوە, وەك لە لاتینیدا هاتووە پێیدەوترێت orgaum یان ئامراز.

٨- پێناسەیتری رۆژنامەگەری

هەندێکیان وایدەناسێنن کە هەموو رێگاکان بە هۆیەوە یەکدەگرن بۆ گەیاندنی هەواڵەکان و لەسەر باسکردنیان بۆ خوێنەران و خەڵکی لەگەڵ هەموو رووداو و گۆڕانکارییەکانی دنیادا کە بە لای خەڵکییەوە گرنگن یان هەموو بیر و کارێکی دوورودرێژ کە کاریگەری لەسەر ئەو رووداوانە هەبێت دەبێتە

ماددەیەکی بنەڕەتی رۆژنامە, بەم پێیە تێگەیشتنی رۆژنامەگەری یانی هونەری تۆمارکردنی رووداوەکانی رۆژ بە وردی و رێکی ئارەزوویەکی تەندروست لەگەڵ بە دەنگەوەهاتنی ئارەزووەکانی رای گشتی و ئاراستەکردنی و بایەخدان بە کۆمەڵگاکانی مرۆڤ و گواستنەوەی هەواڵەکانیان و باسکردنی چالاکییەکانیان, دواتر حەوانەوە یان کات بەسەربردنێکی ئاسوودە لە کاتی بێکاریدا, رۆژنامەگەری ئاوێنەیەکە کە رەنگدانەوەی کۆمەڵێکی تیادەردەکەوێ لە گەڵ هەموو ئەندێشە و جێبەجێکارییەکاندا.

(مەحمود عەزمی) کە راگەیەنەرێکی سەدەی بیستەمی وڵاتی میسرە دەڵێت: رۆژنامەگەری کارێکی کۆمەڵایەتییە, گرنگی ئاراستەکردنی رای گشتییە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیری تازەی خەملێوەوە کە سوودمەند و گونجاو بن لە گەڵ هەستی خوێنەراندا. (ویکهام ستید)یش کە یەکێکە لە رۆژنامەنووسەکانی بەریتانیا لە بواری رۆژنامەگەرییدا وایدەبینێ کە رۆژنامەگەری پیشە نییە وەك پیشەکانیتر بە لکو زیاتر لە کارێکە و پیشەسازیش نییە, بەڵکو سروشتێکە لەگەڵ بەهرەدا و رۆژنامەنووسەکان خزمەتگوزاری گشتییەکانن, فەرمی نین, ئامانجی یەکەمیان کارکردنە لەسەر پێشکەتنی کۆمەڵ.. سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (جیڤرسۆن) وای بۆچووە کە رۆژنامەگەری ئامرازێکە بۆ رووناککردنەوەی مێشکی مرۆڤ بۆ پێشخستن وەك کارێکی ئەخلاقی و کۆمەڵاتی, (ئەدولف.س.ئۆکس)ی بڵاوکەرەوە لە رۆژنامەی (نیوپۆرك تایمز) دەڵێ: رۆژنامەگەری کارێکە داوای ناسیاوی ناکات و کارێکە

چاوپۆشی لە سۆز و لایەنگیری و ماندووبوون بۆ دوورترین سنوورەکان دەکات و بۆ بەرژەوەندی گشتی تەرخانە. تا لادان و چەواشەکارییەکان ریسوابکات لەگەڵ کەمتەرخەمی لە ئاستی ستەم و مامەڵەکردن بە گیانی یەکسانی لە خۆبوردنەوە لە تەك لایەنی بیروڕای بەرهەڵستکاراندا کارێکە دروشمی (با لێرەوە رووناکی هەبێت)ە. هەروەها زۆربەی پسپۆرانی بواری راگەیاندن وایدەبینن کە راگەیاندن و رۆژنامەگەری یەکشتن. بە ڕای ئەوان رۆژنامەگەری تەنها لە بواری چاپکراودا کورتناکرێتەوە, بەڵکو هەموو دەزگا و ئامرازەکانی راگەیاندن دەگرێتەوە و رۆژنامەشیان کردووە بە دوو بەشەوە: رۆژنامەگەری چاپکراو کە مەبەستیان رۆژنامەی چاپکراوە و رۆژنامەگەری بیستراو یانی ئێزگە و رۆژنامەگەری بینراو یانی تەلەفزیۆن یانی هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن کە شانبەشانی وێنە دەنگیشی تیابەکاردێت و وشەی خوێندراوە یان دەربڕاو، بەڵام هەندێکیتر وایدەبینن کە رۆژنامەگەری یەکێکە لە ئامێرەکانی راگەیاندن و بەیەککگەیاندنی سەرەکی و وتەکانی کاریگەرییان هەیە و بە کاریگەریش دەمێنێتەوە. (ئینسکوپیدیای ئینکارتا)ش کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەبێتەوە وایدەبینێ کە رۆژنامەگەری هەموو هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەی راستییەکانە. لەسەر پێشهات و رووداوەکان و رۆژنامەگەری رەسەن تەنها بابەتە چاپکراوەکان دەگرێتەخۆ وەك رۆژنامە و رۆژنامە خولییەکان, بەڵام لە سەدەی بیستەمدا هۆکارەکانیتریش دەگرێتەوە وەك رادیۆ و تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر.

(فاروق ئەبو زەید)یش وایلێکداوەتەوە کە ڕۆژنامەگەری وشەیەکە بۆ سەلماندنی چوار واتە بەکاردێت:

**مانای یەکەم /**

ڕۆژنامەگەری یان پیشە یان کار کە دوولایەنی هەیە, لایەنێکی پەیوەندی بە بازرگانی و پیشەسازییەوە هەیە لە میانەی کاری چاپکردن و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوە و خستنەبازاڕ و کارگێری و ڕاگەیاندنەوە. لایەنێکیتریش پەیوەندی بە کەسەوە هەیە ئەوە ئەو پیشەیەی هەڵبژاردووە یانی ڕۆژنامەگەری و پیشەی ڕۆژنامەنووسی لێکەوتۆتەوە یانی ئەو کەسەی هەواڵ دەستدەکەوێت و وتوێژ سازدەکا و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی دەڕەخسێنێ و بابەتی ڕۆژنامەوانی دەنووسێت لەگەڵ هەموو هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەگەرییدا.

**مانای دووەم/**

ڕۆژنامەگەری یانی بابەت ئەوەی کە ڕۆژنامە بڵاودەکاتەوە وەك هەواڵ و قسەکردن و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی و بابەت و..تاد. بەم واتەیە پەیوەندی بە هونەر و زانستەوە هەیە, هونەری دەرچواندنی ڕۆژنامەگەری بە هەموو جۆرەکانییەوە لە هونەری هەواڵەوە تا هونەری گفتوگۆ و بەدواداچوون و بابەت و ستوون و دەرهێنانی. هونەری ڕۆژنامەگەری پەرەیسەند و بوو بە زانستێك کە بنەما و یاسای هەبێت, جگە لەمانەش ڕۆژناگەری پەیوەستە بە هونەریشەوە بە مەرجێك بوونی بەهرە لە ڕۆژنامەنووسدا مەرجێکی پێویستە کە پێشکەش بە

رۆژنامــەی دەکــات لــە هــەواڵ و قــسە و بابــەت و هەرشــتێکیتر. ئەگــەر رۆژنامەگەری کـاری پیـشەسازی و هونـەر بێـت, ئـەویش لـە هەمانکاتـدا ئـەو شتانەیە.

**مانای سێیەم/**

رۆژنامەگــەری یــانی ئــەو شــێوازەی لەســەری دەردەچــێت, چــونکە رۆژنامەگەری سوورِی چاپکراوە و دەردەچێت بـە چـەند تیراژێـك بـە شـێوەیەکی ریکوپێك دەکەوێتە بازارِەوە لە کات و ساتی دیاریکراودا لە دوورونزیك.

**مانای چوارەم/**

رۆژنامەگەری یانی فەرمان و ئەرك کـە لـە کۆمـەڵگای تـازەدا جێبەجێـدەکرێت یانی پەیامێکی ئامـانجی خزمـەتکردنی کۆمـەڵگای مرۆڤایەتییـە. بـەم واتایـە پەیوەندی بە سروشتی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە هەیـە بـەو کۆمەڵگایـەوە کـە رۆژنامەکـەی تیادەردەچـێت لەگـەڵ جـۆری رژێمـی سیاسـی و کۆمەلایـەتی و ئایدۆلۆژی لەسەر بەندە و باوەڕی پێیەتی ئـەو کۆمەڵگایـە. هـەر ئـەو کارەشـە قوتابخانەی رۆژنامەگەری جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە.

## ئەرکەکانی رۆژنامەگەری

رەنگـە هـەر وا ئاسـان نـەبێت ئـەو کۆمەڵـە خزمەتگوزارییانـەی کـە رۆژنامــە پێــشکەشی جــەماوەری دەکــات دەستنیــشانبکرێت, لــەوەش گــرانتر دەستنیشانکردنی جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە خوێنـەری هەمەچەشـنەیان

هەیە و لە ناوەڕۆکدا جیاوازن. لەم رۆژانەدا رۆژنامەگەریش وەك بەشەکانیتری هۆکارەکانی راگەیاندنی جەماوەری بە پێی ئەو دەرفەتەی بۆی رەخساوە قەڵەمبازی خۆی داوە. لە تواناکانی ئەو تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووانەی کە بەدەستیهێناوە. لە گرنگی ژیانی خەڵکی کە توێژەرەوەکانی بواری پەیوەندیکردن لە کاری لاساییکردنەوەی ئەو ئامرازانەدا ناسیویانە . لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا (لاسیویل) سێ ئەرکی بۆ کاری راگەیاندن دەستنیشانکردووە ئەوانەش: چاودێریکردنی ژینگەی دەوروبەر و کارکردن بۆ یەکخستنەوەی پارچەکانی کۆمەڵ و یەکگرتنەوەیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ژینگە و بایەخدان بە گواستنەوەی کەلەپووری رۆشنبیری لە میانەی نەوە جیاوازەکانەوە. لە بەردەوامی ئەو ئەرکانەدا ئەرکیتریشی هاتەسەر کە توێژەرەوەکانیتر کاریان بۆ کردبوو وەك (رایت) کە ئەرکی پشوودان و حەوانەوەی خستەسەر و(دیفیتۆ)یش هاوکاری و پشتگیریکردنی فێربوونی خستەسەر و(شرام )یش وایبینی سکە دەزگاکانی راگەیاندن بریتیبن لە رەواجدان بە کەرەستە و خزمەتگوزاری لە نێوانماندا وەك تاك، وەك ئاماژەیەك بۆ کاری بانگەوازکردن و جەخت لەسەر بەردەوامی ئەم پێشکەوتنانە دەکاتەوە بۆ کاری راگەیاندن لە کۆمەڵگە تازەکاندا.

دەزگای راگەیاندن لە دنیای ئەمڕۆدا بووە بە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و کاری خۆی بە تەواوی پیادەدەکات لە ژیانی تاکی کۆمەڵدا وەك تێکڕای دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیتر کە کاری پەروەردە و فێرکردن رادەپەڕێنێ بۆ

کەمکردنەوەی جیاوازی رۆشنبیری و لە نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا. ئەگەر رووبەڕووبوونەوەیەکی فیکری رووبدات لە میانەی ئەو بابەتە هەواڵیانەی پێشکەشیدەکات.

هەندێکیش وایدەبینن کە ئەرکی زیندووی رۆژنامەگەری شەڕکردنە لەگەڵ چەقبەستنی فیکردا کە دەنگە نادیموکراتییەکان دەسەلات و شێوازی فیکری خۆی بسەپێنێ بەسەر تاکدا بە پاساوی یەکڕیزی, ئەمەش لەگەڵ سروشتی پێشکەوتنی کۆمەڵدا ناگونگێت. لە ئەرکەکانیتری رۆژنامەگەری بەرپاکردنی گۆڕانکارییە یان نزیککردنەوەی بیری کۆمەڵگا لە میانەی ئەو رۆشنبیری و زانیارییانەوە پێشکەشیدەکات تا بتوانێت پابەندبێت بە بابەتی بوونەوە.

## رۆژنامەگەری و کاری پەیپێبردن
## یان چاودێریکردنی ژینگە

ئەوە گرنگترین کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندنە کە لە سەراپای دنیادا بە فراوانی تۆڕی بەربلاوی هەیە لە پەیامنێرانی رۆژنامە و تەلەفزیۆن و ئێزگەکان. هەندێك کاری پەیپێبردن یان چاودێریکردنی ژینگە دەکەن بە دوو بەشە سەرەکییەوە ئەمانەن:

یەکەم/ پەیبێبردنی هۆشیاری کە خۆی لە ئاگادارکردنەوەی ترسناکی ئایندەدا دەبینێتەوە وەك هێرشی سەربازی, بێ بازاڕی ئابووری, زیادبوونی هەڵپساوی.

دووەم/ پەیپێبردنی خزمەتگوزاری و جێبەجێکردن یانی ئەو گواستنەوەی ئەو زانیارییانەی کە تاکەکانی کۆمەڵ لە ژیانی رۆژانەیاندا لێی سودمەند دەبن. شایانی باسە خێراکردن لە گواستنەوەی زانیاری هەندێ بۆ ئاراستەکردنی رای گشتی بە ئاراستەیەکی ئەوتۆ.

**کاری هەواڵ لە رۆژنامەگەرییدا:**

لە ئاکامی پرۆسەی پەیپێبردن دێتەدی و چاودێریکردنی ژینگە کە دەزگاکانی راگەیاندن پێیهەڵدەستن لە سەرووی هەمووشیانەوە رۆژنامەگەری, لێکۆڵینەوەی کاری هەواڵ کە تایبەتمەندە بە گەیاندنی هەواڵ بۆ خوێنەران بەو مەرجەی هەواڵێکی پەتی بێت کە ئەویش نابێت دەستکاری و لادانی تیابکرێت هەروەها پێویستە پیرۆزی و رێزگرتنی هەواڵەکەی تیارەچاوبکرێت و پێوەی پابەندبێت، بەڵام لە حاڵەتی لێدوان لەسەر هەواڵەکان رۆژنامەکە دەتوانێت بە گەلێك رێگا چارەسەریبکات کە لەگەڵ چینێکی زۆری خوێنەرانی رۆژنامەکەدا یەکبگرنەوە و گرنگی لێدوان و قسەلەسەرکردنی یەکەم روونکردنەوەی خاڵە تەمومژاوییەکانی هەواڵە.

**مەرجی کاری هەواڵ سێ رەگەزە**

یەکەم/ تەواوکاری یان بەدواداچوونی هەواڵ بە دروستبوونیەوە تا کۆتایی و گەڕان بە دوای رەگەزەکانی تەواوکردنیا لە رێگای سەرچاوە بنەڕەتییەکەیەوە یان لە بەشەکانی زانیارییەوە.

دووەم/ بابەتیبوون ئەویش گرنگترین باوەڕی وەدەستهێنانی هەواڵە لە کۆمەڵگا دیموکراتییەکاندا, ئەویش بەوەی کە بابەتی بوونێکی تەواو و حاڵەتێکی نموونەییە کە ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت هەرچەندە رۆژنامەنووس هەوڵی پێگەیشتنی بدات کە دواتر هەندێ رەگەز لایەنی تاکی لێ دەردەکەوێت, سەرەڕای ئەوانەش پابەندبوون بە بابەتیبوونەوە گۆشەیەکی بنەڕەتییە لە هەموو کارێکی رۆژنامەگەرییدا و بۆ بەدەستهێنانی ئەو بیروباوەڕەش پێویستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە و دروستی و راستی هەواڵەکە و گۆشەکانیەوە هەیە. لێرەشدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان نەبوونی بەسبوون لە بابەتیدا بە هۆی دەرەوەی تواناکان و لە نێوان گۆڕینی بە ئەنقەستی هەواڵ.

سێیەم/ رەوانی, مەبەست لە رەوانی روونی خستنە پێشچاوە بۆ تێگەیشتنی ئەو ناوەڕۆکە لەلایەن تایبەتمەندەکان و گەلێکیش بە گشتی وەکو یەك لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە ترسناکی و سادەیی و ئاسانی کە دەبێتە هۆی لادان و پاشتریش تێگەیشتنی کێشەکە وەك پێویست. لەگەڵ وریایی لە زیادەڕۆیی ئاسانکاریدا, ئەوەش دەبێتە هۆی هەستکردنی هەندێك بەوەی کە سووکایەتی بە ژیرییان کراوە. هەریەك لە (سالح ئەبو ئەسبع)و (تۆفیق یەعقوب) لە لێکۆڵینەوە قووڵەکانیاندا دەربارەی خوێندنەوەی رۆژنامەکانی ئیماراتی عەرەبی لە ساڵی ١٩٨٤ و لە نموونە وەرگرتنێکی خوێندنەوەی رۆژنامەکان دەربارەی هاوڵاتیان و ئەوانەی روودەکەنە ئەو وڵاتە کە ( ١١٩نێردرا و هاتووبوون), پاش دەرکردنی ئەو فۆرمانەی کە رۆژنامەکان ناخوێننەوە دەرکەوت کە رۆژنامە

هۆکارێکی پەسەندە بۆ بەدواداچوونی هەواڵ ئەمەش بە ڕێژەی لە ٩٩,٥٪ ی ئەو نموونەیە. دوای ئەمەش لە ٣٢,٥٪ یان رادیۆیان بە لاوە پەسەندبووە و چاکترین ڕۆژنامەش بە لایانەوە ڕۆژنامەی(ئەلخەلیج)ە لە ٤٨٪, (ئەلئیتیحاد)٤٨٪, (ئەلبەیان)١٥٪ و لە ٧٧٪ی نێردراوەکان ڕۆژنامە ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە و لە ٤٨٪یان پاش تەواوبوونی کارەکانیان سەیری ڕۆژنامەکان دەکەن و لە ٦٠٪ یان ڕۆژنامەکان هەڵدەگرن پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی دەبنەوە.

هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەربارەی ڕۆژنامەگەری لە لوبناندا دەرکەوتووە کە ڕێژەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان لە لوبناندا ٢-٣ و ڕێژەی مامناوەندی گشتی خوێندنەوەیان لە ٨٥٪ , بەرامبەر نزمترین ئاست، لە خوارووی لوبنانیش ڕێژەی خوێندنەوەیان لەوە زیاتر نییە. ئەوانەی ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە لە ٦١٪ و ئەوانەشی ڕۆژنامە عەرەبییەکان دەخوێننەوە لە ٨٠٪ ن و لە١٤٪ ئەو ڕۆژنامانە دەخوێننەوە کە بە زمانی فەرەنسی دەردەچن و لە بیقاع لە ٣٪ دەخوێننەوە, لە ٤١٪ یان بەیانی و ئێوارە دەخوێننەوە و لە ٣٠٪یشیان لەسەر بنەمای بابەتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیان هەیە و لە ٢٧٪یان لە ژێر کاریگەری ڕاهاتنەدان و لە١٤,٥٪یان بە لای ڕۆژنامە سیاسییەکاندا دەچن و ڕۆژنامە بە یەکەم هۆکاری ڕاگەیاندن دێتە ئەژمار بە لای لوبنانییەکانەوە ئەمەش بە ڕێژەی لە ٨٢٪ لە نێو زانکۆکاندا و لە ٦٥,٥٪ی لوبنانییەکان قسەلەسەر دۆزە بنەڕەتییەکان دەکەن ئەوانەی لە ڕۆژنامەکاندا

هاتوون ئەوەش دەمێنێتەوە سەرنجی رۆژنامەکەیە، بەڵام توانای رۆژنامەگەری چاپکراو دەبێت سەرچاوەی یەکەمی زانیارییەکان بێت. لەم ساڵانەی دواییدا توانای تەلەفزیۆن پاشەکشەیەکی بەخۆوەبینیوە و لە لێکۆڵینەوەیەکی نزیکدا لەسەر نموونەی کۆمەڵێك خوێندکار دەربارەی پەیامەکانی راگەیاندن کە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاتوچۆ بەکاردەهێنرێت لە دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبستانی سعودیەوە ئەنجامی ئەو نموونەیە لە ٦,٦٪ی ئەو پەیامە لە رۆژنامەکاندا خوێنراوەنەتەوە شوێنی توێژینەوەن لە رۆژنامەدا و لە ٤,٤٪ لە ئێزگەکانەوە گوێبیستی بوونە, بەڵام لە ٦٣٪ ئەو پەیامەیان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیوە.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە لوبنان دەربارەی کاریگەری دەروونی و کۆمەڵاتی تەلەفزیۆن لەسەر لاوان دەرکەوت کە ٧٥٪یان بە شێوازی گونجاو تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن و لە ٦١٪یان خوێندنەوەیان پێباشترە. لە کوەیتیش لێکۆڵینەوەیەك لەسەر (٢٠٥٦) لاو کرا بە مەبەستی زانینی ئاراستەکانی لاوان دەربارەی خوێندنەوە بە بەراورد لەگەڵ تەماشاکردنی تەلەفزیۆندا, دەرکەوت کە لە ٦٢٪یان وازیان لە تەلەفزیۆن هێناوە, بەڵام وازهێنان لە گوێگرتنی ئێزگە ٢٤٪ بووە.

## رۆژنامەگەری و ئەرکی خزمەتگوزاری گشتی

یەکێکیتر لەو ئەرکانەی رۆژنامەگەری لە ئێستادا پێشکەشکردنی خزمەتگوازی گشتییە یانی پێبەخشینی خوێنە بەو هەواڵە رۆژنامەگەرییانە کە لەو بابەت و باسانەی تیایا کە لە ژیانی رۆژانەدا خزمەتی خەڵکی دەکات و راستەوخۆ لێیان سوودمەند دەبێت. ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ئەرکی خزمەتگوزاری گشتییەوە وەك راگەیاندنی کاتی کۆمپانیا فڕۆکەوانییە نیشتمانییەکان و هەواڵی سینەما و شانۆ و رەخنەگرتن و کاتی وانەوتنەوە گشتییەکان و شوێنەکانیان و هەواڵی کەشناسی و راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی دامەزراندن و ئاگادارییە بازرگانییەکان و هەواڵی بازاڕی ناوخۆیی و جیهانی و نرخ و بازاڕی دراوەکان و بەڵێننامە بازرگانییەکان زۆر شتیتریش و زیاتر دەستەبەرکردنی زانیاری بۆ هاوولاتیان بۆ گەڕان بە دوای پێداویستییەکانی رۆژانەیاندا و ئەو هەوالانەی بۆ بگوازرێتەوە بۆ ماڵەوە. ئێستاش باڵێکی رۆژنامەگەری هەیە پێیدەوترێت باڵی رۆژنامەگەری خزمەتگوزار لە رۆژنامەکانی دنیادا بڵاوبووەتەوە کە چارەسەری رووداوەکان و بیرکردنەوەیان دەکات ئەویش لە گۆشەنیگای سوودمەندبوونی خوێنەرەوە.

رۆژنامەگەری بە بەڵگەدارکردنی رووداوەکان و سەرچاوەی مێژووە

لە کاری ئاسایی رۆژنامەگەرییدا کە راگەیاندن و هەواڵە, کارێکی تازەتریش دروستبوو کە بە بەڵگەدارکردنە, خێرایی پەرەسەندنی زانیارییە تازەکان وایکردووە کە لە ئەنسکلۆپیدیا چاپکراوەکان یان ئەو بابەتانەی کە کتێبە راستییەکانی کۆن چارەسەریدەکەن. وای لە رۆژنامەگەری هاوچەرخ

کردووە لە ژێر سێبەریا بە کۆمەڵێك زانیاری و ئەرکی تازەی سەردەمیانەوە گرۆتینێکی هەبێت و پیابگات. بە شانازی رۆڵەکەیەوە کە یارمەتیدەدات ئەو ئەرکە و رۆڵە ببینێت. شانازییەکیتریش چاپکردنی کتێبە کە رۆژانە بە ئەڵقە بڵاویاندەکاتەوە و خوێنەرێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە. لەگەڵ شۆڕشی زانیارییەکاندا توانای کتێبی چاپکراو نایەتە ژماردن بە شێوە ناسراوەکەی کە پێویستی مێژوونووسەکان دابینبکات بۆ چاودێریکردنی رووداوە مێژووییە شوێنکەوتووەکان یان دواکەوتنیان, بەلام رۆژنامەگەری لەوەیاندا سەرکەوتووبووە و رۆژنامەگەری رۆژانە رووداوەکانی ژیانی کۆمەلایەتی پێشکەش بە مێژوونووس دەکات لە بزاوتی رۆژنامەییدا. لە کاتێکدا گۆڤارە هەفتەنامەییەکان ئەو رووداوانە پوختەدەکەنەوە و رۆژنامەنووسیش بە سەرچاوەیەکی سەرەکی مێژوونووس دێتەئەژمار, کاتێك کاردەگاتە ئەوەی پێویستی بە تۆمارکردنی رووداوی ژیانی رۆژانە بێت یان لە کاتێکدا کارەکە پەیوەست بێت بە تێڕوانینی لایەنی فیکری پارت و تاکەکانەوە یان لێکۆڵینەوەی خودی مێژووی رۆژنامەگەرییەوە و رۆژنامەگەریش وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی دوو کار رادەپەڕێنێت:

یەکەم/ تێڕوانینی رووداوەکان تۆمارکردن و وەسفکردنیان لەگەڵ پاراستنیان بۆ نەوەکانی داهاتوو

دووەم/ ئەندازەی رای کشتی بۆچوونی گروپ و باڵەجیاوازەکان دەربارەی رووداوەکان و کێشە دیاریکراوەکان.

## رۆژنامەگەری و گرنگی راڤەکردن و شیکردنەوە

تەنها گێڕانەوە و باسکردنی رووداوەکان بۆ رۆژنامەگەری بەس نییە, بەڵکو راڤەکردن و قسەلەسەرکردنی ئەو رووداوانە و زیاتریشی دەکەوێتە ئەستۆ, چونکە زۆربەی رووداوەکان توانای لێتێگەیشتنیان رووننابێتەوە, بێ زانینی پێشینە و باکگراوندی ئەو رووداوانە لەگەڵ پەرەسەندنی مێژوویاندا. رۆژنامەگەریش پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی جۆرەها شێوازی رۆژنامەگەری بۆ جێبەجێکردنی گرنگی شیکردنەوە و راڤەکردنی ئەو رووداوانە و قسەلەسەرکردنیان وەك:

* شیکردنەوەی هەواڵەکان
* سەروتارەکان
* شێوازەکانی رووماڵکردنی لێدوان
* راڤەکردن و پوختەی رووداوەکانی هەفتەیی
* وێنەی کاریکاتێری گاڵتەجاڕی
* هەڵمەتی رۆژنامەگەری
* ستوونی رۆژنامەگەری
* پلارەوتار
* نامەی خوێنەران

رۆژنامەگەری و دروستکردنی ڕای گشتی

رای گشتی بیرێکی باوە لە نێوان کۆمەڵێك لە خەڵکیدا کە بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان گرێدەدات دەربارەی زۆر هەڵوێست لە هەڵوێستەکان یان کێشەیەك لە کێشە گشتییەکان کە بە لایانەوە گرنگن یان پەیوەستە بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیانەوە. ئەم دیاردەش شێوازی چەسپاندن و ئۆقرەگرتن بە لای خۆیاندا کێشدەکات کە جیاوازە لە روونی و رێنوێنی لە مێشکی تاکەکاندا، بەڵام لە رێککەوتنی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان زۆرینەیانەوە سەرچاوەدەگرێت, لە گەڵ جیاوازییەکانی نێوانیان بە هەستپێکردنیان بۆ تێگەیشتنی و ئەندازەی جێبەجێبوونی بۆ سوودی گشتیان و بەرژەوەندی هاوبەشیان. لەم بوارەشدا مەبەست لە رای گشتی رای زۆرینەیە, بەڵام رای گشتی پەیوەستە بە پەیوەندی توندوتۆڵی بۆ ماوەی رۆشنبیرییەوە کە ئاراستە گشتییەکانی لێوە سەرچاوەدەگرن کە کۆمەڵێك دابونەریتن کە رەنگدانەوەی ئاراستە چەسپاوەکان بە بەردەوامی بە پێچەوانەی رای گشتی کە بە جووڵە و گۆڕان باسدەکرێت.

لێرەشەوە هۆکاری جیاواز هەیە کە کارلێکردنی هەیە و لە کۆتاییدا رای گشتی دروستدەکات وەك:

١- رۆشنبیری یان کەلەپووری رۆشنبیری

٢- پرۆسەی سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی

٣- سەرکردەکان

٤- رووداوەکان

٥- پارتەکان

٦- هۆکارەکانی راگەیاندن و بە یەکگەیاندن

٧- پڕوپاگەندەکان

٨- گروپەکان.

٩-شێوازەی گروپەکان یان وێناکردنی شێوازەی گروپەکان

١٠- دروشمەکان

١١- بەرژەوەندی راستەخۆی جەماوەر

هەندێ رۆژنامە باس لەوە دەکات کە پلەوپایەی یەکەمی هەیە لە نێو هۆکارەکانی راگەیاندندا, لە رووی کاریگەرییەوە بۆ سەر رای گشتی بە هۆی چەند شتێکەوە کە گرنگترینیان:

رۆژنامەگەری زیاتر لەوانیتری هۆکارەکانی راگەیاندن, خۆی لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵدەقورتێنێ و درێژدادڕی تیادەکات و دیدوسەرنجی جیاوازیش دەخاتەڕوو لە گەڵ باکگراوندی هەواڵەکان لەو پێناوەدا. لە کاتێکدا پەیڕەوی دیموکراتی لە دنیادا سوورە لەسەر پێبەخشینی ئازادییەکی بەربلاوی رۆژنامەگەری تا ببێتە ئاوێنەیەکی روونی رەنگدانەوەی هیوا و خواستی گەل و نەتەوەکان لە خەون و ئارەزووە پێ قایلبوو و ناڕەزاییەکانیان تا هەڵسن بە رۆڵی خۆی لە گەیاندنی پەیامی هۆشیارکردنەوە و روناکبیرکردنەوەیان بە راستی و پاکی و پابەندبوونەوە. ئەمەش وایکرد لە ماوەی ئەم سەدەیەدا (سەدەی بیستەم) بە بێ گومانییەوە ببێتە بەهێزترین

هۆکاری راگەیاندن بە توانایەکی لە رادەبەدەرەوە بۆ دروستبوونی رای گشتی و ویژدانی جەماوەر و ناواخنی رۆژنامەگەری و چۆنێتی کاریگەری لە سەر رای گشتی دەبێتە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم: پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە ئاراستەکردنی رای گشتییەوە, وەك سەروتار و کاریکاتێر و ستوون و پۆستەی خوێنەران و وتارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان و رەخنەی ئەدەبی و هونەری و ریکلام. ئەم بەشەش بەدەستبەسەراگرتنی ئەنقەستی ناوزڕە کە کاریگەری لە سەر رای گشتی دروستدەکات.

بەشی دووەم: پەیوەندی ناراستەوخۆی بە ئاراستەکردنی رای گشتییەوە هەیە, سەرەڕای ئەوەی کە گاڵتەوگەپ و کورتەچیرۆك و بابەتە کاریگەرییەکان بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی ئەفسانە و رەسەن و چەشن بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاریگەری لە سەر رای گشتی دروستناکات. لە گەڵ ئەوەشدا بێگومان کاریگەری لەسەر رۆشنبیری جەماوەر و بەها رەوشتییەکان دەبێ, بەتایبەت لاوان و مێرد منالأن کە هەر دەبێت رەنگدانەوەی کاریگەر لەسەر قایمکردنی رای گشتی دروستبکات لە گەڵ ئاراستەکانیانا ئێستا بێت یان سبەی.

بەشی سێیەم: پەیوەندی بە ئاراستەکردنی رای گشتییەوە نییە, وەك لاپەڕەی مردووان و کۆچکردووان و کەشوهەوا و بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژژمێر کە ئەمجۆرە بابەتانە کاریگەری قسەلەسەرکردنیان نابێت بە گشتی

ئاراستەکراو نین لە کات و ساتێکی ئاساییدا رای گشتی دروستناکەن دەربارەی کێشەیەکی دیاریکراو.

ئەگەر هەندێجار دۆخێکی ئەوتۆ بێتە ئاراوە وەك هەڵمەتی پڕوپاگەندەی مەبەستدار کە هەندێ لایەن پێیهەڵدەستن و زۆربەی رووپەری رۆژنامەکە داگیردەکەن بۆ پێگەیاندن و گەیشتنە ئامانجی خۆیان بە رێگایەکی راستەوخۆ یان ناراستەخۆ. هەتا رۆژنامەگەری لەسەر دروستبوونی رای گشتی هەبێت و متمانەی خوێنەر بە لای خۆیدا رابکێشێت, پێویستە سووربێت لەسەر سیاسەتی خۆی لە هەواڵدا, لەسەر ئەم بیروباوەڕ و بنەمایانە:

١- ئەو هەواڵانەی بلاوێدەکاتەوە پێویستە راستبێت, چونکە هەواڵ دەماری رۆژنامەیە و ئەویش رای گشتی دروستدەکات. بۆیە پێویست ناکات رۆژنامە زیادەڕۆی یان ریسوایی و لادان لە بلاوکردنەوی هەواڵدا بکات، چونکە ئەوە ترسناکییەکی زۆری بۆ سەر رۆژنامەکە دەبێت لەلایەکەوە و بۆ خوێنەرانیش لەلایەکیترەوە کە پێویستە زۆر وردبین و لەسەرخۆ و دەستپاك بێت لە گواستنەوە و گەیاندنی هەواڵدا بە ئەمانەتەوە. لەلایەکیتریشەوە دیار و بەڵگەنەویستە کاری رۆژنامەگەری ئاشکرایە (هەواڵ مولکی رۆژنامە نییە و هەروەها مولکی رای گشتی نییە, بەڵکو تەنها مولکی راستییە و بەس)، بۆیە پێویستدەکات رۆژنامە پابەندی ئابڕووی پیشەیی و کارکردنبێت لە پاکێتی و راستگۆیی گەیاندنیا.

٢- مافی رۆژنامەیە پاش بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێك بە پاکی و راستگۆییەوە قسەی لەسەر بکات لەو دیدەوە کە سیاسەتەی رۆژنامەکە پیادەیدەکات خوێنەرانیشی پاش خوێندنەوەی مافی را دەربڕینیان هەبێت لەسەری بە ئازادانە.

٣- رۆژنامە بەدواداچوون لە هەواڵدا دەکات پاش بڵاوبوونەوەی و قسەی لەسەر دەکات تا لای خوێنەر کامڵ بێت. پسپۆران لە بواری رای گشتیدا لە دنیادا رۆژنامەگەرییان لە رووی پێکهاتەی رای گشتی و کاریگەرییەوە دابەشکردووە بۆ رۆژنامەگەری را و رۆژنامەگەری هەواڵ, ئەم دابەشکردنەش ئەوە ناگەیەنێت کە بوونی رۆژنامەگەری درێغیدەکات لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا, یان ئەویتر درێغی لە بڵاوکردنەوەی بابەت و وتار و ئاراستەکردنی دەکات، بەڵکو مەبەست لە سەرکەوتنی هەندێ رۆژنامەیە بەم لایەنە یان ئەویتر, هەندێ رۆژنامە تایبەتمەندن بە را و ئاراستە و لەسەر قسەکردنی هەواڵ و روونکردنەوەی مەبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی بۆ بانگەشەی بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو و پاڵپشتی یان بەرهەڵستکاربوونی حکومەتی دەستبەکاربوو لە تێکۆشان لە پێناوی کێشەیەکی دیاریکراوا نەتەوەیی بێت یا خود سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری و سیاسی. رۆژنامەگەری رایەکە مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی یان تیۆریێ لە تیۆرە ئابوورییەکان دەکات ئەمجۆرە رۆژنامانەش زۆر پەیوەست و پابەندی هەواڵ نین, چونکە هەواڵ ئامانجێك نییە لە ئامانجەکانی,

ئەگەر هەندێ هەواڵیش بڵاوبکاتەوە پوختەیەکی لێ بڵاودەکاتەوە کە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەدا بگونجێت کە خزمەتیدەکا و سوودی پێدەگەیەنێت. ئەمجۆرە رۆژنامانەش زۆر بە کەمی بڵاودەکرێنەوە چونکە خوێنەرانی لە هەموو دنیادا زۆر کەمن. چونکە بەزمی چەرخی تیژڕەو هێندە کات نابەخشێتە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دوورودرێژ و خۆپێوە خەریککردن, لە گەڵ ئەمانەشدا تەنها رۆژنامەگەری رایە کە ئاراستەیەکی راستی رای گشتی بێت، بەڵام رۆژنامەگەری هەواڵ هەموو بایەخپێدانێکی بۆ هەواڵە. خوێنەرێکی زۆر بە لای خۆیدا رادەکێشێ و زۆریشی چاپ و بڵاودەکرێتەوە لە چاو رۆژنامەی رادا. لەو راستییانەی کە رۆژنامەی هەواڵ پێوەی پابەندە راستگۆیی و بابەتیبوون و دەستپاکییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیدا کە رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و گرنگی خۆی هەیە لە دروستبوونی رای گشتی و پێکهێنانی فرەلایەنەکانیدا کە پێچەوانەش راستە. جۆرێکیتر رۆژنامە هەیە کە پێیدەوترێت رۆژنامەی زەرد کە بە ئەنقەست هەواڵەکان دەشێوێنێ و چەواشەیاندەکات, وەك ئەوەی پەیوەندی بە سێکس و تاوان و ئابڕووچوونە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە بە شێوەیەکی تایبەتی. ئەمجۆرە رۆژنامانەش خوێنەرێکی زۆریان هەیە و لە دەوری کۆدەبنەوە لە سەراپای دنیادا، بەڵام کۆمەڵگای جیهانی بە چاوەوە تێیدەڕوانێ کە جۆرێکە لە ژەهر و ژەهراویکردنی کۆمەڵگا یان ماددەسڕکەرەکان کە رەوشتی کۆمەڵگا تێکدەدات و تێکیاندەشکێنێ, بەتایبەت وزە و توانای لاوان تاوەکو رۆژنامەگەری ببێتە ئامرازێکی چوست و چالاك بۆ دروستبوونی رای گشتی و

گەیاندنی ڕاستییەکان بۆ هۆشیارکرنەوە و ڕۆشنبیری, پێویستە زیاد لە توانا گوێ لە ئازادی بگرێ و بە لایەوە گرنگ بێت، چونکە ڕۆژنامەگەری سنوردار قووڵە و وونبوویەکی بە بەهایە و کاریگەری نییە لە سەر کۆمەڵگا و ئەو نووسەرەیش کە پەیوەستی لە ترس و وریایی و چۆکەلەرزەوە هەیە ناتوانێت دێڕێکی سوودمەند ببەخشێت, چونکە شتێکی ونکردووە و نایداتێ. (عەدنان ئەبو فەخر) ئاماژەی بە چەند ڕێگەیەك داوە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کاریگەری رای گشتی لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەرییەوە لەوانە:

یەکەم/ ڕێگەی توندکردنی هەواڵ و زانینی, بەپێی پێویستی خوێنەر لە گازندە و ئازار و مەبەستەکانیان

دووەم/ ڕێگەی سەلماندن و بنیاتنانی ژیربێژی، کاتێك کە ڕۆژنامە پێشکەشی خوێنەرانی دەکات لە دەقەچەسپاوەکاندا کە سەلمێندراون لە میانەی وێناکردنی دیاردە بابەتییە ڕاستەکانەوە. لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی ڕەوان، ئەمکارەش لە میانەی ڕێگەی سەلماندنەوە دەبێت وەك بوونی بەڵگە و ژمارە و ئامار و نموونە زیندووەکانەوە بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو.

سێیەم/ ڕێگەی قایلکردن کە بە هۆیەوە ڕۆژنامەگەری کاریگەری لەسەر سۆز و بیری خوێنەرانی دروستدەکات. پاشتریش لەسەر هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی لە میانەی هۆشیاری بیرییەوە، ئەمەش وایلێدەکات بە دوای ڕۆژنامەدا بچێت، ئەم ڕێگەیەش پێویستی بە پەرەپێدانی توانای ڕۆژنامەنووسان و

هاوکاریکردنیانی هەیە بۆ کاریگەربوونی خوێنەر لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی و دروستبوونی رای گشتی

چوارەم/ رێگەی پێڕاگەیاندن یان ئاماژە بۆ کردن کە لە میانەیەوە رۆژنامەگەری بێ هەستکردنی خوێنەری خۆی لەو مەیدانە هەڵدەقورتێنێ و کاریگەری لەسەر دروستدەکات. واشدەکات کە متمانەی پێبکرێت و باوەڕیان بەو کێشە و بۆچوون و هەڵوێستانە هەبێت کە رۆژنامەگەری بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دەیەوێت. لە نێو ئەو تایبەتمەندیانەش رێگەی پێڕاگەیاندن و ئاماژە پێکردنانەدا، دووبارەکردنەوە کە تیایدا هێزی پێڕاگەیاندن توند و قووڵتردەبێتەوە بۆ پاڵنان و هێز پێبەخشینی مرۆڤ بۆ هەر کارێك کە رۆژنامەگەری دەیەوێت. ئەویش پێویستە بە شێوە و شکڵێکی جۆراوجۆر بێتە ئەنجام یان دەبێت بە شێوەیەکی ئەرێیی بەکاربهێنرێت بۆ بەرژەوەندی گەل و جەماوەر یان بۆ بەهەڵەدابردن و چەواشەکردنی گەل بەکاربێت کە دوواتر رێگەی پێڕاگەیاندن دەبێتە رێگەی فێرکردن و پێگەیاندن و شیرینقەی کەسانی بواری راگەیاندن. ئەوەش ئەو رێگەیەیە کە ئەمڕۆ پڕوپاگەندەکانی جوولەکە بە کاریدێنن.

## هونەری رۆژنامەنووسی

## رۆژنامەنووسی زانست و هونەرە

رۆژنامەنووسی زانست و هونەرە، هەندێجاریش بەرگوێ دەکەوێت کە جیاوازییەك لەم ناونیشانەدا هەیە, ئەویش ئەوەیە چۆن دەبێت لە یەککاتدا

رۆژنامەگەری زانست و هونەریش بێت. زانست دەم بۆ بابەتگەلێکی تایبەت بە یاسا زانستییە سنوردارەکانەوە دەکوتێ, بەلاّم هونەر ملکەچی ئەو یاسا سنووردارانە نییە و ملکەچی داهێنانی تاکە یان بە واتایەکیتر زانستی بابەتی و هونەری خۆی. ئەم بابەتەش هۆکارێکی گەورەی مشتومڕە. هەندێ وایدەبینن کە رۆژنامەگەری هونەرە, ئەوەش دەیەوێت کاری تیابکات پێویستە بەهرەمەندبێت. رۆژنامەنووسیش کە لەدایکدەبێت قەڵەمەکەی بەدەستەوەیە و لە مێشکیدا بیرکردنەوە هەیە, وەك گوزارشتی هەندێکیان, هەندێکیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە رۆژنامەگەری پیشەیە وەك پیشەکانیتر ی کۆمەڵگا و پێویستی بە ئامادەباشییەکی سروشتی هەیە, بەلاّم وەك هەر پیشەیەك سێ شتی سەرەکی دروستدەکات کە ئەمانەن: زانیاری, لێزانین, بەها کە دەبێت دەستەبەربکرێت و پەرەیان پێبدرێت ئەویش بە مەشق و راهێنان و فێرکردنیان. ئەوانەش کە دەڵێن رۆژنامەگەری هونەرە وایدەبینن کە (پێش هەموو شتێك رۆژنامەگەری ئامادەباشییەکی سروشتییە تا مروۆ ببێتە رۆژنامەنووس و خۆشەویستی بۆ هەبێت و بە دەنگی ئەو هاوارەوە بچێت کە لە ناخیەوە هەڵدەقوولێت و بەهرەیەکی لە سەرەتای دەستپێکردنەوە تیا هەبێت لەگەڵ ئارەزوویەکی بێپەروا لە تێبینیکردنی ژیانی خەڵکی. لەلایەکیترەوە رۆژنامەنووسێکی وەك (جوزیف بولیتزەر) کە بە رەگەز مەجەرییە و پاشتر بوو بە بلاّوکەرەوەی رۆژنامەی (نیویورك ورلد) دەڵێت رۆژنامەگەری پێویستی بە لێکۆلینەوەوئەزمونگەری هەیە. بە رای ئەو هەموو ژیرییەك پێویستی بە

بەڵێندانە, تەنانەت ئەگەر ئەوەشمان چنگکەوت کە هەموو ئامادەباشییەکی سروشتی لە کلیلی سەرکەوتندایە لە تێکڕای بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا و سیفەتی دروستبوون پێویستییەکە بۆ سەرکەوتنی ڕۆژنامەنووس و بە زانست و تاقیکردنەوە پێشدەکەوێت.

بولیتزەر ئەوەش دەوروژێنێ کە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە نەڕەخساون بەڵام فێری پیشکەیان دەبن لەسەر حیسابی خەڵك و خوێنەر تەنها ئەوەندە بەس نییە کە ڕۆژنامەنووسی سبەی فێربوونێکی زانکۆیانەی گشتی فێرکرابێت، بەڵکو پێویستە ئامادەبکرێت بۆ ئەو پیشەیە بە ئامادەییەکی کامڵ و تایبەت. هەروەها ( بۆلیترز) ئەوەش وەڵامدەداتەوە کە دەڵێن ڕۆژنامەگەری خۆی لە خۆیدا مادە نییە و دەتوانرێت بخوێنرێت کە هەرکاتێك بەرهەڵستکاران ئەوەیان ڕەتکردەوە کە هەندێ شت هەیە ناتوانرێت بخوێنرێت.. سەلماندیان کە پێویستە و ناتوانرێ بخوێنرێ و لە قوتابخانەدا فێر بێت و پێبگا، شتی وا نییە، ئەگەر ئێمە قسە لەسەر بەهای فێربووندەکەین لە توانای دەرچوونی لە سیفاتی ژیری لە نەبوونەوە، لە بەرامبەر پەیوەستنامەکانی فێربوونەوە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاوەکو دەگاتە زانکۆ، بەڵام بە دەرگا لەسەرداخستنیان هەموو کارگوزارییەکانی فێربوونی تیاپەکدەکەوێت.

هەروەها (جۆزیف بولیترز) وایدەبینێ کە ڕۆژنامەگەری زۆرترین پیشەیەکە کە پێویستی بە فراوانترین زانیاری و ناسین هەیە بە قووڵایی و دەپرسێت ئایا ڕاستە واز لەم پیشەیە بێنێ کە لێپرساویەتییەکی گەورەی لە

ئەستۆیە و بە بێ ئامادەباشییەکی رێکخراو پیادەبکرێت. شایانی باسە بولیترز لە کاتی مردنیدا رایسپاردووە کە بە بڕی ملیۆن و نیوێك دۆلار خوێندنگایەك بۆ رۆژنامەگەری دابمەزرێ و خەڵاتی ساڵانە بە ناوی خۆیەوە ببەخشرێتە باشترین بەرهەم لە بواری رۆژنامەگەری و ئەدەبدا. هەیشە دەڵێن: ئەگەر هەر پێویستە زانکۆ رۆڵی زانینی هەبێت لە راهێنانی پیشەی رۆژنامەنووساندا، با ئەوەیان لە سەرووی ئاستی زانکۆوە بێت، لە هاوەڵانی ئەم رایەش (تۆم هولکنسیون) کە سەرنووسەری رۆژنامەی (بیرك تشر پۆست) لە ساڵی (١٩٤٠-١٩٥٠) کە دوواتر بووە بەڕێوبەری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی لە زانکۆی (کاردیف )ی بەریتانی و لە پەیامێکیدا دەڵێت:

١- رۆژنامەگەری جیاوازترە لە هەموو پیشە هزرییە ئازادەکانیتری وەك پزیشکی و ئەندازیاری و پارێزەری بە جۆرێك کە کارکردن تێیدا لە رەنگێکدا کورتنابێتەوە، زانیاری جۆراوجۆرە و پیشەیەکی کراوەیە نەك داخراو. پێویستی بە رۆشنبیرییەکی هزری پیشەییتر هەیە، بۆ نموونە پزیشك بۆی هەیە ببێتە پەیامنێر یان نووسەر، هەروەها ئەندازیار و پارێزەیش هەمان شت. بەڵام نەك توانای پسپۆری تەنها لە رۆژنامەگەرییدا, راهێنانی پیشەیی لە سەرووی زانکۆوە هەلێکی باش دەڕەخسێنێ تا رۆژنامەگەری سوودمەند بێت لە هەموو زانستە تایبەتییەکانیتر بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٢- راهێنانی پیشەیی رۆژنامەنووسان لە سەرووی ئاستی زانکۆوە کەمترین جۆری راهێنانی پیشەییە کە تێیدەچێ و خێراترین بۆگەڕاوەیەتی، کەمترین

جۆری قەرەباڵغیشە بە کەرەسە جۆراوجۆرەکانیەوە. تەرخانکردنی خولی راهێنانی ئاستی سەرووی زانکۆ بۆ راهێنانی ئەو کارمەندانەی وەك پەیامنێری پەروەردەیی بۆ ئەم راهێنانە بێ گومان کۆمەڵێ پەیامنێری پەروەردەیی پێدەگەیەنێت لە جۆری تازەترین بیر و رەوتی دنیای پەروەردەدا کە هەندێکیان دەچنە پسپۆریەتی لە کۆلێژ و زانکۆکانیترەوە.

٣- ئەم جۆرە راهێنانەش زۆرترین هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان زانکۆکان و رۆژنامەگەرییدا دروستدەکات. جاروبار هەندێ دەزگای رۆژنامەوانی لە زانکۆیەکدا وا دەکات کە خولێکی راهێنانی بۆ بکاتەوە لە ئاستی سەرووی زانکۆوە بۆ ئەو کارمەندانەی وەك پەیامنێری پەروەردەیی.. ئەمجۆرە خول و راهێنانەش پەیامنێران تێیدا فێری تازەترین پێشکەوتن و تەکنیك لە دنیای پەروەردەدا دەبن. یەکەمین هەوڵیش لە مەیدانی فێربوونی رۆژنامەوانیدا لە (واشنتۆن کۆلیژ)دا و لە ساڵی ١٨٦٩دا درا. دوای چەند ساڵێکی کەم بووە بە بابەتی خوێندنی پۆلی پیت و چرکردنەوە. ئەویش سەرنووسەری رۆژنامەی ( لکسنفنی جازیت) دەیوتەوە و قوتابییەکانیش خەریکی ئامادەکردنی بابەت و کاری چاپخانە بوون. پاش ئەوەی بیری وانەوتنەوە زۆربەی رۆژنامەکانی گرتەوە و لە ئەمەریکا بڵاوەیکرد. هەرچەندە رۆژنامەگەری لە سەرەتای دروستبوونیدا بوو، هەریەکێکیش لەو مامۆستایانە شێوازی تایبەتی خۆی هەبوو لە وانەوتنەوەدا کە ناواخنی ئەو وانەوتنەوانەش مێژووی رۆژنامەگەری و دەرچوواندنی رۆژنامە و یاسای بەڕێوەبردن و فرێدان و وتنەوەی گرنگترین دۆزە

جیهانییەکانی دەرەوە و ناوەوە و لێکۆڵینەوەی پراکتیکی بە جۆرەکانی دەرچواندن لە پاڵ وانەوتنەوەی زانستیدا کە مامۆستایانی سەر بەم پیشەیە دەیانوتەوە لە زانین و پسپۆری و تێبینییەکانی خۆیاندا، بەلام لە ئەوروپا رۆژنامەگەری پیشەی نووسەرەکان بوو، دوواتر بابەتی رۆژنامەوانی دەرکەوت کە بایەخی بە بواری کۆمەلایەتی و ئابووری دەدا لە گەڵ بایەخدانی بە لایەنی هونەری کارکردن لە گەڵ بڵێسەی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا گرنگی رۆژنامەگەری بەدەرکەوت لە بلاوکردنەوەی هەواڵەکاندا کە خوازیاربوون بایەخ بە رێبازی وانەوتنەوە لەسەر بنەما جۆراوجۆرەکان بدرێت و هەریەك لە ئەڵمانیا و نەرویج و پۆڵۆنیا بایەخێکی زۆریان بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بەم پیشەیە دا. پاشان ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە زانکۆکانیشدا جێگای خۆیان کردەوە، بەتایبەت لە ئەڵمانیا لەمسالانەی دواییدا لە نێوان هەردوو شەڕی گەورەی جیهانیدا وتنەوەی وانەی رۆژنامەگەری و پاشتر گرنگی و بایەخی ئەم جۆرە وانەوتنەوانە دەرکەوت. تێبینیدەکرێت بەریتانیا پێچەوانەی ئەو هەنگاوانەی ئەمریکا و رووسیا بوو.

بەریتانیا لە گەڵ ئەوەدا نەبوو کە کۆلیژ لە زانکۆکاندا بکرێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی و راگەیاندن لەگەڵ ئەوەشدا لەو ولاتانە نەبوو کە بایەخی بە راهێنانی پیشەیی رۆژنامەنووسان دەدا. هەوڵی هەموو رێکخراوە رۆژنامەوانییەکان کەوتەگەڕ بۆ هاریکاریکردن و بە ئاکامگەیشتنی پرۆژەی نەتەوەیی راهێنانی پیشەیی. ئەویش لە ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ راهێنانی

رۆژنامەنووسان. ئەو پەیمانگایە یان ئەو ئەنجومەنە ئەو کەسانەی قبووڵنـەدەکرد کە بە کـردەوە لـە بـواری رۆژنامەگەرییـدا کاریاننـەدەکرد. ئەوەشـی بـە نیـازی پەیوەندی کردنەوە بوایە بەو ئەنجومەنەوە دەبوو یەکـەمجار و پـێش هـەموو شـت بە کردەوە بیسەلمێنێ کە توانـای کـاری رۆژنامـەوانی هەیـە. رۆژنامـەوانی لـەو دەمەدا وەك پێشووتر تەماشانەدەکرا کە کارێکی فیکری و وێژەیی بوو، بـەڵکو رۆژنامەگەری ببووە پیشەیەکی خۆدروستکەر کە ئابووری تایبەتی خۆی هەبوو، هەروەها ببوو بەو پیشەیەی کە ناوبانگ و تایبەتمەندێتییەکی پیشەیی هونـەری پەیداکرد تا وایلێهات بوو بە دەزگایەکی تەواو تا بەڕێوەبردنێکی تایبەتی خـۆی هەبێت.

نـاوەڕۆکی هونـەری رۆژنامەگـەری ئاوێتـەبوونێکی داهێنەرانەیـە لـە هونەری دەرچواندنی رۆژنامـەنووس یـان نووسـین بـە زمـانێ کـە بگونگێت لـە رۆژنامەدا وەك هۆکارێکی هەماهەنگ لە گەڵ حەزی خوێنەرانیدا لە وێنـەگرتن و کاریکـاتێر و نیگـاری دەسـتی بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە لەگـەڵ روونـی بابەتەکانیدا. دوواتر هونەری پڕوپاگەندە و لـە کۆتاییـشدا هونـەری دەرهێنـانی رۆژنامەگەری کە کاری جیاکردنەوە و سەرنجڕاکێشان و بابەتەکانیتر.

بۆ دەرچواندنی هەر رۆژنامە و گۆڤارێك پێویستە بۆ یەکـەمجار هەنـدێ هەنگاوی گونجاو رەچاوبکرێ و بگیرێتەبەر وەك:

١- توێژینەوە لە سەر خوێنەر و زانینی پێداویستییەکان

٢- توێژینەوەی رۆژنامەی رکەبەر

٣- دیاریکرنی ئامانج لە دەرچوواندنی ئەو بڵاوکراوە
٤- وێناکردنی سیاسەتی دەرچوواندن
٥- دانانی نەخشەسازی بنەڕەتی بۆ رۆژنامەکە
٦- هەڵبژاردنی سیستەمی بەرهەمهێنان بۆ رۆژنامەکە (قۆناغەکانی پێش چاپ و چاپخانە)
٧- هەڵبژاردنی کارمەندی لێوەشاوە و دابەشکردنیان بەسەر بەشە جیاوازەکاندا
٨- بەدەستهێنانی مۆڵەتی یاسایی بۆ دەرچوواندن
٩- دابینکردنی داهاتی پێویست و دانانی بڕی تێچوو
١٠- دابینکردنی بارەگا و کەرەستەی تەکنەلۆژی پێویست بۆ دەرچواندن
١١- پەیوەندیکردن بەو کەسانەوە کەئاگاداری بڵاودەکەنەوە
١٢- دانانی نەخشەی رێکخستنی رۆژنامە کە هێڵەکانی دەسەڵات دیاریدەکات و بەرپرسیاریەتی و پەیوەندییەکان و هێڵی گوزەرگای دەقی رۆژنامەنووس تا چاپخانە
١٣- رێککەوتن لە گەڵ ئاژانسەکانی هەواڵ و بریکارەکانی خزمەتگوزاری رۆژنامەوانی وەك ئاژانسی وێنە و نیگار و بابەت و زانیاری و هەروەها ئاژانسەکانی ئاگاداری و ناردن بۆ سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانیان
١٤- ئامادەباشی بۆ هەڵمەتێکی ئاگادارکردنەوە و نەخشەسازییەکان
١٥- دەرچوواندنی ژمارەی ئەزموونی ( ژمارە سفر) و دەستنیشانکردنی دوا وادەی ژمارەی دەرچوون .

بەڵام هەنگاوەکانی دەرچواندنی چەند ژمارەی رۆژنامەیەك ئەو هەنگاوانەیە کە رۆژانە یان هەفتانە ئامادەباشی بۆ دەکرێت و ئەم خاڵانە دەگرێتەخۆ:

١- هەڵسەنگاندنی ژمارەی دەرچوو

٢- پلاندانان بۆ ژمارەی داهاتوو، ئەویش لە میانەی دابەشکردنی کارەکان بەسەر کارمەنداندا لە بەشە جیاوازەکانی رۆژنامەکە

٣- کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە ئەویش لە میانەی نوێنەران و دەستەی نووسەران و کارمەندەکانیەوە

٤- پیاداچوونەوەی بابەتە کۆکراوەکان و تەواوکردن و ریزبەندکردنیان

٥- گرتنی وێنەی گونجاو بۆ بابەتەکان یان وەدەستهێنانی لە بەشی زانیاری هەواڵ و بابەتەکانەوە

٦- ئامادەکردنی وێنەی دەستی روونکردنەوە و گوزارشتکردن و گاڵتەجاڕی

٧- ئامادەکردنی بابەتی رۆژنامەوانی بە کۆمەڵ و لە شێوەی هەواڵ و پێداچوونەوەیان

٨- روونکردنەوەی ئەو وێنە و نەخشەکارییانەی بڵاودەکرێنەوە

٩- لە رێگەی بەشی ئاگادارییەکانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئاگادارییەکان بدرێت بە هەموو جۆرەکانیەوە

١٠- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکان رۆژنامەکە و دەرهێنان و جێبەجێکردن و ناردنی لە سەر ماکێت بۆ ئامێرەکانی رۆژنامەکە و بڵاوکردنەوەیان.

١١-هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی رۆژنامەکە و دیاریکردنی دەسەلاٌتەکانی بلاٌوکردنەوەیان یانی هەڵسەنگاندن بۆ هەموو بابەتەکانی هەواڵ و نووسینەکان بکرێ و بە راپۆرتێك بەرزبکرێتەوە کە ئایا شایانی بلاٌوکردنەوەن یان نەخێر بۆ ئێستا یان دوای تەواوکردنیان یان بە کەڵکی بلاٌوکردنەوەنایەن

١٢-سەقامگیربوون لەسەر کەرەستەکانی نەخشەسازی و دەرچواندن (ماکێت) و ئاگادارییەکان و دابەشکردنیان بەسەر لاپەرە جۆراوجۆرەکاندا

١٣-دەرچواندنی رۆژنامە یانی ئامادەکردنی لاپەڕەی جۆراوجۆر بەپێی نەخشە و پلانی ژمارە، لە چوارچێوەی ئەو نەخشەسازییە بنەڕەتییەی لەسەری سەقامگیربووە، ئەوەش یانی دیاریکردنی شوێنی هەواڵەکان و بابەتەکانی رۆژنامەکە و ئاگادارییەکان لە رووپەڕی ئەو رۆژنامەیە لەگەڵ شێوازی چۆنێتی گونجاندنی شوێن بۆ هەریەکەیان. ئەوەش بە دیاریکردنی قەبارەی وشەی بەکارهێنراو بۆ هەر بابەتێکی رۆژنامەکە و فراوانکردنەوەی دێرەکانی وێنەی گونجاو لەگەڵیاندا

١٤-ناردنی بابەتی ئاگادارییە نووسراوەکان بۆ بەشی ریزبەندی و چاوپیاداخشاندنەوە و راستکردنەوەیان لە هەڵە و کەموکورتی گەر هەبوو

١٥-ناردنی وێنەکان بۆ بەشی وێنە و پیداچوونەوەیان

١٦-کۆکردنەوەی بابەتی وێنەیی و نووسراو بەپێی ئەو ماکێتەی لەسەری رێککەوتوون لە پرۆسەی ئامادەکاری و دەرهێناندا.

## هونەری دەرچوواندنی رۆژنامە

وەك هەنگاوی یەکەم لەو هەنگاوانەی کە دەهاوێژرێت بۆ دەرچوواندنی پرۆسەی رۆژنامە یەکی رۆژانە یان هەفتانە بەپێی ئەو لەسەررێککەوتنە، بە شێوازێکی هونەری رۆژنامەنووسیانە کە لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە کۆکراونەتەوە بە دروستی و گونجاوی و پاشتر پیاداچوونەوەی ورد و رێکخستنەوەیان و ئامادەکردنیان وەك بابەتێکی شیاو بۆ رۆژنامەکە. پاش ئەو وردبینی و پێداچوونەوانەش ئامادەدەکرێن بۆ چاپ و دەرچوواندن. بەمەش نووسەری رۆژنامەکە هەڵدەسێت بە ئەنجامدانی دوو کار پێکەوە، ئەوانەش نووسین (writing) و دەرچوواندن (Editing) و دەرچوواندنیش یانی ئامادەکردنی نووسینەکانیتر بۆ بلاۆکردنەوە و سەرنووسەری سەرکەوتووش ئەو کەسەیە کە سەرکەوتوودەبێت لە نووسینەکانیدا بە زمانێکی گونجاو و بابەتێکی رۆژنامە وانی دێنێتەبەرهەم و هونەری نووسینی رۆژنامە یانی دەرچواندنی وەك هونەری نووسین جیاوازە لە هونەری نووسینی زانستییانە، ئەمەی دواییان پشت بە زاراوەی زانستیانە دەبەستێت یان هونەرێکی وردی سنوردار، بە جۆرێك کەس لێی تێناگات تەنها پسپۆرە وردبینەکان نەبێت و جیاوازیشە نووسینی ئەدەبیانە کە پشت بە خەیاڵ و رەوانبێژی زارەکی دەبەستێت، لەگەڵ ورووژاندنی هەستی ئایندە و ئاراستەی لە دووگەڕاوی خۆشی و جوانییەکانی بیر.

دەرچواندنی رۆژنامە لەسەر شێوازی ئەدەبی و زانستی و زمانی ناوەڕاست (وەك هەندێك پێی دەڵێن) بە زمانی رۆژنامەگەری و راگەیاندن بەو جۆرەی کە خوێنەری ئاسایی تێدەگات و دارشتنێکی جیاوازی هونەری ئاسان دەقی ناواخنی رۆژنامەگەرییە و دەرچواندنی رۆژنامە جۆرێکە لە جۆرەکانی پەخشانی

لاساییکردنەوە (سادە- زانستی- هونەری ) کە پەخشانێکی زانستی یان رۆژنامەوانییە، ئەوەش پاش سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری لە سەدەی نۆزدەیەمدا بوو. وتیان ئەمجۆرە پەخشانەش لە نیوەڕێگای نێوان پەخشانی هونەری یانی زمانی ئەدەبی و پەخشانی سادە یانی زمانی گفتو گۆی رۆژانەدادەوەستێتەوە. بەو تێگەیشتنەش لە پەخشانی زانستی و رۆژنامە گەرییە. هەر ئەمەش بوو وای لە هەندێ مامۆستای رۆژنامەوانی کرد کە بە زمانی رۆژنامەگەری بڵێن (ئەدەبی بەپەلە —الادب العاجل ) یان وەك هەندێکیان دەیانوت ئەدەبی مردوو.

## شێوازی رۆژنامەگەری

واقیعی رۆژنامەگەری دەڵێت شێوازێکی رۆژنامەگەری یان شێوازێکی دیاریکراو هەیە کە روخساری رۆژنامەگەرییە و ئەم شێوازەش لە گەلێك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵن کە پەیوەندی بە سروشتی رۆژنامەگەرییەوە هەیە وەك ئامرازێکی پەیوەندی بە گوێرەی قەبارەی ئەو رۆژنامەیە و رووبەری دیاریکراو و لایەنی تەکنیکی و سروشتی سووڕی دەرچوونەکەی یان دیارکردینی کاتی دەرچوون کە پێویستی بە خێرایی و کورتکردنەوە و دیققەت تیاکردن هەیە لە چوارچێوەی ئەرکە گشتییەکاندا کە ئەویش گوزارشتە لەو رووداوانەی کە روودەدەن لە ژیانی رۆژانەدا وك پێی دەڵێن ئەرکەکانی هەواڵ، وك ئەرکێکی بنەڕەتی کە هەڵدەسێت بە گواستنەوەی هەواڵەکان بۆ چینەکانی رای گشتی و دەرچواندنی رۆژنامە شەقڵ و شێوازێکی جیاواز دەگرێتەخۆ کە بنەمایەکی زانراوی هەیە و لە کۆتاییدا بابەتی رۆژنامەوانی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە و وێنە و نەخسەسازی هەمە چەشنەش دەکرێتەخۆ.

## لایەنەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ

ڕێبازی هەندێ ڕۆژنامە پێش هەمووشت پشت بە ڕاستی دەبەستێت و ڕاستی هەواڵەکەش دەسەلمێنێت و هەندێکیشیان لەسەر بنەمای وەك دەڵێن دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەری بنەمای خۆیان بنیاتدەنێن. تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەدا قوربانیش بدا بۆ سەلماندنی ڕاستی هەواڵەکە.

ئەو دوو ڕێبازەش پشت بە ڕاستییەکی دەروونی دەبەستێت لای خوێنەر، دەستپێشخەرەکان گرەو لە سەر خۆتێهەڵقورتاندنی مرۆڤ دەکەن، لە گەڵ ئارەزووی پەیپێبردن و زانینی نهێنییەکان و کاری سەرسوورهێنەرانە و تێرکردنی هەوەس یان قایلکردنی خواستەکانی مرۆڤ و ڕێبازی سەلماندن زۆرترین ڕاستگۆییە لە ڕۆژنامەگەرییدا وەك ڕێزێك لە پەیامەکەی لە گەڵ ڕێزێك بۆ خوێنەرانی، خاوەنی ئەم ڕێبازانەش وایدەبینن کە ڕۆژنامەکەیان تەنها ئامرازێکە بۆ ئاگاداری بەڵکو تۆمارێکە بۆ مێژوو دواتر لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا دواخستن و پشتگوێخستنیان نییە وەك گوێدانە ئەوەی پێشتر لە ڕۆژنامەکانیتردا بڵاوکرانەتەوە بۆ نموونە هەندێ ڕۆژنامە بایەخ بەو هەواڵانە نادات کە پێشتر بڵاوکرانەتەوە لە شوێنێکی دیاری و بەرچاودا.

جارێکیان هەندێ ڕۆژنامەی (قاهیرە) هەواڵێکیان بڵاوکردەوە کە لە یەکێك لە ئاژانسەکانی هەواڵەوە وەریانگرتبوو ئەویش هەواڵی مردنی (سوڵتان پاشای کەڕ)و سەرۆکی درزییەکان، ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەکانا بڵاوکرانەوە، بەڵام ڕۆژنامەی ئەهرام هەواڵەکەی پشتگوێخست، سەرنووسەری ڕۆژنامەکەش کە ئەو کاتە (ئەنتوان جەمیل پاشا) هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە وتی: (ئەوەی لە ئەهرامدا نەمرێت، نەمردووە) بە کردەوەش ئەهرام ئەو هەواڵەی وەك

رۆژنامەکانیتر لە هەمان ئاژانسەوە پێگەیشتبوو بەڵام سەرنووسەرەکەی پەیوەندی بە سەرچاوە عەرەبی و دیبلۆماسییەکانەوە لە قاهیرە کرد بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە پێش بڵاوکردنەوەی بەڵام بە درۆیانخستەوە و بێئاگایی خۆیان لەم شتە راگەیاند. دوای رۆژێك هەمان ئاژانس داوای لێبوردنی کرد بۆ راستکردنەوەی و وتیان ئەوەی کە مرد باوکی سوڵتان پاشای کەڕ بووە نەك سەرۆك هۆزی (درزی) خۆی.. بەمجۆرە رۆژنامەی ئەهرام سەلماندنی رۆژنامەگەری و رێزگرتنی خوێنەرانی بە لاوە گرنگ بووە نەك دەستپێشخەری (سەبەق)ی رۆژنامەکە، بێگومان چاکترە کۆکبوون لە سەر راستگۆیی و دروستیبوونی هەواڵ نەك دەستپێشخەری وەك ئەوەی رۆژنامەکە کردی، سەلماندن و راستی هەواڵیش ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقییە متمانەی خوێنەر و رێزگرتنیان سەرمایەیەکی گەورەی ئەدەبی رۆژنامەگەرییە.

## رووماڵکرنی هەواڵ

ئەو پرۆسەیەیە کە رۆژنامەنووس لە میانەیدا زانیاری دەستدەکەوێت بە درێژی گۆڕانکارییەکان و لایەنە جیاوازەکانی رووداوەکان یان لێدوان یان بە واتایەکیتر وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لە مێشکی خوێنەرانیدایە سەبارەت بەو رووداوە یان لێدووانە، پاشتر ئەو زانیارییانە تاوتوێدەکرێن و بڵاودەکرێنەوە، بە شێوەیەکی گونجاوی رۆژنامەنووسییانە، لەم رووەشەوە چەند شێوازێکی رووماڵکردنی هەواڵ بەو ئاراستە و ناواخنەوە هەیە لەوانە:

## ڕووماڵکردنی بێلایەن objective news reporting

لە میانەیدا ڕۆژنامەنووس تەنها ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو یانی چیرۆکە هەواڵی بابەتییانەی دوور لە هەموو رەگەزێکی خودی کەسەکە و لایەنگیریکردنی یانی ڕاستییە بنەڕەتییەکان دەخاتە پێشچاوی خوێنەر لەگەڵ ئەو زانیارییانەی پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، بێ قووڵبوونەوەی رەهەندی تازە یان خۆتێهەڵقورتاندن بە رای خۆی و باکگراوند بۆ داڕشتن بە ئارەزوو لە سەر میزاج.

## ڕووماڵکردنی ڕاڤەکردن interpretavie news reporting

لە میانەیدا ڕۆژنامەنووس زانیاری یارمەتیدەر یان ڕاڤەکردن کۆدەکاتەوە ئەمەش لە پاڵ ڕاستییە بنەڕەتییەکانی چیرۆکە هەواڵەکاندا بە ئامانجی شیکردنەوەی هەواڵ لێدوان لەسەریان. بە مەبەستی خزمەتگەیاندن بە خوێنەر، ئەوانەی کاتیان نییە بۆ گەڕان بە دوایدا، بە مەرجێك ئەو ڕووماڵکردنە هەموو وردەکارییەکان بگرێتەخۆ و گشت لایەنەکانی دابپۆشێت کە پەیوەندیان بە ڕووداوەکەوە هەیە، هەر لە پێناسەی شوێن و کەسانەکەوە تا وەبیرهێنانەی هەندێ زانیاری جوگرافیا و مێژوویی و ئابووری و سیاسی لەسەر ئەو شوێن و وڵاتەی کە ڕووداوەکەی تیاڕوودەادت و شیکردنەوەی هۆکارەکان و پاڵپێوەنەر و ئاکام و ئاسەوارە چاوەڕوانکراوەکانی لەگەڵ پێکەوە بەستنەوەی ڕووداوەکە بە هاوشێوەکانی.

## ڕووماڵکردنی لایەنگیر advocacy news reporting

لەم ڕووماڵکردنەدا ڕۆژنامەنووس تەنها بایەخ بە لایەنێکی دیاریکراو دەدات لە هەواڵدا، هەندێ ڕاستی دەقرتێنێ یان زیادەڕەوی لە هەندێکیاندا

دەکات یان هەندێ راستی دەشێوێنێ یان بە ئارەزووی خۆی هەواڵەکە دادەڕێژێ. ئامانجیش لەم رووماڵکردنە رەنگکردن و تێکشکاندنی هەواڵەکەیە.

**هونەری ئاگاداری رۆژنامە:**

ئاگاداری رێژەی لە ٦٥٪ ی رۆژنامەگەری دنیای داگیرکردووە و نزیکەی لە ٦٠٪ ی داهاتیان لە ئاگادارییەکانیانەوە سەرچاوەدەگرێت و راگەیاندن سێ رۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە رۆژنامەگەرییدا چ بۆ رۆژنامەکە و چ بۆ خوێنەرانیش و ئامادەکردنی ئاگاداری بۆ رۆژنامە هونەرێکە بایەخی خۆی هەیە لە شێوازی دەرچواندندا، هەمان شت لە بڵاوکردنەوەشدا کە ئەویش پەیوەندی بە سەلیقەی رۆژنامەنووسییەوە هەیە لە هەر رۆژنامە و گۆڤارێکدا و کەرەستە و بابەتی زۆری ئاگاداریش لە رۆژنامەدا هەیە. لەوانە ئاگاداری رووپێو، ئاگاداری رۆژنامەنووسی یان ئاگاداری بە پاشکۆی رۆژنامەکەوە یان شێوەکارت یان پۆستەر یان نموونەیەك لە خودی دەرهێنەرەوە.

**سەرچاوە:**
www.yabeyrouth.com